# چوار

# دەوڵەتی کورد

هەواڵنامەی کتێب

**چوار دەوڵەتی فەرامۆشکراوی نەناسراو**
**دونبولی، شاهێنی، شوانکارە، میننەتشاهی**

نووسینی:
مەلا جەمیل رۆژبەیانی

هەولێر ٢٠٠٠

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی رۆشنبیری
ژمارە (١١٩)

هەواڵنامەی کتێب

# چوار دەوڵەتی کورد

چوار دەولەتی فەرامۆشکراوی نەناسراو

مەلا جەمیل رۆژبەیانی

کۆمپیوتەر : نووسینگەی رواندوز
سەرپەرشتی چاپ :سەعد شکاک
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری - هەولێر
ژمارەی سپاردنی ١٠٣ ی ساڵی ٢٠٠٠ لەکتێبخانەی نیشتمانی دراوەتێ

## بەناوی ئێزەدی میهرەبان

**خوێنەرانی هێژا!**

**خوێندەوارانی رۆشنبیری کورد!**

یادێکی نەتەوە کۆنەکان بکەنەوە کە ئێسک و پوستیان بۆتە خۆڵ، بەڵام باسی مێژوویان لە سەر بەردی رەق دەرس دائەدا بۆ نەتەوەکانی دوای خۆیان پشتاوپشت، تا هێزی گەرمیی لە خۆری میهرەبانی بەخشا ئەمێنێ و ئەڵێ: ئەوەی نەتەوە زیندوو ئەهێڵێ مێژووە، مێژوو!

سەرنجێکی تەورات بدەن کە جولەکەو گاورو موسوڵمان بە پەیامێکی خوایی ئەزانن، پڕە لە باس و هەواڵی مێژوویی..

سەیرێکی قورئان بکەن نەک هەر باس و هەواڵی مێژوویی لەخۆ گرتووە، بەڵکو فەرمان ئەدا: کە باسی مێژوویی بدە بە گوێی نەتەوەکەتا با ئەزموون وەربگرن و، هۆشیان بێتەوە سەرخۆیان.

راستە، کە زۆر لە رۆڵەیانی هەموو نەتەوەیێک کەسانێکی تێدایە خوویان داوەتە شیعر وتن، تەنانەت نەتەوەی عەرەب کە بلیمەتی وەکو «جەواهیری» هێناوەتەدی..

زۆر لە کوڕانی هەندێ نەتەوە بە پەخشان و بە هەڵبەست خوویان داوەتە داستان هێنانە بەرهەم، ئەوەتا ئەبینین بلیمەتی وەکو «نیظامی گەنجەوی» هەڵکەوتووە، کە کورد و فارس و ئازەری شانازی پێوە دەکەن و هەریەکەیان بەهی خۆی ئەزانێ.

زۆر لە رۆڵەیانی هەندێ نەتەوە خوویان داوەتە چیرۆک و رۆمان نووسی، ئا ئەوەتا بیلمەتێکی وەکو «یەشار کەمال» جۆرێ بە چیرۆک، خوێنەرەوە دێنێتە سەما، یا دەهینێتە گریان، کە دەوڵەتەکەی خۆی دێنێتە لەرزین.

کاری ئەمانەی کە وتم سەراپا، خزمەتی مێژووی تیایەو جاوید ئەمێنێتەوە.

بەڵام ئەوانەی کە خۆیان ماندو ئەکەن، هەزارەها لاپەڕەی مێژووە کۆنەکان هەڵئەدەنەوەو باسی هەواڵێکی دیرێکی نەتەوەکەیان پەیدا ئەکەن بەراستی خزمەتیان خزمەتی ئەو پێشمەرگەیانەیە کە خۆیان لەرێی وڵات بەخت ئەکەن و ناوی شەهیدیی ئەبەن.

ئەم سیپارەیەی کە دەکەوێتە بەرچاوتان مێژووی چوار دەوڵەتی کورد، روون دەکاتەوە کەزۆر کەم ناسراون، باس و هەواڵیان بە هەزارەها لاپەڕەی کتێبە مێژووە کۆنەکانا پەرت بۆتەوە، هەندێکی بەرچاوی مێژوونووسان کەوتووەو زۆریشی نەبینراوە، هیوایە ببێ بە سەرمەشقێ بۆ گەنجە رۆشنبیرەکان، خۆیان ماندوو بکەن بۆ خوێندنەوەی چەندین بەرگی «تجارب الامم، طەبەری، ئەلکامل، عیون التأریخ، تاد...» کە بتوانن سەر بەهوردی سەدان مەردی نەناسراوی نەتەوەکەیان لەژێر چەوو بەردی فەرامۆشی بهێننەدەر.

ئەم سیپارەیە، پێشکەش دەکەم بەرەوانی پاکژی حوسەین حوزنی، ئەمین زەکی، تەوفیق وەهبی، مەلامەحمودی بایەزیدی و تاجی سەری مێژوونووسانی کورد ئەمیر شەرەفخانی بتلیسی، هەر لەم هەلەدا یادی خێری محەمەد عەلی عەونی، فەرەج اللازەکی، عەلی سیدو گورانی، رەفیق حیلمی دەکەمەوە، کە ئێمەیان خستە سەر رێی خوێندنەوەی مێژووی کورد، نەوازشیشم بۆ هەوالانم مامۆستا عەلاء سەجادی و هەژاری موکریانی کە بەشی خۆیان خزمەتی رۆشنبیریی و مێژوویان کرد.. ئیتر لەسەر خوا.

**م. جەمیل رۆژبەیانی**
**١٩٩٨/١٢/١٥**
**٢٤/سەرماوەز/٢٦٩٨**

هەواڵنامەی کتێب

## فەرمانڕەوایی
## دونبولی لە تەورێزو
## دەوروبەریدا

هەواڵنامەی کتێب

# فەرمانڕەوایی
# دونبولی لە تەوریزو دەوروبەریدا.

به ناوی ئیزەدی میهرەبان

مێـژوو ئاوێنەییێکە راستـەقینەی شت ئەنوێنێ، کـەس ناتوانێ خـۆی لەبەر شەوقی بشارێتەوەو، نەژادی خۆی بگۆڕێ..

زۆر لە شـۆڤـێنیـیەکانی عـەرەب، تورک،و فـارس هەوڵیـان داوە کـورد بەلای خـۆیانا بشکێنن، بەڵام زبان و یاسـاو خـو و رەوشـتـیـان هەمـیشـە لەیەک جـیـایان کـردوونەوە؛ ئافـەرین بۆ ئەو شـاعـیـرەی کـە وتویە: (کـورد ئەوەندە کوردن بە سەد شەیتان لە کوردی ناکەون)

ئیکە خەلقی بۆچی بۆ خۆی دەردی سەر پەیدا ئەکا)

هەولێرنامەی کتێب

سەرەتا:

کـوردەواری ووتویانە: «هەرچی رێیـە هەر بەرەو بانە ئەچێ» ئێـسـتـەش دەڵێن:

«خـامـەو پێنووسی نووسـەری کـورد هەر بەلای باسی کـوردەواریدا ئەکشێ»!

بەڵێ! لەم جـیـهـانـی خـۆرهەلاتی ناوەندەدا ئەم نەتەوە کـوردەی ئێـمـە یەکـەم نەتەوەیە بێ ئەوەی کـە قەرالێتییەکی داگیرکاری بوبێ، توانیوبەتی بە هۆی ژیانی خـێـڵـەکی و کـۆچەری یەوە بە سـەر خـاک و زەوی‌یەکی زۆرو زەبەندەو پان و پۆڕدا، لە هەرێمـە چیـاییـەکـانی زاگـرۆس و خـوارو ژوریا قـەڵەمڕەوی خۆی پەرە پێ بدات و لە خاکە هاوسێیەکانیدا سەر هەڵبدات و جـارە نا جـارێ تەنگی پێ هەڵبـچنن و لە قـاوغـەکـەی خـۆی توندی بکەنەوە..

ئەوەی راسـتـی بێ مـێـژوو سـەیری لەم نەتەوەیە دێت و جـار جـارەش

ڕەنگە بۆ ڕابوردووی بگری و جار جارەش سەرگوزەشتی بکات بە شریتی سینەماو هەڵی خات و بیدا بە بەرچاوەی خەڵکاو بۆ پەندی زەمانە بیکا بە خەندەی ڕۆژگار!

ئەمەشە ناهەق نییە، ئەو ڕۆڵە ئازایانەی کە بە شایەتیی «ئێکزەنفۆن» چاکترین جەنگاوەری سەرزەمین و گورجو گۆڵترین کوڕگەلی بەرەی ئادەمیزاد بوون هەندێکیان هەمیشە بەرامبەر بە مەرحەبای بێگانە، شکۆو ئەوڕەنگی خۆیان دۆڕاندووەو پشتیان کردۆتە نەتەوەکەی خۆیان و لەبەر خاتری دەسەڵاتی بێگانە وازیان لە زمانەکەی خۆیان هێناوەو بە جۆرێ خزمەتی بێگانەیان گرتۆتە مل و تیا پێشکەوتوون کەڕۆڵەکانی خودی ئەو گەلانە نەیان کردووە، نەک هەرئەوە بەڵکو خۆیان دەربارەی نەتەوەکەی خۆیان ئەوەندە سەختگیرو دوژمن بوون کە هەزاران «ئەبوریغال»-یا موشیر- تۆزی قولەپێی نەشکاندوون.

یەکێ لەم کۆمەڵانەی کوردەوارییە تیرەی «دونبولی»ی کوردی ئازەربایجانی ئێرانە، ئەم دونبولییانە لە بنەڕەتا زمانیان «گۆرانی»و ڕچی ئایینییان «ئێزەدی = یەزیدی» بووەو، بۆ زۆر هەرێم پەلیان وەشاندووەو لە «قووچانی» خوراسانەوە تا «دەرسیم» و «ئاگرین داغ»و هەر لە چیای «داسن»و دەشتی «شام»و سنجارەوە تا «ئازەربایجان»و «تەفلیسی گورجستان»، بەڵام سەرئەنجام ئەوانەی کەوتوونە «ئازەربایجان» لە دەورانی «ئاق قویونلوو»دا کاندا لە ترسی ئەوان و لەوە پاشتر لە ترسی «صەفەوییە کۆنە کوردەکان»، هەم لە شیعەیێتییان تۆخ بوون و هەم لەبەر خاتری عێلە «ئاق قویونلوو قزلباشەکان» بوون بە تورکێکی یەکجار تورک..

ئا ئەمەیە کە کوردەواری بە شتی زۆر سەیر ئەڵێن «بەخوا سەیرە لە کۆیە». کۆمەڵەیێکی کوردی ئێزەدیی گۆران زمان، موسڵمان دەبن، لە سەرەتادا ڕچی ئایینیی شافیعی وەرئەگرن، پاشان ئەبن بە شیعەیێکی دوو زەردێنە «موغال»و زمانە گۆرانییەکەیان ئەگۆڕن بە تورکی، هەروەک بنەماڵەی صەفەوی و زۆری تریش ئەمەیان کرد.!

بەڵام سەیرە؟ ! ! لەم جیهانەی ئێمەدا زۆر بووە بنەماڵەیێ یا چەند بنەماڵەیێ کەوتوونە ناو نەتەوەییێکی گەورەی بێگانەوە پاش چەند پشتێ زەمانە رەگەزییەکەی خۆیان و رچە ئایینییەکەی خۆیان لە بیرکردووەو پەیرەویان لە زمان و رچی ئایینیی ئەو نەتەوە گەورەیە کردووە، بەڵام هەرگیز رووی نەداوە کەکۆمەڵەییێکی زۆر گەورەی هەزارەها ماڵی لە ترسی دەسەڵاتی بێگانە یا داگیرکار، یا لەبەر خاتری رووییێکی خۆش و مەرحەبایێ هەم زمانی نەتەوەیی خۆی بگۆڕێ و هەم واز لە رچی ئایینییەکەی بهێنێ!

ئنجا با بزانین دونبولی کێن و لە چ رەگەزێکن!:

«مەسعودی» - کە نووسەری «مروج الذهب»و دەیان کتێبی دیکەی هەیە گوتویە:

ئەو تیرە کوردانەی کە لە وڵاتی شامدا خاوەن جێ و مەڵبەند بوون، وەکو دونبولی‌یەکان ئەوانە بە پێی وتەی بەربلاو: لە رەچەڵەکی موضەری - کوڕی نزارن[1].

ئەم بیروباوەڕەی مەسعوودی هەر لەم بیروباوەڕانەیە، کە لەم دواییەدا عەبباس عەزاوی بڵاوی دەکردەوە، کە گوایا «مزوری موضەرن و جاف و زەنگەنە بەنی ئەسەدن..»

بەڕاستی سەیرە!! دەیان عێل و خێڵی هەزارەها ماڵی بە رچەڵەک ببرێنەوە سەر کابرایێ..!

صدیق ئەلدەمەلۆجی لە کتێبی «ئەلیەزیدیە»ی خۆیدا نووسیویە: «ئەو عێلە یەزیدییانەی کە پێیان ئەوترێ «دونبولیی بوخت» - یا دونبولیی بۆتان ئەوانە تا ئەمڕۆ لەسەر ئایینی یەزیدی ماونەوە[2]. مەجدالدین فەیرووز ئابادی، نووسەری فەرهەنگی «القاموس المحیط»ی عەرەبی، کە خۆی یەکێکە لە رۆڵەیانی شوانکارەی کوردی ئێران و ساڵی ٨١٦ک (١٤١٣ز) مردووە نووسیویە:

«دونبول، کە هاوسەنگی قونفوذە، ناوی تیرەییێکە لە کوردەکانی

دەوروبەری موصل [٣].

دێهخوداش لە لوغەتنامەکەیدا نووسیویە «دونبول ناوی چیاییێکە لە چیاکانی دەوروبەری «دیاربەکر»، سەرانی دونبولییەکانی ئازەربایجان لە بنەڕەتا سەر بەم هەرێمەن و لە ناو کوردەواریدا بە «دومەلی زازا» بە ناوبانگن [٤]، وادیارە دومەلەک کە جۆرە تەپلێکی درێژکارەو یەکێکە لە کەرەسە مۆسیقییەکانی ئەمڕۆ، لە بنەڕەتا داهێنراوی ئەم تیرەیە بێت.

عەبدولڕەزاق بەگی دونبولی [٥]، کە نووسەری کتێبی «ریاض الجەننەت»و چەندین کتێبی ترە وتویە:

دونبولییەکان بە ریشە ئەچنەوە سەر «بەرمەکی»یەکان و لە نەتەوەی «یەحیا»ن کە چوار کوڕی هەبووە: جەعفەر، محەمەد، فەضل و مووسا، چوارەم خۆی و نەوەکانی نزیکەی ١٥٠ ساڵێ والیی دەوروبەری شام بوون و لەم بنەماڵەیە «عیسا بەگ دونبولی» ناوی هەڵکەوتووە کە بەنازناوی «ئەبو موسای دووەم ناسراوە..» ئنجا ئەم بنەماڵەیە بە رچەڵەک ئەبات بەرەو ژوور تا «نەوشیروان»ی ساسانی. وادیارە عەبدالرەزاق بەگ باسی عیسای لە کتێبی «ئەنساب الئەکراد»ی ئەبو حەنیفەی دینەوەرییەوە وەرگرتووە، کە وتویە ئەمیرانی دونبولی بە بنەچەکە ئەچنەوە سەر عیسا کە نەوەی بەرمەکیێکانی وەزیری عەبباسییەکان بووە [٦].

ئەم نەخۆشییە، کە خۆهەڵواسینە بە بنەماڵەیێکی بە دەسەڵاتا- لە هەموو خۆرهەڵاتی ناوەندا درمێکی سەیر بووە، هەندێ خۆیان بردۆتەوە سەر کەیان، ساسانی، قورەیشی، هاشمی، عەبباسی، ئومەوی، عومەری، عەلەوی، خالیدی، ئەنصار، رەبیعە، قەیس، بەرمەکی... تاد. کە هەموویان ئەم کارەیان هەر بۆ ئەوە کردووە لەم نازناوانە سوودوەرگرن و خۆیان بۆ خزمەتی خاوەن دەسەڵاتێ ببەنە پێشەوە... هەیە بۆ خۆ خۆشەویست کردن لەلای شیعە ئەمڕۆ ملیۆنەها کەس پەڕۆیەکی سەوزی بە سەرەوە بەستووەو خۆی لێ کردووین بە «ئەولادی پێغەمبەر-»!! هەزار رەحمەت لە گۆڕی شێخ مەحمودی شوربجە لە کتێبی «بەحر

الئەنساب»ەکەیدا نووسیویە: خەڵقی فلاَنەدێ شەجەرەییێکیان بە بارێ تەپاڵە کرپوەو خەڵقی فیسارە ئاوایی بە بارێ خەڵووز..

ئەمیر شەرەفخانی بتلیسی کە بەشێکی لە شەرەفنامەدا تەرخان کردووە بۆ فەرمانڕەواییێتی دونبولی، نووسیویە:

«کابراییێکی عیسا ناو کۆچی کردۆتە ئازەربایجان و عێڵ و خێڵی لێ کۆبووەتەوەو فەرمانڕەواییەکی دامەزراندووە، سەرانی ئەم عێڵ و خێڵانە لە سەرەتادا هەموو «یەزیدی» بوون[٧].

ئەم ئایینە کۆنەی کوردەوارییە ئەگەڕێتەوە بۆ هەزارەها ساڵ لەمەوبەر کە کوردەکان وەکو هیندۆ ئارییەکان، دیڤاو شەیدایان پەرستووە، پاش هەزاران ساڵ زەردەشت هاتووە لەم ئایینانەدا دەسکاری کردووە «ئێزەدو ئەهریمەنی» هێناوەتە نێو، یەزیدییەکان، گەرچی ناوی «ئێزەدی»یان بە خۆیانەوە بەستووە، بەلاَم وازیان لە «دیڤا، شیدا» نەهێناوە، ئا ئەوەتا «دیڤا» بوو بە دیاوس «تاووس». «طاوس مەلەک»و «شیدا»ش بووە بە «شیدان، شەیتان، شەیطان»و تا ئێستا هەردوویان لەلای ئەوان هەر پیرۆزو مەزنن، بەلاَم پاش هاتنی ئیسلام لە دەورانی فەرمانڕەواییێتی «یەزید»ی کوڕی مەعاویەدا، سەرانی هەڵپەرستی ئەو خێڵانە «هەر وەکو سەرانی هەڵپەرستی هەموو کەماییێتییەکان» بۆ خۆ بردنە پێشەوەو کولێرە رفاندن، ناوە «ئیزەدییان گۆڕیوە بە «یەزیدی[٨]»و کوڕانی خۆیان بە ناوی خولەفای ئەمەوییەوە ناو ناوە: «مەعاویە، یەزید، وەلید، مەروان، حەکەم، عەبدوالعزیز تاد».

دونبولییە یەزیدییەکان، لە سەرەتادا کە موسوڵمان بوون پەیڕەوییان لە رچی ئایینی «شافیعی» کردووە، فەیرووز ئابادی خاوەنی قامووس نووسیویە: «دونبولییەکان لە سەرەتادا سەر بە ڕچی شافیعی بوون و زانای بەناوبانگی وەک ئەحمەد کوڕی نەصیری زانای ڕچی شافیعی و، عەلی کوڕی بەکری کوڕی سلێمانی فەرمایشتەوان «محدّث»یان تیا هەڵکەوتووە[٩]، پاش ئەوەی کە بوون بە شیعەش زانای وەکو ئیبراهیم

کوڕی حوسەینی دونبولییان تیا بینراوە، کە بەسەر نەهج البەلاغەوە شەرحێکی دوورو درێژیان نووسیوە[١٠]، بەڵام وا دیارە دونبولییەکانی گورجستان یا تەفلیس هێشتا ئایینی کۆنی یەزیدییان واز لێ نەهێناوە، ساڵی ١٩٥٩ ز کە لە یەکێتی سۆڤییەت بووین و، لە ئوتێلی ئۆکراینا دابەزێنرابووین، من و شێخ لەطیفی حەفید زادەی بەرزنجەیی بۆ پیاسەو چاوگێڕان بە یەکێ لە خواردنگەکانی ناو ئوتێلەکەدا -کە یەکجار زل و بەربڵاو بوو- ئەسووڕاین، لە پڕ دوو کابرا روویان تێ کردین و فەرموویان لێ کردین، کە میوانیان بین، ئێمە نەمان توانی باش بە کوردی یەکەی ئەوان لەگەڵیان بدوێین، لەو حاڵەدا دوکتۆر حەسەنی حیسامی گەییە فریامانا، تێی گەیاندن کە ئێمە میوانی میرین و ناتوانین خولکە گەرمەکەی ئەوان وەرگرین، ئنجا یەکێکیان لێی پرسیم: «ئەزبەنی تو شێخ تەحسینی دەناسی؟ وتم: بەلێ، وتی: بە ئەڤی بێژە عرووساتی هەمی کافرن، مەلەک طاووس قەبویل نینە، با ئێمە رزگار بکاتن.»، دیارە کە ئەوان بە دزییەوە هەم «مەلەک طاووسیان ئەپەرست هەم باوەڕیان بە کتێبی پیرۆزی مەزدارۆژ «مصحەف ڕەش هەبو» هەروەکو یەزیدی یەکانی وولاتی کوردەواری.

بالێرەدا ئەوە روون بکەمەوە، کە شێخ لەطیف ئەو حەلە شەروال و مرادخانی لەبەربوو منیش جبەو مێزەر، بۆیە بە جلەکەدا ئێمەیان ناسیبو.. ئەمەش لای من سەیر نەبوو بە کۆلانێکی شاری طاشکەندی ئوزبەگستانیشا جارێکیان رائەبوردین، چەند پیرەژنێ تاویان دا جبەکەیان ماچ کردم..

**عیسا ئەبو موساکێ بوو!**

ئەمیر شەرەفخانی بتلیسی نووسیوبە: «کابرایێکی عیسا موسا ناو کە لە یەکێ لەم هەرێمانەدا نیشتەجێ بووە «حەکاری یا -جەزیرو بۆتان- یا ولاتی» نیشتمانەکەی خۆی بەجێ هێشتووەو لەگەڵ تیرەکەی خۆیا کۆچی کردۆتە ئاذەربایجان، پادشایانی ئەو سەردەمە هەرێمی «سەگمەن ئاوا»یان

داوەتێ کە خۆی و عێڵەکانی تیا نیشتەجێ بن و، خەریکی کشتوکاڵ و مێگەل و ئاژەڵ بەخێوکردن بن..[11]».

عەبدوالرەزاق بەگی دونبولی نووسیویە: بنەماڵەی مووسای بەرمەکی «١٥٠» ساڵێکی رەبەق والیی شام بوون، ئەمیر عیسای کوڕی کاتێ کە هارون رەشید رقی لەم بنەماڵەیە هەستاوەو دەستووری داوە بە قەڵاچۆیان، هەڵاتووەو خۆی گەیاندۆتە نێو چیاکانی کوردستان و لەوێ بە دزییەوە جێ نشین بووە، پاش ماوەیێ لەگەڵ برێ ماڵە دونبولیدا رووی کردۆتە ئازەربایجان و لەوێ دەسەڵاتی پەیدا کردووەو فەرمانڕەواییەکی دامەزراندووەو پتر لە سی هەزار کەسێکی تیرەکانی دونبولی چوونە لای هەرێمەکانی «قوتور- ئاوا- جیق- نەخچەوان- وشروورو هی دیکەی خستۆتە ژێر دەسەلاتیەوە[12]».

قسەکانی عەبدوالرەزاق بەگ وڕاوەو خۆ هەڵواسینە بە بنەماڵەی بەرمەکییەوەو، لە بنەچەوە درۆیە. بنەماڵەی بەرمەکی لە سەردەمی خەلافەتی عەبباسییان تەنیاحەودە ساڵێ خۆشبەخت بوون و موسای کوڕی یەحیای بەرمەکیش پاش کوژرانی جەعفەری برای خرایە زیندان و سەر ئەنجامی نەزانراوە.. جگە لەوەش لەسەردەمی بەرایی دەورانی عەبباسیدا هیچ وەزیرو سەرەک وەزیرانێ نازناوی پادشای نەبووە، تا دەورانی «ئال بوویە» کە دەکاتە نیوەی سەدەی چوارەمی کۆچیی، کە ئەوە بەڕاست بزانرێ کە پادشایێ ئەو هەرێمەی داونێ.

هەرچۆن ببێ رەنگە ئەم عیسایە هەر ئەو عیسایە بێت کە «ئەمین زەکی» ناوی ناوە، میر عیسای بە «صلاح الدین» بە ناوبانگ،کە گوایە سەد هەزار خێزانی کوردی یەزیدی گوێزاوەتەوە بۆ ئازەربایجان[13]، من ئەم هەواڵەم لە پەراوێزەکانی شەرەفنامەدا باس کردووە[14]، بەلام لەوێش هەر سەرچاوەم کتێبەکانی «ئەمین زەکی بەگی» بە هەشتییە کە ئەو لە ئاثاری شیعەی ئیمامیە وەریگرتووە.

## ناودارانی دونبولی

مامۆستا ئەمین زەکی بەگ نووسیویە: تیرەی دونبولی چەند لق و پۆپی لێ بوەتەوە، بەو هۆیەوە کە لە سەردەمی «مەئمون»ی عەبباسی و تەیمووری لەنگ و سولطان سەلیمی عوسمانی و سەفەوییەکانا تەرتە وەرتە کراون بۆ خۆراسان، قووچان، شیروان، گەنجە، قەرەباغ، قەرەجەداغ و ولاتانی تر، بوون بە چەندین عێل و خێل، وەکو «دونبولی یەحیایی، دونبولی شەمسکی، دونبولی عیسا بەگ حوویی، دونبولی ئەییوبخانی، دونبولی بەگزادەیی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تیرەیە لەسەدەی چوارەمی کۆچییەوە تا سەدەی نۆیەمی کۆچی هەمیشە فەرمانڕەوایی سەربەخۆیان هەبووە[١٥].

## ئەمیر جەعفەری دونبولی یەکەمین

مەبەست لەم پیاوە جەعفەری کوڕی یەحیای بەرمەکی وەزیری هارون الرەشیدە. بەڵام من ئەم هەواڵەم پێ پڕوپووچە، جەعفەری بەرمەکی هەرگیز دونبولی نەبووە، ئەگەر کوردیش بووبێ «وەکی خێوی شەرەفنامە دیاردییەکی بۆ کردووە» لە کوردانی کۆنی دەوروبەری خوراسانە، هی پێش دەورانی ئیسلام. بەپێی باوەڕی من یەکەم جەعفەری دونبولی دەبێ ئەمیر جەعفەری کوڕی میر حەسەن[١٦] بێ کە لەسالانی «٢٢٦-٢٢٧»ی کۆچییدا دژی «ئەلموعتەصەم خەلیفەی عەبباسی راپەڕی، خەڵکێکی زۆری کەوتە دوو و موعتەصەم «عەبدوڵلای ئەزدی»ی ناردە مووسڵ و داوای لێکرد لەگەڵی بکەوێتە شەڕەوە، جەعفەر لەم حەلەدا لە «مانعیسی[١٧]» بوو، عەبدوڵلا بەسەریدا زاڵ بوو و مانعێسی لێ داگیرکرد، جەعفەر پەنای بردە چیای «داسن[١٨]»و لە گەلییەکی سەختا دامەزرا، عەبدوڵلا کەوتە دووی، جەعفەر هێزێکی زۆری کۆکردەوەو عەبدوڵلای راوناو بەشێکی زۆری سوپاکەی قڕکردو زۆر کەسی لێ بەدیل گرتن، یەکێکیان ئیسحاقی کوڕی ئەنەس بوو، کە مامی عەبدوڵلاو خەزووری خودی، جەعفەر بوو و هەموویانی کوشت، کە ئەم هەواڵانە گەییینە «موعتەصەم» دەستووری دا بە

ئیتاخ بە لەشکرەوە بچێتە سەری، جا ساڵی ٢٢٥[١٩] بوو کە چووە سەری و گەمارۆی داو کەوتە کورد قڕانکردن و هەموو فەقیر هەژاری کوردی بەدیلی نارد بۆ تکریت و جەعفەر لە تاوانا خۆی ژارخوار دکردو سەری دانەواند.

### میر محەمەدی «یامیر ئەحمەدی» دونبولی

ئەم میرە چوارەمین میری ئەم بنەماڵەی فەرمانڕەواییەیەو لە شامدا فەرمانڕەوا بووەو هەندێ دژو کۆنگەرەی لە هەرێمی حەکاریدا داگیر کردووەو گەلێ شوێنەواری گرنگی لێ بەجێ ماوە، کە خۆی دایمەزراندبوو. یەکێک لەوانە قەلاّی «بای»ە. پیاوێکی ئایینی و زانابووە، کتێبی زۆری دەربارەی زانست و هونەر داناوە. ساڵی ٣٨٧ک. «٩٩٧ز» مردووەو هەر لە قەلاّی «بای»دا نێژراوە[٢٠].

### میر سولەیمانی دونبولی

رابەری ئایینی و جیهانی بووەو دەسەلاّتی بەسەر هەندێ شارو هەرێمی کوردستان و شام و ئازەربایجاندا رۆیشتووە، لە سنجاردا بە ناوی خۆیەوە «سەرای سلێمان»ی دروستکردووەو زۆر دژو قەلاّی گرنگی دیکەش و زۆر خانەقاو قوتابخانەی ئایینیشی بنیات ناوە، کە روڵەکانی، زانین و هونەری تیا فێربن، گۆیا «شێخ رەجەب برسی» دانەری کتێبی «مەشارق الئەنوار» لە دۆستانی تایبەتی ئەو بووە[٢١]. ساڵی ٤١٠ک «١٠١٩ز» مردووە.

### میر جەعفەری دووەم

گۆیا کوڕی ئەمیر سلێمانە، سەرگوروشتی نەزانراوە، گۆیا لە سەردەمی دەسەلاّتی ئەوا لە چیای «سەنجران» نزیک بە قەلاّی دنبول کانی زێڕە دۆزراوەتەوەو، بەو زێڕە ئەوترا زێڕی «جەعفەری». ئەم زاتە ساڵی ٤٤١ک مردووە[٢٢].

## میر یەحیا

پیاوێکی بە دەسەڵات بووە. لە چیاکانی کوردستان و ئازەربایجان و وڵاتی شامدا هەزارو دوو سەد تەکیەی دروستکردووەو گۆیا سی هەزار خێزانی (مسیحی)ش لە فەرمانیدا بوون. ساڵی ٤٧٧ مردووە(٢٣). ئەوەی زۆر سەیرە ئەوەیە کە «بەهەشتی ئەمین زەکی بەگ» لە لاپەڕە «٣٨٥»ی مێژووەکەیدا وای داوەتە قەڵەم کە ئەم باسەی لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە، کەچی من خۆم کە شەرەفنامەم بە عەرەبی وەرگێڕاوە، ئەم باسەم لە زمانی ئەمین زەکی بەگەوە وەرگرتووەو لە لاپەڕە «٣٢٣» لە پەراوێزدا نووسیومە، چونکە ئەو هەواڵە لە شەرەفنامەدا نەبووە.

## ئەمیر جەعفەر «شەمس الملوك»

گوایا پیاوێکی بە دەسەڵات بووە، شوێنەواری زۆری لە پاش بەجێ ماوە، لە هەموویان بەناوبانگتر «منارەی شەمس»و کەلووەکانی ترە کە لە کەللە سەری ئاسک و کەڵە کێوی و گاکێوی دوروست کراون. ئەو هاوچەرخی «مەنوچەهری کوڕی فرەیدوونی شیروان شاهیان» بووە کە بە بنەماڵەی «بەنی کەسران» بە ناووبانگن و، لە ساڵانی «٥١٠ بە دواوە کچی پادشای گورجستانی خواستووەو تا ساڵانی (٥٥٥)ک، لە ژیانا بووە. ئەم پیاوەو ئەمیر جەعفەری شەمس الملوك هەردوویان دۆستی «خاقانی» بوون کە زۆر پارچە هەڵبەستی دەربارە وتون. ئەمیر جەعفەر ساڵی «٥٣٥»ی ک، مردووە.

ئەوەی راستی بێت خاقانی لەم ساڵانەدا ژیاوە «٥٢٠-٥٩٥ک». بێگومان بە باڵای مەنوچەهردا زۆری هەڵداوە، بەڵام دەربارەی «ئەمیر جەعفەر» گومانم لە قسەکانە، چونکە دەبێ لە تەمەنی «١٠-١٥» ساڵیدا هۆنراوەی خۆی بە باڵابڕیبێ، ئەمەش گەرچی ئەمڕۆ شتی وا دەبینرێ، بەڵام لەو سەردەمەدا دووربووە گەنجێکی دە پازدە ساڵی بتوانێ رێ بباتە دیوانی ئەمیرێک؛ رەنگە «بەهەشتی ئەمین زەکی بەگ» ئەمانەی لە کتێبی «دانشمەندانی ئازەربایجانی محەمەد عەلی تەربیەت» وەرگرتبێ.

هەولاتامەی کتێب

بێـینه سـەرباسی منارەی «کـەللە ئاهو = کـەللە ئاسکەکـان» خـاوەنی تەئریخی خـۆی کـە بۆشـاه ئیـسمـاعـیلی صـەفـەوی دەمـار ئەیگرێ، لای وایە «شـاه ئیـسمـاعـیل» لە یەک رۆژدا ئەوەندە کـەڵەکـێوی کوشـتـووە؛ کـە چەند منارەی لێ دوروسـتکراوە، بەڵگەشی قـسـەی نووسـەری «حـەبیب السـیـر»ە، کـەوتویە: وەسـتـاکـان بە پێی دەسـتـووری «شـاه ئیـسمـاعـیل» لە کـەللەی وەحـشـیـیـان چەندین منارەیان دوروست کـرد». نـووسـەری کـتـێبی خـۆی، لە قسـەکـەی نەگـەییـوە ئەو هەواڵە ئەوەیە: «شـاه ئیـسمـاعـیلی زۆڵەکـورد، کـە پشـتی کـردبووە گـەلەکـەی و هەزارەها کـوردی هەژاری قـەلاركـردبوو، لە سـەری ئەوانە منارەی دوروست کردبوو. ئەمەش لای ئەوان باوبووە.

بەڵگەکـەی تری کـە «ژاک دومـورری مـونشی، سـەفـیـری ئینگلیـسی سـەردەمی «فـەتح عـەلی شـاه»ە، خـۆ ئەو نەیدیوە، ئەو درۆی نووسـەرە ئێـرانی یەکـانی کـاوێژکـردۆتەوە. جگە لەوەش خـاوەنی تەئریخی خـۆی هەر خـەڵکی «خـۆی»ە، زۆر باش ئەزانێ سـەدەها سـاڵە ئەو منارانە بە «منارە شەمس» بە ناوبانگن[٢٥]..

## ئەمیر بەگ دونبولی

گـۆیا هاوچەرخی سـولطان سـەنجـەری سـەلجـووقی «٥١١-٥٢٥ = ١١١٧-١١٣١ز» بووەو، دۆسـتـایەتی و پێـوەندییـان زۆر بە هێـز بووە، لە شـاری خـۆییـدا شـوێنەوارێکی زۆری مـاوەتەوە، سـاڵی «٥٩٠ک = ١١٩٤ز» مـــردووە[٢٦]. ئەم ئەمـیـرە ئەگـەر دوای ئەمـیـر جـەعـفـەری شـەمس الملوك بووبێت بە فـەرمانڕەوای دونبولی، بێگومـان نەگـەییـوەتە دەورانی سـەڵطەنەتی سوڵطان سەنجەردا..

## میر ئەحمەد خانی دونبولی

کـوڕی ئەمـیـر بەگ و پیـاوێکی توانـاو بە دەسـەڵات بووە، زۆری حـەز لە ئاشنایی زانایان و ئەدەب دۆسـتـان بووە. هەسـتـیـاری مـەزنی صـوفی «مـەولانا جـەلال الدینی رۆمی» خـێـوی مـەثنەوی و دیوانی شـەمـسی تەبریزی

هەواڵنامەی کتێب

«٦٠٤-٦٧٣» لە دۆستە هەرە تایبەتیەکانی ئەو بووە، لەگوندی «بابا ئەحمەد»ی نزیکی چیای «سەنجەران» -کە لە ناوی خۆیەوە پەیدا بووە مردووەو هەر لەوێ نێژراوە[٢٧] لە شەرەفنامەدا ئەم میر ئەحمەدە بەناوی شێخ ئەحمەد بەگ ناوبراوە لەنەوەکانی عیسا بەگەو گۆیا لەسەردەمی ئاق قۆیونلوودا «٨٠٠-٩٠٨ک» فەرمانڕەوایی دامەزراندووەو قەڵای «بای»و حەکاریی داگیرکردووە. پاش مردنی کوڕەکانی: شێخ ئیبراهیم و شێخ بەهلوول جێیان پڕکردۆتەوە[٢٨]. بەمەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەو کتێبانەی دونبولییەکان خۆیان دەربارەی بنەماڵەی خۆیان دایان ناوە، زانستییانەو جێی متمانە نییە..

## ئەمیر ئیبراهیم

ناوچەی فەرمانڕەوایی لە تەوریزبووە. کە جەنگیزخانی مغوولی کەوتۆتە وڵات گری، لە ڕێی ئاشتی و دۆستایەتییەوە ڕەفتاری لەگەڵ کردووە، بەم جۆرە وڵاتەکەی ژێردەستی خۆی لە تاڵانکاری و، وێرانکاریی مغول پاراستووەو ساڵی ٦٩٢ک مردووە[٢٩]. ئەوەی ڕاستی بێت دیسانەوە لە هەواڵەکاندا هەڵەو ناڕاستی هەیە، چونکە جەنگیزخانی مغوول لە نێوانی «٥٤٢-٦٢٤»دا بووە[٣٠].

## ئەمیر جەمشید خان

ساڵی ٦٩٢ک لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی دانیشتووەو لە هەرێمی حەکاریدا بەرامبەر سوپای مغوول جەنگیوە. ساڵی ٧٢٥ی کۆچی «غازان خانی مغوول» سپاییێکی زۆر بە هێزی ناردۆتە سەری و شکاندوویەتی و لە هەرێمی چیایی «چلەخانە»دا لە شەڕدا کوژراوەو لە گوندی «سیاە بای» نێژراوە[٣١]. بەلای منەوە ئەو هەواڵە دیسانەوە هەڵەی تیایەو ناڕاستە، چونکە غازان خانی مغوول لە نێوانی ٦٧٠-٧٠٣دا هەبووە، کە دەکا «٢٣» ساڵ بەر لەم شەڕە[٣٢].

ئەمیر بەهلوولی کوڕی ئەحمەد بەگ و ئەمیر بەهلوولی کوڕی ئەمیر جەمشید کە گۆیا ساڵی ٧٦٠ک مردووەو شا مەنصووری کوڕی ئەمیر بەهلوول کە ساڵی ٧٩٥ مردووە، ئەمانە هەموویان سەرداری عێلی دونبوڵی بوون و دەربارەیان هەندێ شت نووسراوە، کە جێی باوەڕ نەبوو.

## میر مەحمودی کوڕی شاه مەنصوور

ئەم سەرداره، بەهێزو دەسەلات بووە، لەسەردەمی پادشایێتیی «سوڵطان ییلدرم بایەزیدخانی عوثمانی»دا «٧٥٥-٨٠٥ = ١٣٤٥-١٤٠٣ز» خۆی داوەتە پاڵی و، شاری «مەحموودیی کە ئەمڕۆکە لە شارانی کوردستانی تورکیایە دروستکردووەو ساڵی ٨٢٠ی کۆچی لەوێ مردووەو هەر لەوێ نێژراوە[٣٣]..

ئەمیر وەلیی دونبوڵی: کە لە خۆی بووەو حاجی بەگ کوڕی ئەمیر وەلی کە لە ساڵی «٨٢٢»دا مردووەو سوڵطان عەلی بەگی کوڕی حاجی بەگ کە ساڵی ٨٣٥ مردووەو ئەمیر نەظەری کوڕی سوڵطان عەلی ئەمانە هەموویان لە میرانی دونبولی بوون[٣٤]، بەلاّم لەم هەواڵانە بە گومانم.

## ئەمیر فرەیدوون «قلیچ»

فەرمانڕەوای کوردستان و ئازەربایجان و ئەرمەنستان بووەو پایتەختەکەی شاری خۆی بووە، نووسەری کتێبی «جیهان نوما» حاج خەلیفە «١٠١٧-١٠٦٧ک» زۆری پیا هەڵگوتووە[٣٥]. گۆیا ساڵی «٨٦٠ک» مردووە.

## ئەمیر بەهلوول کوڕی ئەمیر فەرەیدون «قلیچ» «حاجی بەگ»

ئەم زاتە لە سەردەمی پادشایێتیی «جیهانشای کوڕی قەرایوسفی قەراقۆیونلوودا «٨٣٩-٨٩٧ک» سەرداری دونبولی بووەو یەکێ بووە لە موریدانی شێخ جونەیدی صەفەوی «کە ئەمین زەکی بەگ بە هەڵە کردوویە

به شێخ حەیدەری کوڕی جونەید» کە ساڵی ٨٦٠ک «نەوەک ٨٨٠» کەوتە شەڕ لەگەڵ سوڵطان خەلیلی کوڕی شێخ ئیبراهیمی شێروان شاهان. بەهلوول پشتیوانیی لە هێزی «سوڵطان جونەید» کردو لەو شەڕەدا کوژراو لە داوێنی چیایێکدا نێژرا، کە ئەمڕۆ بەو چیایە دەگوترێ پاوەن و لەوەرگای «حاجی بەگ»و بە دەوروپشتی ئەو ناوەش دەگوترێ «حاجی بەگلو[٣٦]» ، گۆیا ئەم ئەمیر بەهلوولە ئەوەندە بە دەسەڵات بووە بەشێ لە طەبەرستان «مازەندەران»و داغستانیشی هەر لە ژێر دەستابووەو[٣٧] بە نازناوی «حاجی بەگ ناسراوە». دوو کوڕی هەبووە «ڕۆستەم و عەلەم».

## ئەمیر ڕۆستەمی دونبوڵی

گۆیا بە نازناوی «شاه وێردی بەگ» ناسراوە. کاتێ باوکی لە شەڕا کوژرا تەمەنی «١١» ساڵەبوو، فەرمانڕەوایی دونبوڵی گرتە دەست. کە سوڵطان حەیدەری کوڕی جونەیدی صەفەوی چووە شەڕەوە دژی فەڕوخ یەساری شیروان شاه، ئەم ئەمیرڕۆستەمە یاریدەی داو لەو شەڕەدا کوژرا «٨٩٨ک»و هەندێ دەڵێن لە ڕووباری «کوڕ»دا خنکاو لاشەکەی لە ئاو دەرهێنراو لە دێی «نازک» نێژراو لە سەر گۆڕەکەی مێژووی مەرگی نووسراوە[٣٨]..

## ئەمیر عەلەم شاه

پیاوێکی زیرەک و ئازابوو، لە سەردەمی پادشایێتیی «سوڵطان یەعقووبی ئاق قۆیونلوو»دا «٨٨٢-٨٩٦» ، کە لەم سەردەمانەدا لە سەر تەخت بووە، زۆر لە ڕوو بووە. ئەو تیرە دونبولییانەی سەر بە ئەم ئەمیرەبوون بە «عەلەم شاه بێگلو» بەناوبانگن[٣٩]..

## ئەمیر بەهروزی کوڕی ئەمیر ڕۆستەم

سەرداری دونبوڵی، ماوەیێ فەرمانڕەوای گیلان و، هی ئەردەبیلیش

بووە. لە سەردەمی شاە ئیسماعیلی صەفەویدا سەر بە ئەو بووە، لەبەر خۆشباوەڕی و راستاڵی، نازناوی «سەلمان خەلیفە»ی داوەتێ.. پاش مردنی «شاە ئیسماعیل» ئنجا بوو بە یاوەری «شاە طەهماسب»و پایەی «میری میران»ی دراوەتێ، «ساڵی ٩٤٠-١٥٣٤ز» کە سوڵطان سولەیمان خانی عوسمانی (بە قانوونی ناسراو) تێگەییشت «شاە طەهماسب» بە سپاوە رووی کردۆتە خۆراسان، بە هەلی زانی، هێرشی کردە ئازەربایجان و هەرێمی «تەوریز»ی داگیرکرد. شاە طەهماسب کە هەواڵی زانی بە سپا شەکەت و ماندووەکەیەوە گەڕایەوە بۆ بەرەنگاری. ئا لەم حاڵەدا ئەمیر بەهرووز بە دووهەزار سواری دونبولییەوە گەییە فریای «شاە طەهماسب»، بەم کارە بای کرد بە قۆڵی سپاکەیاو ورەیانی بەهێزکرد، پاش ئەم شەڕانە کە بیست ساڵێکیان خایاند، ئەمیر بەهرۆز وازی لەکاروباری سەرداریێتی هێنا بۆ کورەزاکەی و کەوتە رابەریی ئایینیی دونبولییەکان و تا ساڵی «٩٨٥» ژیاوەو لە تەمەنی «٩٥» ساڵیدا کۆچی دوایی کرد(٤٠)..

**حاجی بەگ کوڕی شێخ بەهلوول بەگ دونبولی:**

ئەم میرە لەسەردەمی پادشایێتیی (طەهماسبی صەفەوی)دا فەرمانڕەوای (خۆی)و (سەگمەن ئاوا) بووەو بەرامبەر بەوەی کە بۆ دەزگا زۆر دڵسوز بووە، نازناوی (سوڵطان)ی دراوەتێ ئەم نازناوی سوڵطانە بۆ سووک دانانی ناوی سوڵطانی عوسمانی بوو، عوسمانییەکانیش بەرامبەر بەوە نازناوی (پاشا)یان بە خەڵک دەدا بۆ سووک دانانی ناوی شاهـ جا، هەر کە (ئەسکەندەر پاشا)ی میری میرانی وان بەهانە بەهانەی (حەسەن بەگی مەحمودی و خان محەمەد) بە هێزەکانی کوردستانەوە هەڵی کوتایە سەر (حاجی بەگ دونبولی، کە پایتەختەکە)ی شاری (خۆی) بوو، حاجی لەبەروەی کە هێزو دەست و پێوەندەکانی چووبوونە شەڕەوەو لێی دووربوون، ناچار دەرگای قەڵاکانی کلیل و کلۆم و خۆی قاییم کرد، بەڵام خانمەکەی کە خوشکی حەسن بەگ و محەمەدی مەحمودی بوو نهێن برانە

لەگەڵ براکانیا قسەی کردبووە یەک و بە دزییەوە شەو لە ناوێ دەرکی قەڵاکانی بۆ دوژمن خستبووە سەر پشت و، بەم جۆرە (ئەسکەندەر پاشا) شاری (خۆی)ی داگیرکردبو، حاجی بەگ پاش شەڕو هەراو نەبەردێکی زۆر کوژرابوو، تەنیا کوڕێکی ساوای لێ بەجێ مابوو، بەناوی خۆیەوە ناونرا (حاجی بەگ). (٤١)

عێڵی مەحمودیی کوردیش هەر یەزیدی بوون، بەڵام دونبولیی سەر بە صەفەوی و مەحمودی سەر بە عوسمانی بوون و، زۆر جار لەسەر قۆرخ و پاوان و لەوەڕگاو داگیرکردنی سنووری یەکتری لێیان بووە بە شەڕو دوژمنایەتی و دوو دەوڵەتیی صەفەوی و عوسمانی بۆ گەیشتن بە سوودی رامیاری و ئابووریی خۆیان، ئەوانیان کردووە بە دەسکەلاو دووچاری گەورەترین کارەسات و زیانیان کردوون. (٤٢)

## ئەحمەد بەگ کوڕی بەهلوول بەگ

ئەم سەردارە بە فەرمانی «شاه طەهماسپی صەفەوی» بووە بە فەرمانڕەوای ناوچەکانی (سەگمەن ئاوای خۆی). پاش کوژرانی حاجی بەهلوول بەگ کە شالاوی سوپای عوسمانی بۆ سەر (خۆی) پەرەی سەندووەو، سەرانی هێزو تیرەکان عێڵی دونبولی کەوتوونە ترس و لەرزو دڵەڕاوکێ و جارێ خۆیان داوەتە پاڵ صەفەوی و جارێ پاڵ عوسمانی ئەم بێ بارییەیان (شاه طەهماسپی صەفەوی) خستۆتە سەر رک و کین و لە کاتێکا کە (سولطان سولەیمان) لە هەڵکوتانە سەر (نەخچەوان) گەڕاوەتەوە بۆ پایتەختەکەی و، شاه طەهماسب زانیویە کە هێزەکانی سەر سنووری عوسمانی کەمن، لەم هەلە سوودی وەرگرتووەو بۆ وەرگرتنەوەی هەرێمە لە دەسچووەکان خۆی ئامادەکردووە ئینجا هەرسێ کوڕەکەی (بەهلوول بەگ) واتا: (ئەحمەد بەگ، ئیسماعیل بەگ، جەعفەر بەگ)ی لەگەڵ سپای قزلباشی راسپاردووە: کە لە فلانە رۆژا سەرتاپای عێڵی دونبولی قەڵاچۆ بکەن، سەرانی قزلباش بۆ بەجێهێنانی دەستووری شاه

نزیکەی (٤٠٠) کەس لە دلێران و ئازایانی دونبولی و هەرسێ ئەمیری ناوبراو دەکوژن و، شاه طەهماسپ خۆیشی لە هەمان کاتا بە شمشێر ئەو دونبولییانەی لە بارەگادا ئەفسەرو حەیتەو پاسەوانی تایبەتی خۆی دەبن، قەلاّر دەکات و سەریان ئەپەڕێنێ کە ژمارەیان (٢٣) کەس دەبێت.[٤٣]

## مەنصوور بەگ کوڕی محەمەد بەگ

لەم کارەساتەدا تەنیا (مەنصوور بەگ) سەری خۆی رزگار کردووەو، هەلاّتووە بەرەو کوردستانی ژێر دەستی عوسمانی و بەفەرمانی سولّطان سولەیمانی عوسمانی ناوچەکانی (قوتوردەرە)و (بارگیری) دراوەتێ و، پاکورەی رزگار بووی دونبولّی لە دەوری ئالاّکەی کۆبوونەوەو بە درێژایی ژیان خەریکی بەڕێوەبردنی عێلّەکەی بووە، پاش مەرگی دوو کوڕی لێ بەجێ ماوە: وەلی بەگ و (قلیج بەگ)[٤٤]

## قلیج بەگی کوڕی مەنصوور بەگ

پاش مردنی باوکی کە سپای عوسمانی (نەخچەوان)ی داگیرکرد، ناوچەی (ئاوجق = ئوجوق)ی خرایە ژێر دەست، زۆر ئازایانەو سەربەستانە فەرمانڕەوایی ئەو ناوچانەی گرتە دەست، کە ئەمیر شەرەفخانی بیتلیسی سالّی (١٠٠٥ک) شەرەفنامەی نووسی، ئەو هێشتا لە ژیانا بوو، ئەمیری ولاّتەکە بوو.[٤٥]

## ئەییوب خان:

گوایە: کوڕەزای ئەمیر بەهرووزی کوڕی ئەمیر رۆستەمە، پایەی (بەگلەر بەگی = میری میرانی) هەبووەو، پایەی سەردار سپایی هەرەبالاّ (ریاسەت ئەرکان عامە)یشی پێ سپێردراوەو سالّی ٩٩٤ک مردووە،[٤٦] بەلاّم خاوەنی (تەئریخی خۆی کە بەم هەوالّە قایل نییە ئەلّێ: (ئەییوب

خان بە کوڕی کەنعان خەلیفەی کوڕی سەلمان خەلیفەی دونبولّی دراوەتە قەلّەم[٤٦] بەلّام سەرچاوەی هەردوو نووسەرەکە جێی باوەڕ نەبوون.

## حاجی بەگی کوڕی حاجی بەگ

لە پێشا دیاردیمان بۆ ئەوەکرد کە ئەو دەمەی حاجی بەگ کوژرا منداڵێکی شیرە خۆرەی لە پاش بەجێ مابوو، ناونرا حاجی بەگ، شاە طەهماسپی صەفەوی فەرمانی دا بەخەرجی دەوڵەت لەلەیێکیان بۆ گرت، تا هەلّچوو و پێگەیی، خستییە رشتەی ئەفسەرانی پاسەوانی مەزنی بارەگاوە (قۆرو جوو).

پاش ماوەیێ فەرمانڕەوایی ناوچەی (ئاباقا)ی دایێ و تیرەو هۆزەکانی دونبولّی لە دەوری کۆبوونەوە. لە سالّانی (٩٨٤-٩٩٨ک)دا کە شەڕ لە نێوانی عوسمانی و صەفەویدا هەلّگیرسایەوەو ماوەی بیست سالێکی خایاندو، طەهماسپ و، ئیسماعیلی دووەم و، محەمەد خوابەندە یەک لەدوای یەک مردن و عەبباسی صەفەوی هاتە سەرتەخت- (ئەمیرخانی موصلّووی تورکمان) دانرابوو بە سەرداری ئازەربایجان و لەگەلّ عوسمانییەکانا لە شەڕ دابوو.

ئەم حاجی بەگەی لەگەلّ هێزی دونبولّی بەرەو شەڕ کە لەشکرەکەیان شکاو تەنگاتاو کرا (حاجی بەگ) لە رووباری (کوڕ)دا خنکا.[٤٨]

## سولّطان عەلی کوڕی جەمشید بەگ

لەو سەردەمەدا کە (شاە طەهماسپ) فەرمانی دابوو بە قڕکردنی دونبولّییەکان، ئەم عەلی بەگە یەکێ بوو لە ئەفسەرانی بارەگای شاهی و، لە خۆش بەختی لەو حەلەدا چوو بووە (ئەصفەهان) بۆ کۆکردنەوەی باج و خەراج و پیتاک و، نزیکەی دووسەد تومانی[٤٩] کۆکردەوە، کە لەوێ هەوالّی دونبولّی قڕانی پێگەیی، هەلّات و خۆی گەیاندە (وان)و لەوێ لە ناو تیرەو خێلّەکانی دونبولیدا خۆی شاردەوە، پاش ماوەیێ کە شاە

هەزارنامەی کتێب

طەهماسپ رق و قینی دامرکایەوەو جارێ‌دا کە لە دونبولییەکانی بوردووە (سولتان عەلی) بەهەلی زانی گەڕایەوە دەربارەی سەفەوی و، سەت تومان لەو پارەیەی کە بردبووی لەگەڵ خۆی هێنایەوەو بردی شاه طەهماسپ، ئەمجارە بەڕووخۆشیەوە وەری گرتەی لای خۆی.

پاش ماوەیێ کە سولطان محەمەد خوابەندە هاتە سەرتەخت، فەرمانڕەواییتیی دونبولی پێ ڕەوادییەوەو، ناوچەی (سلێمان سەرا) نیوەی ناوچەی (ئابەقای) خستە سەر ئەو ناوچەیانەی کە لەژێر دەستیا بوو، جا سولطان عەلی چوار ساڵی تەواو ئەو هەرێمانەی بەڕێوەبرد، بەڵام شەڕی نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و صەفەوی، هەموو جار وڵاتەکەی ژێردەستی وێران دەکرد، سەر ئەنجام تەنیا ناوچەی (دەرەی ئالاکیس)و (شەروور)ی سەر بە نەخچەوانیان بە دەستەوەما، کە کۆچی دوایی کرد ئەم سێ کوڕەی لە پاش بەجێ مابوو: (نەظەر بەگ، قلیج بەک، حەسەن بەگ)[50].

## نەظەر بەگی کوڕی سولطان عەلی بەگ

پاش مەرگی باوکی لەلایەن «سولطان محەمەد خوابەندەوە» فەرمانڕەوایی دونبولیی پێ سپێردرا، پاش ماوەیێ کە عوسمانییەکان هەرێمی «ئیرەوان» = یەریڤانیان لە صەفەوییەکان داگیرکردو، (سەنان پاشای جەغالەزادە) بە پایەی وەزیرێ بوو بە سەرداری ئەو هەرێمە.

ئەم نەظەر بەگە لەگەڵ هەندێ لە سەرانی تیرەکانی (رووملوو و ئەلباوت)ی قزلباش و (چەمەشکە زگ و سەعدلوو)ی دونبولیدا، کە لەو حەلانەدا لە (چقور سەعد) دائەنیشتن، کە ئیمڕۆکە دەکەوێتە بەشی ئازەربایجانی سوڤێتی، خۆیان دایە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی و، بەهۆی «سەنان پاشاوە» چوونە دیدەنیی «فەرهاد پاشا»ی سالاری عوسمانی لە ئەرزەڕۆم جا فەرهاد پاشا دەستووری دا کە هەروەک لەوەبەر، سەرداریتیی (سەگمەن ئاواو سلێمان سەراو چاڵدران) بەدەس باووباپیریانەوە بووە، بدرێتەوە بە وان، واتا: بە نەظەرو قلیجی برای، بەڵام لەم سەردەمەدا

«سەگمەن ئاوا»و ناوچەی «بارگیری» بە پێی فەرمانی شاە طەهماسپ و، پاشان بە دەستووری (محەمەد خوابەندە) درابوو بە مەنصوور بەگی مەحمودی. جا کە ئەم دوەستووورە تازەیەی (فەرهاد پاشا) درا، مەنصوور بەگی مەحموودی سەری بۆ شۆڕ نەکردو، هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و صەفەویش هەر لە بەزمی وا دەگەڕان کە ئاگری شەڕ لە نێوانی کوردەکان خۆیاندا خۆش بکەن و هەژارو بێ نەوای کورد خۆیان قەلار بکەن، و مەیدان بۆ ئەوان تەخت بێ تا سنوورو قەڵەمڕەوی خۆیان بەربلاوتر بکەن، جا عێلەکانی مەحموودی و دونبولی کەوتنە شەڕەوە، لەم لا نەظەر بەگ و حەسەن بەگی برای و هەشتا پیاوی دلێرو ئازای دونبولی کوژران و، لەولاش سەدان کەس لە مەحمودی بوونە قەرەبرووت و قوربانیی هەواو هەوەسی دوژمن.(٥١)

## قلیج بەگی کوڕی سوڵتان عەلی بەگ

پاش کوژرانی هەردوو براکەی، واتا (نەظەر بەگ و حەسەن بەگ) لەگەڵ دەستەیێ لە سەردارانی عێلی دونبولی رووی کردە (ئەرضروم) بۆ لای (فەرهاد پاشا)و لەوێ سکالاو دەردەدڵی خۆی کردو، کارەساتی بۆ (فەرهاد پاشا) روون کردەوە، فەرهاد دەستووری دا: کە (مەنصوور بەگ و سەردارانی عێلی مەحموودی) کە لەو شەڕانەدا بوون بهێنرێنە روو بۆ لێکۆڵینەوە لەو کارەساتە نالەبارانە.

جا ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە دوروستکرا لە چەند ئەندامێ، یەکێ لەو ئەندامانە (ئەمیر شەرەفخانی نووسەری شەرەفنامە) بوو کە چوونە بنج و بناوانی هۆی شەڕوشۆڕەکان، دەرکەوت: هۆیەکە فەرمانی پێچەوانەو دژی یەکتر بووە کە (فەرهاد پاشا) داوێتی و هەر جارە دوستووری داوە هەرێمەکان بخرێتە ژێر فەرمانی یەکێ لەوانەوە، کە لەوەش تەنیا مەبەست ئەوەبووە کوردەکان بچن بەگژیەکاو کوشتار لە یەکتر بکەن و، هەردوو دەوڵەتی صەفەوی و عوسمانی بۆ خۆیان بحەسێنەوە.

ئینجا فەرهاد پاشا خۆی ناچاری ئەوەبوو کە هەراکە ببڕێتەوەو ئاشتیان بکاتەوەو ڕێکیان بخات: بەو جۆرە کە (مەنصوور بەگی مەحموود)ی هەرێمی (سەگمان ئاوا) بداتەوە بە (ئەمیر حاجی بەگی) نەوەی حاجی بەگی گەورەو هەرێمی (چالدران)یش بخرێتە ژێر دەستی قلیج بەگ.

جا هەردوو عێلی دونبولی و (مەحمود)ی ناچار بوون سەر بۆ ئاشتی و ڕێک کەوتنە شۆڕ[٥٢] بکەن، بەڵام (شاه عەبباس) کە هاتە سەرتەخت و دەسەڵاتی پەرەی سەندو جارێکی دی هەرێمی (تەورێز)ی لەژێر دەستی عوسمانییەکان دەرکردەوە.

(قلیج بەگ) خۆی لە دەسەڵاتی عوسمانی رزگار کردو، خۆی سەر بە صەفەوی دایەوە قەڵەم، «ئەسکەندەر بەگی تورکمان نووسەری تایبەتی شاه عەبباس نووسیویە: (پاش داگیرکردنەوەی قەڵای (ئێرەوان) لە ساڵی ١٠١٢ک دا فەرمان درا کە پاداشت و نیشان بدرێ بەو سەردارە کوردانەی، کە خۆیان بە خۆشەویستی شاه (شاهسون) دابووە قەڵەم و، چووبوونە خاکپا ماچ کردنی وەک (غازی بەگ و، قۆچی بەگ، لە کوڕانی شاه قولی بلبلان، سەرداری حەکاری و قلیج بەگ و جەمشید سوڵطانی دونبولی و مەنصوور بەگی مەحموودی و کوڕانی و هی دی. جا هەریەکە لەوان ناوچەیێ، هەرێمێکی خرایە ژێر دەستەوە[٥٣]..

## جەمشید سوڵطان

ئەم سەردارە بە چەند تیرەییێکی دونبولییەوە پشتی کردبووە دەسەڵاتی عوسمانی و خۆی هاویشتبووەوە پاڵ دەوڵەتی (صەفەوی)و لەو شەڕانەدا کە شاه عەبباس لە (بەڵخ و خوراسان)دا کردبووی، ئەم جەمشیدە هاوبەشی کردبوو و دلێری و ئازایی خۆی نیشان دابوو. جا ساڵی (١٠١١ک) شاه عەبباس فەرمانی دابوو کە لە پاداشت خزمەتا بکرێ بە فەرمانڕەوای (مەرەند)ی لای تەورێزو، پاش داگیرکرانەوەی قەڵای

ئێرەوانیش دیسان هەندێ ناوچەی دی بە پاداشت بەرکەوتبوو.
ساڵی ١٠١٤ک کە لەشکرەکانی عوسمانی و هێزی سەردارانی کورد شاڵاویان کردەوە سەر (خۆی و مەرەند) ئەم ئەمیر جەمشیدە بەرگریی تەواوی لە وڵاتەکەی ژێر دەستی خۆی کردو لای خۆیەوە لەشکرەکانی عوسمانی شکاندو تا ماوەی سێ فەرسەنگ راوی نانە ناو سنووری خاکی عوسمانییەوە، بەڵام سپای سەر بە عوسمانییەکان لە دوژمنایەتی عێلایەتی، لە هەموو لاوە گەمارۆیان داو لە شەڕەکەدا زۆر کەس لە دلێرانی دونبولی و هی دی کوژران و جەمشید خۆی دەربازکردو ئەم کارەی بوو بە هۆی ئەوەی لەباتی پاداشت و ئافەرینی ئازایەتی و دلێری، تووشی سەرزەنشت و تانووت هات[٥٤].

## سەلمان سوڵطانی دونبولی

بەپێی (دیرۆکی خۆی) لە بنەڕەتا ناوی (ئەمیر بەهرووزی دووەم) بووە[٥٥]، کە دەبێ کوڕی (شاه بەندەرخان) بێ کە لە پەراوێزەکانی شەرەفنامەدا ناوی هاتووەو،[٥٦] نازناوی (سوباشی = مودیرشورطە) بووە، گەییوەتە دەرباری شاه عەبباس و نۆکەرێتی تەواوی خۆی نیشان داوەو، شاه عەبباس ناوی ناوە (سەلمان)، بەناوی (سەلمان خەلیفەی) باپیرییەوەو ساڵی (١٠١٧ک) پایەی (سوڵطانی دراوەتێ و کراوە بە بەڕێوەبەری (چورس و سەلماس). (ئەوەی سەیر بێ ئەوەیە کە خوالێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگ ناوی ئەم کابرایەی هێناوەو وەهای داوەتە قەڵەم کە لە شەرەفنامەی وەرگرتووەو کاتی مردنی بە ساڵی (١٠١٤ک) تۆمار کردووە[٥٧].

کەچی لەسەردەمی ئەما شەرەفخان دەمێ بوو مردبوو. من لە پەراوێزەکانا لە ئەوم وەرگرتووە. جا لەم سەردەمەدا کە ئەو میر بووە، (محەمەد پاشای کوڕی زاڵ پاشا) کە یەکێ بووە لە سەردارانی عوسمانی و لەگەڵیا هاوسنوور بووە فەرمانڕەوای (ئەرجیش)و (عادل جەواز) بووە،

جارجاره پەلاماری هەرێمەکەی ژێر دەستی داوەو (سەلمان سولّطان) هەواڵی گەیاندووەتە (پیربوداق خانی) فەرمانڕەوای (تەورێز)و داوای یارمەتی و کۆمەکی لێکردووە، جا بۆ بەربرینەوەی (محەمەد پاشا) هێزێکی بە فریاوە هاتووە... ساڵی ١٠٣٥ک، کە لە نێوانی سپای عوسمانی و سپای ئێراندا هەرا رووی داوەتەوەو هەر (پیربوداق) فەرمانڕەوای تەورێز بووەو، سەرداری سپای عوسمانیش لەو دەورو بەرەدا (تەکەللو پاشا)ی بەگلەربەگی (وان) بووەو هەندێ سەرداری کوردی ئەو ناوەشی لەگەڵ بووە، ئەم سەلمان سولّطانە لەو شەڕانەدا هاوبەشی کردووەو، تا دەوری (زان) پێشکەوتووەو لەسەر ئەم ئازایییە بەر دڵنەوازیی (شاە عەبباس) کەوتووەو، نازناوی خانی دراوەتێ، هەروا کاتێ کە کوردانی سۆران (واتا نێوانی هەردووزێیی گەورەو بچووک (موحافەظە)ی هەولێری ئەمڕۆ و برادۆست (مەبەست عێڵەکانی سەر بە میری لەپ زێرینی قەڵای دمدمە) شالاویان کردبووە سەر ئورمیە (رەضائیە). ئەم سەلمان سولّطانە بەرانگاریان بوو بۆوەو لە شەڕو نەبەردا سەرکەوتبوو[٥٨].. گوایە لەسەردەمی (شاە صەفی)شدا (کە پاش مردنی (شاە عەبباس) هاتبووە سەرتەخت (ساڵی ١٠٣٨ک) لەو حەلەدا کە سولّطان مرادی عوسمانی شالاوی کردۆتە ئازەربایجان هەروا لەو سەردەمەشدا کە والی بەغدا (ئەحمەد پاشا) لەگەڵ ئێراندا لە شەڕابووە، ئەم سولّطان سەلمانە لە چیاکانی (حەکاریدا بەرانگاری (فەرهاد) پاشای سەرداری عوسمانی بووەو ئازایی نواندووە.

ئەم ئەمیرە تا دووا هەناسەی ژیانی هەر فەرمانڕەوای (چورس و سەڵماس) بووەو پاش مردنی هەر لەو قەڵایەدا کە خۆی لە (چورس) دروستی کردبوو نێژراوە[٥٩].

## عەلی خان

کوڕی بەهروزخان (سلمان سولّطان خان)ەو بە نازناوی (صەفی قولی) ناسراوە؛ (چونکە خزمەتکاری دڵسۆزانەو نۆکەرێتی باربەرانەی بۆ

(شاه صەفی) کردووه، کاتێ کە (سوڵطان مورادی عوسمانی) هەلی کوتاوەتە سەر ئازەربایجان، (فەرهاد پاشای) سەرداریشی هەڵی کوتابووه سەر کوردستان ئەم (عەلی خان) زۆر دلێری نواندووه پاشان کە والی بەغدا (ئەحمەد پاشا) شالاوی، کردووه ئەم بە ئاشتی شەڕەکەی لەگەڵی بڕیوەتەوەو تا مردن هەر فەرمانڕەوای ئازەربایجان و ئەرمەنستان بووەو[٦٠] چەند کوڕی لێ بەجێ مابوو و لە هەموویان بەناوبانگتر (مرتضی و غیاث) بوو.

## مورتەضا قولیخان

کوڕی (صەفی قولی خان (عەلی خان)ە، لە دەورانی (شاه عەبباسی دووەم)دا یەکێک لە هەرە نزیکەکانی شاه بووه. زۆر هەوڵی بۆ داوه پشتیوانیی لێکردووه، تا هێناویە سەرتەخت، لەبەر ئەمە (شاه عەبباس) پایەی (خان)ی دابوویێ، ئەم پیاوە لە شاری (ئەصفەهان)دا زۆر ساختمانی گەورە گەورەی بنیاد نابوو، هەروا لە شاری (قوم)یشدا هەیوانی خوابگاکەی (حەضرەتی مەعصومە)ی تازە کردۆتەوەو قەڵاکەی (چورس)ی سەرلەنوێ دروست کردۆتەوەو، بەسەرکاری ئەو، دوو مزگەوتی بەشکۆو ئەورەنگ لە شاری (ئەصفەهان)دا دروستکرا. لەم حەلەدا (غیاث بەگ)ی برای میری «کاشان» بوو، لەگەڵیا نێوانیان تێکچوو (مورتەضا) لە (ئەصفەهان)ەوە رووی کردە (قوم) بۆ سەرپێ شۆڕکردنی، بەڵام (غیاث) هیچ خۆی تێک نەداو پێشوازیی کرد، ئەویش لێی بورد، بەڵام «غیاث بەگ» نهێنبڕانە بە دزییەوە، ژار خواردی کردو لەوێ مرد.

شاهبازخانی کوڕی کە لەگەڵی بوو ئەو تاوانەی مامی داپۆشی، بۆ ئەوەی دوژمن پێیان شاد نەبێ و، تەرمەکەی باوکی بردە قوم و لەوێ ناشتی. «مورتەضاخان» یازدە کچ و سێ کوڕی هەبوون (شاهباز، شاهنەواز، ئەییوب)[٦١].

سپێررا، جا هەروەکو میری جیهانی عێلّی دونبولی بوو، هەروا میری ئاینی و رابەریان بوو، بەرەو چاکەو کاروباری باشە رێ بەدێیی دەکردن.

کە (عەبدوللا پاشا کوپرلی زادە) بوو بە والیی وان و شالاوی کردە سەر هەرێمی (خۆی) شاهبازخان لە قەلاّی خۆیدا قایم بوو و خۆی لە بوسەداو (١٢) مانگی تەواو لە گەمارۆدا مایەوە، پاش ئەم ماوەیە سپای ىسمانی قەلاکەی شاری (خۆی)ی داگیرکردو (شەهبازخان)و (٣٨) کەس سەرداران و ناوداران و خزمانی کە بەرگریان کردبوو، لە سالّی ١١٤ک)دا بەشمشێرو تیغ لەت و پەت کران[٦٣].

مورتە ضاقولّیخانی (دووەم)و نەجەف قولّی خانی برای

بە داخەوە نووسەران، ئەوەیان دیاری نەکردووە، ئەم دووسەردارە کوڕی ام یەک لە سەردارانی دونبولیین، بەلاّم ئەم دوو سەردارە لەسەردەمی شایی (نادر شای ئەفشار)دا لە فەرماندەیانی بەناووبانگی سپای ئێران ن.

نادر شاه کاری کۆکردنەوەی باج و پیتاکی (خۆی)و عێلّی دونبولی دوو برایە سپاردبوو. سەرئەنجام بەوە تاوانباری کردن، گوایە: (سەد زار تومان)یان لێ داوەو، بڕیاری دابوو کە دەبێ بیبژێرن، ئەوان بۆ ەی ئەو سامانە لە عێلّ و خێلّی تیرەی دونبولی کۆبکەنەوە، ماوەیان (نادر شاه) ویست کە دەرفەتیان بدات بچنە ناو عێلّەکە. هەرکە باز بوون پشتیان کردە فەرمانی شاه و گوێیان لێ خەواندو، ەیێکیان بۆ سەردار سپای عوسمانی نووسی کە فەرماندەی هەرێمەکانی ارص و ئەرزەنەت الروم) بوو، داوای پەنایان لە دەوڵەتی عوسمانی د.

ئەم باسە لەو سەردەمەدا رووی دابوو کە (نادر شاه) بەسەر هەرێمی ردستان دا هەلّی کوتابووە سەر قەلاّی شاری (موصل)و گەمارۆی دابوو، رکە ئەم هەوالّەی بیست، لە داخا لەرزی لێ هات، وازی لە گەمارۆی وصل) هێناو گەڕایەوە بەرەو ئێران و، فەرمانی دا بە «محەمەد

## غیاث بەگ

کوڕی صەفی قولّی‌خان (عەلی‌خان)ـە، یەکێ بوو لە نۆکەرانی زۆر لەبەری (شاە عەبباسی صەفەوی دووەم). پاش ئەوەی (موڕتەضاخانی)ی برای ژار خواردکرد سەرداریّتی عێلّی دونبولیی گرتە ئەستۆ. سالّی ١٠٥٨ک کە شاە عەبباس شالاّوی کردە ئەفغان بۆ داگیرکردنی (قەندەهار) ئەم غیاث بەگەی لەگەلّ بوو، کە شاە عەبباسی دووەم لەم شەڕەدا تێشکا، ژمارەییێکی زۆر لە دلێران و ئازایانی عێلّی دونبولی و سەرانی ناوداریان بوون بە پێناوی نۆکەریّتیی بێگانە، ئەوجا (غیاث بەگ) لە شەرم و رووزەردییاو هەرزاتی ئەوەی نەبوو چاوی بە شاە عەبباس بکەوێتەوە، بەلّکو لەناو عێلەکەی و هەرێمی ئازەربایجانیشدا لەبەرئەم هۆیانە لەکاشان جێنشین بوو شاە عەبباس فەرمانی دا چەند گوندو شارۆلّکەیان خستە ژێر رکێفی بۆ ئەوەی خۆی و دەست و پێوەندانی لەوانەی کە لە دەمی شمشێر رزگاریان بوو بوو، تیا نیشتەجێ بن و بەکارو فرمانەوە خەریک بن.

جا بنەمالّەی (غیاث بەگ)و دەست و پێوەندانی لە کاشان و دەوروبەری بە ناوی تیرەی (ضەرابی - واتا = بکوژ، لێدەر) کە مەبەست پێچەوانەکەییّتی ناسران.. لەم دونبولییانەی کاشان، هەستیارو بوێژو شاعیرو هونەرمەندی زۆر هەلّکەوتوون کە لە شوینی خۆیا لێیان، دەدوێین(٦٢).

## ئەمیر شاهبازخان

کوڕی موڕتەضا قولّی خانە، سالّی ١١٢٢ک (١٧١٠) پاش مردنی باوکی بووە بە میری دونبولی، لەسەردەمی شاە عەبباسی دووەمدا یەکێ بوو لە یاوەران، بەلاّم لە سەردەمی شاە سلێمان و شاە حسێندا وازی لە یاوەری هێناو گەڕایەوە ناو عێلّەکەی و فەرمانڕەوایی (خۆی)ی پێ

رەضاخان قرخلویی ئەفشاری «بەپەلە بگاتە هەرێمی دونبولییەکان و، سەرکوتیان بکات و ریشەیان دەربێنێ.

سەرئەنجام لە نێوان عوسمانی و ئەفشارییدا سپای عوسمانی شکاو، (مورتەضا قولّی خان) لە شەڕا کوژرا.

ئینجا (نادر شاه) نامەی لێبوردنی بەناو تیرەی دونبولییا بڵاوکردەوەو قورئانێکی دەستنووسی «میرزا ئەحمەدی تەوریزی»ی بەناوی (متمانەوە) بۆ «نەجەف قولّی خان» نارد.. ئینجا ئەم سەردارە بە خۆی و تیرەی (دونبولی)یەوە گەڕایەوە پاڵ ئێران و لە (خۆی)ی نیشتمانی خۆیان دامەزرانەوەو لەگەڵ سەرانی دیکەی (دونبولی)دا پایەی بڵندیان درایێ کە (نادرشاه) کوژراو «ئیبراهیم پاشا»ی برازای لە جێی دانیشت.. پاش ئەویش لە سەردەمی بنەماڵەی (زەند)دا زۆر لە روو بوون.

«کەریم خانی زەند» لە مانگی ذی الحجە ساڵی ۱۱۷۷ک (۱۷٦٤ز)دا فەرمانی دا ئەم هەرێمانەی بخرێتە ژێر دەسەڵات: «ئەتراب - ئالان - بەراغوش - ئەرەونەق - میهران رود - سەرد صەحرا - دیهخوارەگان - ئوجان - هەشت رود. مەرەند. گەرم رود - سەراب - گەرگەرو هەندێ جێی دی.

جا لەم سەردەمانەدا کە «ئەمیر الئومەرا»ی «تەورێز» بوو، شاری «تەورێز» دووچاری بوومەلەرزە بوو، شارەکەی وێران بوو.. کوڕێکی «نەجەف قولیخان» لە ژێر دارو پەردووی وێرانەکانا مرد، بەڵام خۆی رزگار بوو.. پاشان ئەو شاری «تەورێز»ی دووبارە ئاوەدان کردەوەو شوورەیێکی بەرینی بەدەوری شاردا کێشا، دوازدە دەرگانەی هەبوو، هەروا سەراییێکی زلی بۆ کاروباری دەوڵەتی دوروستکرد، کە ئیمڕۆ پێی دەوترێ دەفتەر خانەی شاهی. ئەم نەجەف قولیخانە ئەدیب و زاناو شایەرو هەستیار بوو، ساڵی ۱۱۹٦ک (۱۷۸۲ز) مرد[٦٤].

**شەهبازخان کوڕی مورتەضا قولی خانی دووەم**

یەکێ بوو، لەوانەی کە لە دەورانی «ئیبراهیم شاه»ی ئەفشاری برازای (نادر شاه ئەفشار)دا زۆر لە روو بوو، لەگەڵیا چوو بەرەو خۆراسان و لە نەبەردی (ئیبراهیم شاه) بەرامبەر (عادل شاه)ی برای دا هاوبەش بوو.

پاش ئەوەی «ئیبراهیم شاه» کوژرا، پەنای بردە بەر «ئازاد خانی ئەفغان»و لەگەڵ ئەوا شاڵاوی کردە ئازەربایجان و بوو بە یەکێ لە فەرماندە گەورەکانی لەشکری ئەفغان دژی سپای کەریم خانی زەند..

هەروا لەو شەڕانەدا کە لە نێوان «فەتح عەلی خانی ئەفشار»و «کەریم خانی زەند»دا رووی دا ئەم (شەهبازخانە) بوو بە لایەنگری (فەتح عەلی خان). ئیمپراتۆری مەزنی ئێران لێی بووردو سەرداریتی (خۆی)و (سەلماس)ی دایێ.. پاش ماوەیێ وا دیارە کەریم خان لێی بەگومان بوو لەبەر ئەوە هەم «شەهباز خان»و هەم هەموو سەردارانی ئازەربایجانی بانگ کردە شیرازو لەوێ نیشتەجێی کردن.

سەرەڕای ئەم کارانەی، کەریم خانی زەند زۆری خۆش ئەویست، لەبەر ئەوە «صاحیب سوڵطانی خانمی» کچی خۆیی مارەکرد لە «ئەبوالفەتح خان» کوڕی.. ئەم سەردارە (دونبوڵییە ساڵی ١١٨٧ک لە شیراز کۆچی دوایی کرد(٦٥).

### ئەمیر ئەحمەد خانی دونبولی

گۆیا: پاش ئەوەی مورتەضا قولی خان و نەجەف قولیخانی برای خۆیان داوەتە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی، ئەو لە جێیان بە میری عێڵی دونبولی دانراوە، هەروا لە سەردەمی (کەریم خانی زەند)یشا کە شاهبازخان فەرمانڕەوای خۆی و سەڵماس بوو، ئەم ئەمیر ئەحمەدە هەر میری عێڵی دونبولی بوو، پاشان کە «شاهباز» لەسەر ئەمری کەریم خان چووە شیراز، ئەم ئەمیر ئەحمەدە مایەوەو لە خۆی و سەڵماسدا دەسەڵاتێکی زۆر بە هێزی بەدەس هیناو، بوو بە فەرمانڕەوای سەربەخۆی ئەو ناوەو، سەد هەزار خێزانی عێڵی دونبولی سەر بە ئەو بوون.

ئەحـــمـەد خـان تا بلـێـی پیـاوێکی زرنگ، ئازا، خـۆش خـوو، دانا، دادپەروەر بوو. لە خـۆشـیـی نەوازشی و لاواندنەوەی ئەو، هەزاران پیـاوی هونەرمـەندو پیشـەدارو وردەکـار لە شاری (خۆی)دا نیشـتـەجێ بوون. هەروا لە سـەردەمی دەسـەڵاتی ئەوا هەرێمـەکـانی (مـەرەند)، زەنور، ئەرەونەق، تاکناری رووباری ئەرەس، هەروا تەورێزو سـەڵمـاس و قـەرەجـەداغ، بووژانەوەو، گـەشـانەوە، جگە لەوە لەجێی شـارە کـۆنەکەی خۆی شـارێکی تازەی دوروست کـردەوەو کـۆڵان و شـەقـام و دەروازەکـانی، پان و پۆڕو راسـتـاڵ دامـەزراندو، باغ وباغـچـەییێکی زۆری بەدەوری شـاردا لێدا. لەناو شـاردا چەند گـەرمـاوە، کـاروانسـەروا خـان ومـزگـەوتی بنیـات ناو،ناردی گـومـزەکـانی هەردوو ئیـمـامی عـەسکەری لە سـامـەراءدا، دوروست کـردو، هەروا لەشاری خۆی سەراییێکی دەوڵەتی زۆر گەورەی دامەزراند.

لەم حـەلانەدا شـاری ئورمـیـە (رەضـائیـە)ی ئیـسـتـە، کـە ناوچەی ئوستانە (موحافەظە)، سەربەخۆی بۆ کورکانی (شەهبازخان)- کە خۆیان بە خـاوەن حـەق ئەزانی لە فـەرمـانڕەواییـدا لە «مـیـر ئەحـمـەد» کـەوتنە کنەو فـڕوفـێڵ و، لە «مـێـوانی»دا بڕیاری کـوشـتنی ئەویاندا.. بەڵام ئەو کـە لە دڵ پیسی ئەوان ئاگـادار بوو لەو حـەلەدا خـۆی لە هەیوانی کـۆشکەکـە خسـتـە خـوارەوەو خـۆی شـاردەوە. بەڵام کـوڕەکـان هەر لەو مـێـوانیـیـەدا کـوڕەکـەی ئەویان کـوشت، کـە ناوی «کەلب عـەلی خـان» بـوو. ئینجـا کـەوتنە پەیدۆزی ئەو، سـەرئەنجـام دۆزییـانەوەو رۆژی چوارشـەمـبـەی رەبیع الئـەول ١٢٠٢ک (١٧٨٩ز) کـوشـتـیـان و لەو مـزگـەوتەدا نێـژرا کـە خـۆی دوروسـتی کردبوو[٦٦].

## ئەمیر حوسەین قولی خان دونبولی

کـوڕی ئەمـیـر ئەحـمـەد بوو، کـاتێ کـە کـوڕەکـانی «شـەهبـازخـان» ئەمـیـر ئەحـمـەدیان کـوشت، ئەم کـوڕەیان بە دیل بردو خـسـتـیـانە زیندانەوە، بەڵام کـوڕەکـەی دیکەی کـە ناوی «جـەعـفـەر قـوڵیخـان» بوو دەربازبوبوو، خـۆی

گەیاندبووە نێو عێلی دونبولی و، لە ماوەی بیست ڕۆژێکا ژمارەییێکی باشی لە ئازایان و دلێرانی دونبولی کۆکردبووەوەو، (خۆی)و کوژیارەکانی دەردەست کردبوو و هەموویانی کوشتبوو[٦٧]. «ئەمیر حوسەین»ی براگەورەی خۆشی لە زیندان ڕزگار کردبوو و لەسەر تەختی فەرمانڕەواییتی دونبولییەکانی، دامەزراندبوو.

لەم حەلەدا «زەکی خانی زەند» لە جێی «کەریم خان» دانیشتبوو، دەوڵەتی دونبولی بەڕەسمی ناسی و فەرمانی بۆ مۆرکرد، کە ئەم جێییانەی لە ژێر دەستدابن: «خۆی، تەورێزو مەرەند».

ساڵی ١٢٠٤ک کە بنەماڵەی قاجار بەڕابەریی «ئاغا محەمەد خانی نێرەمووک» بەسەر «بنەماڵەی زەند»دا سەرکەوتن و زاڵ بوون، ئەم «ئەمیر حوسەین»ـە پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ «ئاغا محەمەد» بەست و دیاری و دەهەنەی بۆ نارد. «ئاغا محەمەد» کە ئەم دڵپاکییەی هەست پێکرد، هەرێمی «ئەردەبێل»یشی خستە ژێر دەستی و، کەوتە نەوازش کردن و لاواندنەوەی و داوای لێکرد ماڵ و خێزانەکەی لە شاری قەزوێن دابنێ، «حوسەین قولی خان» کاتێ کە «ئاغا محەمەد» شاڵاوی کردە سەر «قەرەباغ»و لەگەڵ «ئیبراهیم خەلیل جەوانشیر»ی ئەمیری ئەوێدا کەوتە شەڕەوە، ئەم لە هەراکانا تێکەڵ بوو و جوامێری و ئازایی نواند.

«ئاغا محەمەد» لە پاداشتی ئازایی یا پایەی «میری میرانی» دایێ و هەرێمی (قەرەچەداغ)یشی خستە سەر وڵاتەکەی ژێر دەستی و ئینجا کردیە سپا سالاری بەشی سپای ئازەربایجان.. پاشان «حوسەین قولی خان» لەگەڵ «ئیبراهیم خەلیل»دا پەیوەندیی زاواو خەزووری دامەزراند، لەسەر ئەمە «ئاغا محەمەد» لێی کەوتە گومان و، ناردی ماڵەکەی هێنایە تاران و لەوێ خستیە ژێر چاوەدێری و فەرمانڕەوایی «دونبولی»ی دا بە «جەعفەر قولی خان»ی برای.

کە ئاغا محەمەد خانی نێرەمووک لەوبەری ڕووباری (ئەرەس) لە قەڵای شووشدا ساڵی ١٢١١ک کوژرا «صادق خانی شکاک» شۆڕشێکی

هەڵگیرساندو بە سپاوە رووی کردە تاران بۆ سەرکوت کردنی «فەتح عەلی شای قاجار» کە لەجێی «ئاغا محەمەد» بوو بە شاه و، بەشێکی هێزەکەی خۆی نارد کە بچن شاری (خۆی) داگیربکەن، کە پایتەختی فەرمانڕەوایی دونبولییەکان بوو، بەڵام «فەتح عەلی شاه» لەشەڕدا بەسەر (صادق خان)دا زاڵ بوو و سەردارێتی تەورێزو خۆیی دا بە «جەعفەر قولی خان»، بەڵام زۆری نەبرد، جەعفەرخان و صادق خانی شکاک و محەمەد قولی خان ئەفشار پەیمانی دۆستایەتیان بەست و دژی «فەتح عەلی شای قاجار» شۆڕشیان هەڵگیرساند. «فەتح عەلی شاه» لە دوستووری «خەڵک تێکدان و بەسەرا زاڵ بوون» (فَرِّق تَسُدْ)دا دەستێکی باڵای هەبوو. دەس بەجێ رووی نەوازشی کردە «ئەمیر حوسەین قولی خان»و سەرەڕای خەڵات و نیشان، فەرمانڕەوایی تەورێزو قەرەج داغی دایێ و، خستیەڕێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارو سپاییێکی خستە ژێر فەرمانی «جەعفەر قولیخان» کە بەرامبەر بە سپای قاجار توانایی بەرەنگاری نەبوو.

سالی ١٢١٣ک، بەرەو «بایەزید»و سەرسنوورەکانی عوسمانی هەڵات و، بە زۆرو بە رەضا ژمارەییێکی زۆری لە سەران و دلێرانی دونبولی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و برد.. هەرکە ئەو (خۆیی) بەجێهێشت «ئەمیر حوسەین قولیخان» گەیشتە خۆی و لەسەری شارا دابەزی.

«فەتح عەلی شاه» لەم سەردەمەدا هاتە (ئازەربایجان) «ئەمیر حوسەین قولی خان» خولێکی کرد بۆ سەردانی «خۆی»و لە باغی «دڵ گوشا»دا مێوانداری لێکرد، کە ئەوەندە باغێکی خۆش و گەش و بەگوڵ و گولزار رازاوەیە کە «رەوضەیی ریضوانی بەهەشت» بەرامبەری ملکەچ ئەبێ، پاش خزمەت، بایی چەند هەزار تومان دیاری و دەهەنەی زۆر نایاب و بەنرخی ئامادەکرد، لە کالای روسی و فەرەنگی و رۆمی و، لەچەند زەواری وشترو هێستر باری کردو، خستییە بنەو بارگەی شاه. لەم مێوانی یەدا سەدان میرو بەگلەروو سێ هەزار سوارو پیادەشی لە تەکابو.

هەرکە «فەتح عەلی شاه» ئازەربایجانی بەجێهێشت و هەواڵی

سەرکەشیی حوسەین قولی گەیشت جەعفەر قولی خانی برای، زۆر دڵ تەنگ بوو، لەم هەلە سوودی وەرگرت و ژمارەیێ زۆری لە کوردانی یەزیدی و شکاک و دونبولی کۆکردەوەو شالاوی کردە «خۆی» حوسەین قولیخان لە تاوان هاواری بردە بەر فەرماندەیان و میرو بەگلەرانی سەر بە قاجارو داوای یارمەتی کرد، هەروا سکالا نامەییکی دوورودرێژی بۆ «فەتح عەلی شاه قاجار» نووسی.. بەم جۆرە یارمەتییەکی زۆری بۆ هات و لە شەڕدا بەسەر «جەعفەر قولیخان»ی برایا زاڵ بوو.. لە رێی دوو دەسەلاتی گەورەدا هەزارەها هەژارو بێ دەسەلاتی کورد بوون بە پێناو، بەلام «حوسەین قولیخان» لەم سەرکەوتە سوودی نەبرد، نەخۆش کەوت و پەیکی ئاکامی مەرگ چنگی لەیەخەی قایم کردو هەر لە ساڵی ١٢١٣دا مرد.

ئەمیر حوسەین قولیخان دونبولی: پیاوێ بوو زانا، هوشیار، حەز لە ئاوەدانکاری، شارەزای پزیشکی و هەستێرەناسی و ئەندازیاری. لەو سەردەمەدا کە میرێکی بە دەسەلات بوو لە شارەکانی خۆی و تەورێزو شارۆڵکەکانی ژێر دەستی دا چەندین مزگەوتی دروستکرد، یەکێ لەوانە بە مزگەوتی خان بەناوبانگە.. هەروا ناردی لە سامەڕاء ئەو گومەزانەی تەواوکرد کە باوکی بەسەر گۆڕی دوو ئیمامی عەسکەرییەوە دوروستی کردبوو، هێشتا تەواو نەبووبوو مردبوو(٦٨).

### ئەمیر جەعفەر قولیخانی دونبولی

ئەم کابرایە نازناوی (باطمان قلیج) بوو. کەکوڕانی «ئەمیر شاهباز خانی دونبولی» «ئەمیر ئەحمەد خان» باوکیان کوشت، ئەم خۆی دەربازکردبوو، بەناو عێڵی دونبولی و عێڵە کوردەکانی ترا گەڕابوو هێزێکی گەورەی پێکەوەنابوو، هەڵی کوتابووە سەر ئامۆزاکانی خۆی و هەرێمی خۆیی لە دەس دەرکردبوون و بەهاوکاری حوسەین قولی خانی برا گەورەی کاروباری هەرێمەکەی بەڕێوەدەبرد.

بەڵام کاتێ «ئاغا محەمەد خانی قاجاری نێرەموک» (پایتەختەخان)، دەوڵەتی زەندی رووخـان و دەوڵەتی قاجـاری دامـەزراند، ئەم ئەمـیـر حوسەینەی بانگ کردە تاران و، ئەمیر جەعفەری لە جێی بوو بە ئەمیری دونبولی.

ئەم کورە ئازاو دلێرە لە شەڕەکانی «قەفقاز»و «فارس»و «کرمان»دا یاریدەی «ئاغا محەمەدی»دا بوو بە سپا سالاری ئازەربایجان، کە «ئاغا محەمەد» کوژراو «فەتح عەلی خان» جێی گرتەوە، فەرمانڕەوایی بۆ مۆرکرد. لەم کاتەدا «صادق خانی شکاک» ترسی لێ نیشت هەرێمەکانی «سەرد رود - گەرم رود - سەراب»ی چۆڵ کردو بە عێڵ و خێڵەکانی دەوروبەریەوە کۆچی کردە «شیروان»، بەڵام «جەعفەرخان» لەم کارە زۆر پەست و دڵگیربوو، نامەی بۆ نووسی و، چەند جار لەگەڵ یەکدا نامەیان گۆڕییەوەو داوای لێکرد بگەڕێتەوە هەرێمەکانی ژێر دەستی خۆی، تاوەکو دژی (فەتح عەلی شاه) شۆڕش هەڵگیرسێنن. هەرکە (فەتح عەلی شاه) لەم تەگبیرو فڕوفێڵە ئاگا بووەوە یەکسەر «ئەمیر حوسەین قولی خان»ی لە تارانەوە ناردەوە بۆ خـۆی -(ئەوەبوو لە سـەرەتادا وتبـوومـان کـە ئاغـا محـەمـەدی یەختـە لێی ترسـابوو، بردبوویە تاران) وەک لەمـەوبەر وتمان، ئەمیر حوسەین یەک ساڵ میرێتی کردو مرد.

ئینجا جەعفەرخان و فەتح عەلی شاه رێک کەوتن بەو مەرجەی کوڕە گەورەکەی بنێرێتە تاران لە کۆشکی شاییدا بارمتەبێ، جەعفەرکوڕەکەی خۆی لەگەڵ «مەلا ئیبراهیمی خۆیی»دا کە یەکێ بوو لە موجتەهیدە گەورەکان - بارد بۆ تاران و، خۆیشی لە شاری (خۆی) دانیشت.

بەڵام (فەتح عەلی شاه) بەوە وازی نەهێنا «عەباس میرزا»ی کوڕی - کە وەلی عەهدو نائب السلطەنە بوو ناردە ئازەربایجان دوستووری دایێ کە بنێرێ بە دوای «جەعفەرخاندا» بێتە دیدەنی، ئەگەر نەهات ئەوا نیازی خراپە، لەشکر دەنێرێتە سەری، لە قەڵاو شاری (خۆی) دەری دەکات و لە جێی ئەو «مەحمود خانی دونبولی» دەکا بە فەرمانڕەوای دونبولی و

هەرێمەکە.

عەبباس میرزا هەر کە گەیشتە (تەورێز) ناردی بە دووی «جەعفەری قولی خان»دا کە بێتە دیدەنیی، بەڵام (جەعفەر خان) زانی کە دنیاچی باسە، نەهات، عەبباس میرزا بە سپاییێکەوە شالاوی کردە سەری. جەعفەرخان گران باری گوێزایەوە بۆ قەڵای «هودر» کە ئێستا گوندێکە سەر بە «شاهپور = سەلماس»و فەرمانیدا بە «کاظم بەگ»ی برای بە هێزێکەوە بەرگری لە خۆی بکات و جەعفەر قولی خان خۆی لە «هۆدر»ەوە رووی کردە (بایەزید)و (قارص) بۆکۆ کردنەوەی هێزە کوردەکان. (عەباس میرزا) بەسەر «کاظم بەگ»دا زاڵ بوو، شاری خۆیی داگیرکردو خەڵکەکەی تالان کردو بە کوردو ئەرمەنییەوە هەمووی بە شیرو تەورو گوللە قڕان کردن. جەعفەر قولی خان کە ئەم هەواڵە ناخۆشەی بیست بە پازدە هەزار کوڕی کوردی ئازاوە لە دێی «موغان جق» کە لە نێوانی خۆی و شاهپور سەلماس دایە رێی لە سپاکەی عەباس میرزا گرت و رووبارەکەی شکاندە پێ دەشتەکە، کە کاتێ لەشکرەکەی عەبباس میرزا تەنگەتاو بێن هەموو لە قوڕ بچەقێن. رۆژی 7 رەبیع الثانی ١٢١٤ک هەردوو سپا تەقین بەیەکاو پاش شەڕو کوشتارێکی سەخت لە هەردوولا، ئەمجارەش جەعفەر قولیخان شکاو هەڵات خۆی لە قەڵای قوتور (کوتور)دا قایم کرد، پاشان لەوێوە چووە قەڵای (ماکۆ)و لەوێوە چووە قەڵای «چخور سعد» تا ساڵی ١٢١٨ک بەناو عێلە کوردەکانا دەهات و دەچوو، ئینجا پەنای بردە بەر فەرماندەکانی رووس و بە یارمەتی هێزەکانی رووس شالاوی بردە سەر سپای قاجارو لە نێوانی هەردوولادا شەڕ دەستی پێکردو شەڕەکە دە ساڵی رەبەق (واتا تا ساڵی ١٢٢٨ک) درێژەی کێشا، پاش ئەم شەڕانە کە ئێران کەم هێزو بوو جەعفەر قولیخان، ساڵی ١٢٣٠ک ، ١٨١٥ز خۆی و شەکیی لە ئێران داگیرکردو کوڕەکەی کرد بە فەرمانڕەوای ئەو ناوەو خۆیشی گەڕایەوە ماکۆو هەر ئەو ساڵە (١٣٣٠ک) لەوێ کۆچی دوایی

کردو تەرمەکەیان بردە (سامەڕاء)و لای گۆڕەکەی باوکییەوە ناشتیان و لەمەدوا دونبولی بوون بە تورک.. ئەم جەعفەرخانە پیاوێکی دلێر بوو، تا ما، هەر کورد بوو. فەتح عەلیخانی دونبولی کە بەنازناوی صەبای کاشانی بەناوبانگە هەڵبەستی زۆر بەرزی هەیە دەربارەی ئەم جەعفەر قولیخانەو دەربارەی شاری خۆی وەک باسی ئەکەین.

## هەندێ لە شاعیرو ئەدیبەکانی دونبوڵی

صبا؛ فەتح عەلی خانی دونبوڵی (کاشانی). خوێندنی لە شیرازو لە جێیانی تری بووە، کە فەتح عەلی شای قاجار لەسەر تەخت دانیشت لە هەڵنانی ئەوا چەند پارچە هەڵبەستی وت و کردی بە «شای شاعیران»وماوەیەکیش فەرمانڕەوایی قوم و کاشانی داین. ئەو کتێبانەی دایناون:

**١- شاهەنشاهنامە، بەپەیڕەوی لە شانامەی فیردەوسی**
**٢- خوداوەند نامە.**
**٣- گوڵشەنی صەبا.**
**٤- دیوانی شیعر.**

لە هەڵنانی شاری خۆی و جەعفەر قولیخانی دونبولیدا پارچە هەڵبەستی دوورو درێژی هەیە لە پاومانیدا دەڵێ(٥).

**جەعفەر قولی خان خدێوێکە، ئاسمان پایە**
**بەسەر سەروەرانی جیهانا هەیەتی پایە**
**فەرمانی ڕەوایە بەسەر میرانی سەردەما**
**ئەوی بکا سەرکەشی ئەمرێ لە خەما**
**لە ئاوێنەیی رایا نهێنییەکانی گێتی**
**وەکو وێنە دەرئەکەوێ بەبێ دەرفەتی**
**جوانی و شکۆیی ئەو بمێنێ هەتا هەتا**

**چون، جوانی و شکۆی خوایی هەر ئەمەتا**
**وەک مانگی شەوق بەخشە لە چەرخی دانشا**
**تاجی سەر گەرچی بەسەر سەریەوە نازئەکا**
**بەڵام تاجی ئەو بێزی دێ لە تاجی شاهان و خۆی دەرباز ئەکا**
**دەربارەی لوطف عەلی خانی زەندیش وتوویە:**
**ئەی پەیکی نەسیم، بەرەو بەندەری بۆشەهر برۆ بەرەو**
**بگەرە بەرپێی شاهی فرەیدون خەری خورشیدی برەو**
**مەلیکی کیشوەری زەندە لوطف عەلی خان شاه**
**یاوەری لوطفی عەلی بێ، بەندەیی راستینی خوا**

لە سـاڵانی ١٢٣٨ک دا کـۆچی دوایی کـردووە. ئەدوارد براون لەبەرئەوەی هەر هەڵبەستەکانی (مەدح)ە حەزی لێ نەبووە[٦٩].

**صەبا:**
مەحمود خانی کوڕی محەمەد حوسەین خانی دونبولی نەوەی (صەبا)ی پێشـوو. لە تاران (١٢٢٨ک) لە دایک بووەو هەر لەوێ خـوێندوویە. سـەردەمێ والی کـوردسـتـان (ئەردەلان) بووە، هەم وێنەگرو پەیکەرسازو چاترین شاعیر بووەو نازناوی شای شاعیرانی دراوەتێ. چەند بەیتێ لە بەهارییە بەناوبانگەکەی وەرئەگێڕین:
**زۆری نەماوە، بەهاربێ بە گوڵی روویی یار**
**زەوی ببێ بە دیبایی رۆم، بگەشێتەوە بە نیگار**
**لەسەردەمی نیوەشەوا، بەهۆی نەسیمی میسک بارەوە**
**دەمی غونچە بپشکوێ و پربێ لە میسکی ئاسکی تەتار**[٧٠].

**صەبا:**
ئەبوئەلحەسەن کوڕی کەمال ئەلسەلطەنە نەوەی ملک ئەلشوعەرا

صەبای دونبولی. ساڵی ١٢٨١ک لە دایک بووە، یەکێ بوو لە مۆسیقارە هەرە بەرزەکانی ئێران زۆر کتێبی دەربارەی مۆسیقا داناوە، بووە بە مامۆستای هونەرە جوانەکان[٧١]. ساڵی ١٣٣٦ مردووە.

### ئیبراهیم کوڕی حوسەین کوڕی عەلی دونبولی

ساڵی ١٢٤٧ک (١٨٣١ز) لە شاری خۆی لە دایک بووە، هەر لە ئازەربایجان خوێندوویە، زۆری کتێب داناوە، وەکو «ملخص المقال فی علم الرجال»و «الدره النجفیه فی شرح نهج البلاغه»و «شرح الاربعین حدیثا»و «رساله فی علم الاصول».

ساڵی ١٣٢٥ک (١٩٠٧ز) لە سەردەمی شۆڕشا لە دژی دیکتاتۆرییەتی قاجارەکان لە ماڵەکەی خۆیا بە گوللە کوژرا(٧٢).

### ئەمیر ئەصلان خانی دونبولی

کوڕی میر ئەحمەد خان بوو، زانایێکی بە رێزی، سەردەمی میری دونبولی یەکان بوو. پاشان خووی دایە دەروێشی. خەتێکی زۆر جوانی هەبوو. ساڵی ١٢٤٥ مردو لە سامەڕا نێژرا[٧٣].

### بەهاء الدین محەمەدی دونبولی

کوڕی عەبدولڕەزاق بەگی کوڕی نەجەف قولی دونبولییە، باسی باوکیمان لە سەرەتادا لە پەراوێزێکا نووسیبوو. ئەم بەهائودینە هەم هەستیارو شاعیر بوو تەفسیری قورئانی نووسیوەو هەم نووسەرو خەت خۆش. بە زمانی فارسی شەرحی لەسەر دیوانی ئەنوەریش کردووە.

### حەیران خانمی دونبولی

یەکێکە لە هەستیارو شاعیرە بەرزەکان، لە شاری نەخچەوان لە دایک بووە، بنەماڵەکەیان لە خۆیەوە باریان کردۆتە ئەوێ.

ئەم حەیران خانمە گرفتاری دەردی دڵداری بووەو هەشتا ساڵێ ژیاوەو بە کچی ماوەتەوەو شووی نەکردووە. لەم پارچە هەڵبەستە فارسییەدا دەڵێ:

**رێ مەدە بەوانەی هەواو هەوەس پەرستن بێنە دیوانت**
**خەڵک لە دەوروبەری شەکر مەگەس دوور ئەخەنەوە**
**گوڵزار کە خاڵێکە لە چارەی گوڵڕەنگی تۆدا**
**دڕکە لە دڵی مندا حەزم لێیە لەگەڵ تۆدا لە قەفەسابم**

### خاوەر

مەحمود خانی نەوەی شاهبازخانی دونبولی، زانایێکی باش و هەستیارێکی بەزەوق بووە، سەردەمێکیش وەکیلی فەرمانڕەوای ئەسفەهان بووە. لە هەڵبەستێکا دەڵێ:

**چییە ئەم ئاگرە ڕەوانەی وەکو ئاوەڕەوان؟**
**ئاگرێکی تاواوەیەو جێی ئاوێکی مەییوی گرتووە؟**
**ئەستێرەیە نەک ئەستێرەیی شەوی تار**
**ئاگرە نەک ئاگری دوکەڵدار**
**پەیکەرێکی دڵ سووتێنە گەوهەرێکە صافە**
**ئەسکلێکی بەتینە جەوهەرێکە روون هەروەک گیان**

### غەریب

عەلی کوری محەمەد کوری عەبدولڕەزاقی دونبولی، یەکێکە لە شاعیرانی هونەرمەند، ساڵی ١٢٧٥ک لەگەڵ ئەمیر گەرووسیدا بۆ خوێندنی سیاسی چووەتە پاریس تێبینێکی دەربارەی پێشکەوتی ئەورووپا داناوەو کتێبێکیشی کردووە بەفارسی، لەپارچە هەڵبەستێکدا دەڵێ:

**جۆرێ لەبنج ریشەت دەرهێناوم**
**رۆژی عەشر لە یادم ناچێتەوە**

**مری دڵ لەهەوەسی داوی تۆدا هەردەم ئەڵێ**
**ئەی مەخابن کەمن سەرم رۆیی لەپێناواو پێم ئازادە**
**لەغەمت بەناڵەیی دڵ سوتێن وا ئەناڵم**
**ئاسمان دێتە لەرزین لەتاوی فەریادم**

بەڵێ: لەهەمـوو گـۆشـەو کناری ئەم خـۆرهەلاتی ناوەڕاسـتـەدا هەزارەها بنەمـاڵەی کـورد بەم جـۆرە لەکـوردایێـتـی شـۆراونەوەو خـزمـەتی زمـانی بێگانەیان کردووە.

**پەراوێزەکان:**

١- مروج الذهب١/٢٥٣.
٢- اليزيديه، ٢٣٧ .
٣-ئەلقاموس الموحيط، ٣/٣٧٧ .
٤- لوغەتنامەی دیهخودا پیتی دال.
٥- کـوڕی نەجـەف قـولێـخـانی دونبـولییـە نازناوی مـەفـتـونە. هەسـتـیـارێکی مـەزن و نووسـەرێکی بەناوبانـگە، لەدەورانی ، قـاجـاردا، ژیاوە، عـەرەبی، تورکی، فـارسی، کـوردی زۆرباش زانیـووە، بەلام وەکـو هەمـوو زۆڵە کـوردەکـان یەکـجـار رقی لەکـورد بووە، لە کـتـێـبـەکـانیـدا هەزاران جنێـوی داوە بەزەندییـەکـان، ئەردەلانی یەکـان، بابانەکان، سەرۆک تیبیرەکانی کوردی بلباس و هیتر کە چوون بەگژ ئێزانا!!
لەنووسراوەکانی ئەمانەیان بەناوبانگە تەجریبەت ئەلئەحرار، مەئاثر سولطانیە، حەدائق، نیگارستان، دیوانی هەلبەست.
٦- ریاض الجەننەت، ئەنساب ئەلئەکراد، الریاض الخلدو....
٧- شەرەفنامە، ١/٣٢٣ .

٨- ئەم باسە لەزنجیرە وتارەکەی تەوفیق وەهبی، دینی کۆنی کورد، وەرگیراوە کە لەژمارەکانی گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە.
٩- ئەلقاموس الموحط ٢/٣٣٧ .
١٠- لوغەتنامەی دیهخودا، ١٨٦/٢٦١، پیتی دال.
١١- شەرەفنامە، ١/٣٢٢-٣٣٦، ئەم باسانە ئەمین زەکی بەگیش لە ئاثاری شیعەی وەر گرتووە.
١٢- تەئریخ خۆی، ١٣٦، تەئریخ الدوەل وە الئیمارات الکوردیە، ٣٨٣ .
١٣- تەئریخ الدوەل وەالئیمارات الکوردیە. ٣٨٥ .
١٤- شەرەفنامە، ١/٣٢٢-٢٦ .
١٥- تەئریخ الدوەل وەالئیمارات الکوردیە. ٣٨٥ .
١٦- ئەم ناوە لە، ئەلکامیل ئیبن الئەثیردا، ٦/٥٠٦، بەپێی روونووسەکان(فهرجس، مهرخوش، مهر حوش) لەپەراوێزەکان، (فرجس، مهرخوش، مهرحوش) نووسراوە، بەڵام لە «طەبەری دا» «جەعفەری کوردی کوڕی مهرجش» نووسراوە کە دەبێ هەڵەبن و راستییەکەی «مهرحەسەن = میر حەسەن» بێت.
١٧- مانعیس، دیارە هەڵەیە دەبێ مانگیش بی، بەهەشتی ئەنوەرمائی لەکتێبی (بادیناندا ئەم باسانەی لەکتێبی داسنائی وەرگرتووە کە هی یەزیدیەکانە و ئێمە نەماندیوە.
١٨- داسن= لە بنەڕەتا لە «دەئیڤەسنە» وە هاتووە، واتە دێو پەرستان، ئەم چیایە هەر لەو حەلەوە کە کوردەکان «دەئیڤە= دیڤا، دیاوس»یان پەرستووە، تائەمڕۆ شوێنەواری «ئێزەدی»یەکانەو، هەر لەبەر ئەوەبوو کە لەمەوپێش بە «ئێزەدی»کان ئەووترا «داسنی».
١٩- ئەم باسە بەپێی هەندێ وتە ساڵی «٢٢٦» رووی داوە سەیری طەبەری بکە بۆ ئەم باسە لە هەواڵەکانی ساڵی «٢٢٦»ی کۆچیدا.
٢٠- تەئریخ الدول وە الئیمارات الکوردیە «٣٨٥»و مشاهیر الکورد.
٢١، ٢٢- هەمان دوو سەرچاوەی ناوبراو.
٢٣- تەئریخ الدول والئیمارات الکوردیە «٣٨٥و/مەشاهیری کوردو کوردستان.
٢٤- هەمان دوو سەرچاوەی سەرەوە.
٢٥- بۆ لێکۆڵینەوەی سەرنجی زۆر فەرهەنگ و مێژوو دراو، تەنانەت «دائیرەت المعارفی فارسی غولام حوسێن» فەرهەنگی موعین.
٢٦- تەئریخ الدول وە الئیمارات الکوردیە «٣٨٥»، وە مەشاهیر الاکراد.

٢٧- تەئریخ الدول وە الامارات الکوریە «٣٨٥» وە مەشاهیر الکورد و کوردستان.
٢٨- شەرەفنامە «٣٢٤» .
٢٩- کتێبەکانی ئەمین زەکی بەگ، هەمان لاپەرە.
٣٠- فەرهەنگی موعین دائیرەت المعارف.
٣١- تەئریخ الدول وە الأمارات الکوردیە «٣٨٦» وەمەشاهیر الکورد و کوردستان.
٣٢- هەمان سەرچاوە.
٣٣- هەمان سەرچاوە
٣٤- هەر ئەوانەی پێشوو.
٣٥- تەئریخ الدول «٣٨٦».
٣٦- تەئریخ خۆی لە زمانی تەئریخ ئەدەبیاتی ئێرانەوە.
٣٧- تەئریخ الدول وە الأمارات الکوردیە «٣٨٦»
٣٨- تەئریخ خۆی «٩٩»و تەئریخ الدول وە الأمارات الکوردیە «٣٨٦»
٣٩- هەمان تەئریخ خۆی، ٩٩ .
٤٠- شەرەفنامە، پەراوێز،ی، ٣٣٠، و ئەحسەن التەواریخ ٣٣٨ .
٤١- شـەرەفنامـە (٢٣٦)، ئەحـسـەن التـەواریخ شـاملو (٣٣٨) تەئریخ الدوەل وەالئیمارات الکوردیە (٣٨٩).
٤٢- شەرەفنامە (٣١٤-٣٢١).
٤٣- شەرەفنامە (٣٢٦) و. تەئریخ خۆی (١٥٢).
٤٤- هەمان دو سەرچاوە.
٤٥- (٣٢٧/٧) شەرەفنامە.
٤٦- تەئریخ الدوەل وەالئیمارات الکوردیە (٣٨٧).
٤٧- تەئریخ خۆی (١٥٣) پەراوێز.
٤٨- تەئریخ خۆی (١٥٦) شەرەفنامە (١/٤٠٤).
٤٩- مەبەست لە تومان لەو حەلەدا کیسەیێ دراوی زێربوو.
٥٠- شەرەفنامە (١/ ٣٣٠).
٥١- شـەرەفنامـە (١/ ٣٣٠)و عـالـم ئارای عـەببـاسی ((٢/٦٥٧)و تەئریخ خـۆی ((٦٥٧/٢).
٥٢- شەرەفنامە (=/ ٣٣٠)تە ئریخ خوی (١٦٠).
٥٣- عالەم ئارای عەبباسی (٢/٦٥٧).
٥٤- روضەت الصەفا (٣٤٩)و عالەم ئارای عەبباسی (٢/٦٤٣) . ٦٥٧،٦٧٨).

٥٥- لاپەڕە (١٧٣).
٥٦- لاپەڕە (١/٣٣١).
٥٧- تەئریخ الدوەل وەالئیمارات الكوردیە (٣٨٧).
٥٨- عالەم ئارای عەبباسی (٦٤٣/٢و، ٦٥٧).
٥٩- تەئریخ خۆی (١٧٣)
٦٠- پەراوێزەكانی شەرەفنامە (= ١/٣٣١)و تەئریخ الدوەل (٢٨٧) و تەئریخ خۆی (١٧٧).
٦١- پەراوێزەكانی شەرەفنامە (١/٣٣٤)و تەئریخ الدوەل (٢٨٧) تەئریخ خۆی ١٧٨ .
٦٢- تەئریخ خۆی ١٧٨ و هوامش شەرەفنامە (١/٣٣٤).
٦٣- تەئریخ خۆی لاپەڕە (١٧٨)و تەئریخ الدوەل وەالئیمارات الكوردیە (٣٨٧).
٦٤- عالەم ئارای نادری (٣/٣٨، ١٠٠، ١١٠)و تەئریخ خۆی ١٨٥-١٩٥ و پەراوێزەكانی شەرەفنامە ٣٣٤ .
٦٥- تەئریخ خۆی (١٩٦-٢٠٨) موجمەل التەواریخ زەندیە لاپەڕە ٣٦٦-٣٦٨ .
٦٦-
٦٧- خاوەنی تەئریخی خۆی وای داوەتە قەلەم كە ئەم ئەمیر جەعفەرە پەنای بردۆتە بەر، محەمەد قولی خان، سەرۆكی عێلی ئەفشارو بەیارمەتی ئەو بەسەر مامەكانیی خۆیا زاڵ بووەو فەرمانڕەوایی میرانی خۆیی لەدەستیان سەندۆتەوەو حوسەین قولی خانی برا گەورەی لەسەر تەخت داناوە لاپەڕە (٢٠٩).
٦٨- تەئریخ خۆی ٢٠٨-٢١٨و پەراوێزەكانی شەرەفنامە ٣٣٣ .
٦٩- فەرهەنگی موعین، فەرهەنگی عەمید، تاریخی ئەدەبیاتی ئێران.
٧٠-نمونەهای نەظم و نەثری فارسی.
* لەفارسییەوە تەرجومە كراون.
٧١- فەرهەنگەكان.
٧٢- (٧٣)، (٧٤) تاریخی خۆی.

**تێبینی: ئەم باسە لەژمارەكانی (٣٢-٣٣)ی گۆڤاری كاروانی زێڕین سالی ١٩٨٥ بلاوكراوەتەوە**

# دەوڵەتی شاهینیی کورد
# فەرمانڕەوایی ((شاهێنی))
# لە هەوراوەکاندا

# دەوڵەتی شاهینیی کورد
# فەرمانڕەوایی «شاهێنی» لە هەوراوەکاندا

**پێشەکی:**

هەوراو وشەییێکی کوردییە، لەگەڵ زەلکاودا یەک مەبەست ئەگەیێن و یەک واتان، دوور نیە عەرەب ئەم ناوە کوردییەیان کردبێ بە «هۆر»و «ئەهواری ووشەی گشتی»، دەڵێم دوور نیە، چونکە عەرەب لەسەردەمی ئەمەوی و عەبباسی دا وشەی (بطیحە بطائح)یان بەکارهێناوەو ئەم وشەی «هور»ە دوواتر کەوتۆتە سەر زمانان.

مەبەست لە هەوراو (هور - اهوار) ئەو سەرزەوییە زەلکاوە قامیشەڵانە جەنگەلەیە کە ئەکەوێتە نێوان (بەصرە-ئەهواز (ئاوەزێ) عیمارە-کوت-ناصریەو..)ە ئەم خاکە لەسەردەمی «ساسانی»دا وشکان و پڕ لە باغات و کشتوکاڵ بووە [1]. پاش رووخانی دەوڵەتی ساسانی، لە سەردەمی سەرەتای ئیسلام و دەورانی ئەمەویدا، بە هۆی ئەوەوە کە «سەوادالعراق» «رەشە خاکی عێراق» هەموو باغە خورماو دارستان و کشتوکاڵ بووەو سپای ئیسلامی «غازی»ش لە سەر گەدەی خەڵکی ژیاون، تەنانەت «دینەوەر» بەشە مانگانەی ژیانی خەڵکی (کوفە)و «نەهاوەند» بەشە مانگانەی خەڵکی بەصرەو بە مانە وتراوە ماە کوفە و ماە بەصرە و ماهانەی دیکەی زۆر بووە، وەکو ماە دینارو ماھـ سەبەزان تاد...(٢)

ولاتەکە فەرامۆش کراوە، سەکری رووبارەکان شکاوەو جۆگەکان رژاوەتە نەرمانە نزمەکان هەمووی وەرگەڕاوە بە هەوراوو زەلکاو. جا لە سەردەمی «ئەمەوی»دا ئەوانەی دژی دەوڵەت بوون و بەدناوی (خارجی)یان پێوە دەنرا پەنایان دەبردە ئەم قامیشەڵان و جەنگەلانە، «حەجاج» کە والیی

عـێـراق بـوو (کـوفـه)ی بـەجێ هێـشت و بۆ ئەوەی نزیکی هەوراوەکـان بێت و زوو زوو هەڵـمـەتی یاخـی‌یان بدات چـوو شـاری (واسط)ی دروسـتـکردو لەوێ دانیـشت. ئەم هەوراوانە، تەنهـا بەناوی خـێـڵ و عـێـڵـی دەوروبەر نەبوو، بەڵکو (زەنجی‌یەکـانی پەیڕەوی قـەرمـەطی)ش کـە لە دەوروبەری بەصـرە بوون، ئەوانیش کـە تەنگەتاو دەکـران، پەنایان دەهێنایە زەلکاوەکـان و لەناو هەوراوەکـانا لەسـەر گـردۆڵکەو وشکانی شـارو قـەڵایان دروست دەکـرد، لە سـەردەمی عـەبباسـیـشـدا هەورامـەکـان قـەڵای قـایمی یاخـیـیـەکـان بوو، چۆن ئەوان نەدەگـەیشـتنە چیـاکـانی کـوردسـتـان، مـەگـەر وڵاتـەکـانی خـۆیان بە تەواوەتی بەجێ بهێشـتـایە. کـە «بوەیهی»یەکـان بەسەر خـەلافـەتی عـەبباسی دا زاڵ بوون و دەسـەڵاتیـان لـە دەسـتـیـان وەرگـرت و تەنهـا مـافی ئەوەیان درایێ کـە ناویان خـەلیـفـە بێ و لە سـەر بەرمـاڵی خـەلافـەت دابنیـشن و ڕۆژانی هەینی لە وتارا ناویان بە شکـۆیی بهـێـنرێ، ئا لەم کـاتەدا کـە «سـولـطان موعـز ئەلدەولەی بوەیهی» وەکو سـولـطانێک لە بەغدا جێگیر بوو کـردیە پایتـەخت ئا لەم سـەردەمـەدا هەرێمی واسط (کـوت) بەشێ بوو لە کـوردسـتـان، عـێلات و خێـلاتی کـورد لەم نـاوەدا فـرەفـرە بوون، وەک لەمەودوا باسی دەکەین.

وەک دێتـەوە بیـرم لە کـتـێـبی «مـێـژووی حـەسنوەیهی و عـەییـاری دا باسی ئەوەم کـردبو، کـە ئەم هەرێمی کـوتە (واسط ی کـۆن) لەوەبەر سـەراپا دەوڵەمـەندی کـورد بوون، چاوچنۆکـان هەمـیـشـە هەڵـمـەتیـان دەدان بۆ ئەوەی تـاڵانیـــان بـکـەن. لە دەورانی خــەلافــەتی «الراضي بالله عــەباسی»دا، «بوجگوم» کــە لە ســەرەتادا خــولامـی پەروەردەی «ئەبو عــەلی عــارضی دەیلەمی وەزیری«مـاکـان» بوو «مـاکـان» لە ئەبوعـەلی خـواسـتـبـوبەوە کـردبویە نۆکـەری تـایبـەتی خـۆی، بەڵام لای «مــاکـــان» نەمــایەوە هەڵات چووە لای «مەرداوێژ»و جێی خۆی خۆشکرد، جا بە نیـازی پێشکەوتن کەوتە خیـانەت بە دەسـتـەکی هەندێ لە سـەرداران و فـەرمـاندەیان «مـەرداوێژ»ی کـوشت و

هەڵات بەرەو بەغدا، سەردارانی دەوروبەری خەلیفە ڕێیان نەدا، ناچار چوو بەرەو (واسط)، لەوێ بوو بە سەرلقی بەشێ لە هێزەکەی (محەمەد کوڕی رائیق)و ناوی خۆی نا «بوجگومی رائیقی»و لەگەڵ «عبدوالله بریدی» سەرەک وەزیری خەلیفە کەوتە شەڕەوەو، دووجار شکستی پێ داو سپاکەی بەزاند، پاش ئەوە ئنجا خیانەتی لە «رائیق» کردو سپاییێکی ڕێکخست ویستی خۆی بکات بە سەردار سپاه لە یەکێک لە هێزەکانی خەلیفەدا،ساڵی ٣٢٦ک-٩٣٧ز «راضی» خەلیفەی عەبباسی مردو «المتقی بالله» لە جێی دانرا، ئەم «بوجگومی» هێنا کردی بە سەردارە سپای خۆی و ساڵی ٣٢٩ک=٩٤٠ز «توزون»ی نارد بۆ سەرکوت کردنی «بەریدی» کە گوایا لە خەلیفە هەڵگەڕابووەوە، بەڵام «توزون» لە یەکەم شەڕا شکستی خواردو داوای کۆمەکی لە «بوجگوم» کرد، وەلی پێش ئەوەی «بوجگوم» بەڕێ بکەوێ بۆ یاریدەی بەرەو «واسط» تۆزون دەستی دایە شەڕی دووەم و سەرکەوت و هەواڵی سەرکەوتنی خۆی بە نامە نووسی بۆ «بوجگوم»، ئینجا یارویاوەرانی «بوجگوم» (کە هەموویان وەک ئەو دزو حیز بوون) داوایان لێکرد بحەسێتەوەو لە دەوروبەری (واسط) خۆی بەڕاوو شکارەوە سەرگەرم بکات، بوجگوم هەر کە گەیشتە دەوروبەری ڕووباری (جۆر=گۆر) بینی لەو ناوەدا دەوڵەمەندی کورد زۆرن، چاوچنۆکی و چنگ زەردی پاڵی پێوە نا کە هەڵکوتێتە سەر کوردەکان و، تالانیان بکات، جا بە هێزێکەوە چووە سەریان، خێڵاتە کوردەکان، لە تاوا هەڵاتن، ئەو کەوتە دوویان و بە تیر دایگرتن و یەکێکی لێ کوشتن.. بەڵام گەنجێکی کورد، ماوەی نەدا بۆی هاتە کارو لە پشتەوە هەڵی کوتایە سەرو بە خەنجەر دای لە کەلەکەی و کوشتی، ئەم کارەساتە ڕۆژی ٢٦ی مانگی ڕەجەب ساڵی ٣٢٩ک ڕوویدا.[٣] بەڵێ ئەمەندە خیانەتەی کردی هی ئەوەبوو، کە هەر لە منداڵییەوە خولامی ئەم و ئەو بوو.

عەرەب گوتویانە: (من جاد بثقبه لا تثق به).

## دەوڵەتی شاهینی کورد

ساڵی ٣٣٨ک=٩٤٠ز لە پڕ ناوی «عمران کوڕی شاهینی» کەوتە ناو هەر لەم دەورە دابوو، کە سەرداریێتی عەیشانیەی سەرەتای «حەسەنەوەیهی» لە دینەوەرود، شارەزور دامەزرا.

دوو دەوڵەتی «شاهینی»و «حەسەنەوەیهی» لەلای مەندەلی و کوتی ئێستاوە، سنووریان لە یەک نزیک بوو. بە داخەوە ئەم دەوڵەتی «شاهینی»یە تا ئەم سەدەیانەی دواییە کەس بە دەوڵەتی کورد ناوی نەبردووە. ماڵی خۆرهەڵاتناسە بێگانەکان ئاوابێ کە ئێمەیان رابەری کردووە، سەیرە کە بێگانە لەلاپەڕەی مێژووی کۆنا دەوڵەتی کووردمان بۆ دەدۆزنەوە، بەڵام هەندێ نووسەری کوردمان، خەریکن «لوڕ» لە کوردایێتی دوور بخەنەوە، چونکە لە سەردەمی صەفەوییەوە ئەوان لەبەر کێش و رچی شیعەییێتی و لە رقی دەوڵەتی ئەردەڵانی سوننی مەزەبی توندوتیژ لە سوننی تیا، لە بیروباوەڕی نەتەوەیی دوورکەوتوونەوە. فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی «شاهینی» ئەمانە بوون:

**١- عیمران کوڕی شاهین.**
**٢- حەسەن کوڕی عیمران.**
**٣- حوسەین کوڕی عیمران.**
**٤- ئەبوالفەرەج محەمەد کوڕی عیمران.**
**٥- ئەبوالمەعالی حەسەن کوڕی محەمەد.**
**٦- مظفر کوڕی عەلی (لەلەی) ئەبوالمەعالی.**
**٧- مهزب الدوله (ئەمیر موختار) عەلی کوڕی نەمر**
**٨- ئەبو حوسەین ئەحمەد کوڕی مهزب الەدوله**

ئەم ناوانە لە (الکامل)دا هەن.. بە داخەوە لە سەرچاوەکانی

بەردەسمانا جگە لە خاوەنی تجارب السلف کە بە فارسی نووسراوەو ناوی مهزب الدەولەی ئاخرین فەرمانڕەوای بردووە لە کتێبەکانی دی سەرگوزەشتیان دەس نەکەوت. جا هەروەکو لە پێشا دییاردیم کرد ماڵی «زەمباوەر» نووسەری معجم الانساب و «ئیستانلی-لەت-پول» نووسەری «دول اسلام» ئاوابێ کە ئەم باسانەیان بۆمان روون کردۆتەوە. گەرچی ئێستە من ئەم سەرچاوانەشم نەماوەو لەبیرم نیە حوسەین حوزنی لەم بارەوە هیچی نووسیبێ..

## مێژووی دەوڵەتی شاهێنی

ئیبن ئەثیر، بۆی روون کردوینەوە کە «شاهین» چ کارە بووە، بەڵام باسی ئەوەی کردووە، کە «عیمران» لەسەرەتادا لەگەڵ جەردەیی و دزی خەریک بووە. بەدبەخت نەتەوەی کورد هەمیشە پێشەوا رابەرە مەزنەکانیان لەلایەن دوژمنەوە ناویان پیس کراوە، مێژوونووسانیش زۆرتر ژێردەسەی دەسەڵاتی ولات بوون لەبەرئەوە هەر ئەوەیان نوسیوە دوژمنی کورد ویستوویانە. لێرەدا گاڵتەیێکم کەوتە بیر، باسی نیە بەهۆی ئەم جۆرە دوژمنایەتیەوە بینووسم: شێخی سەعدیی شیرازی لە گوڵستانا نووسیویە: «کابرایەک چووە گەرماوەوە لەوێ پەیکەرێکی دی دەم هەڵدڕاو بەرەو خواروژور، چاو هەڵقڵیشاو، یەکەڵەچاو، کەپو بە ئەندازەی گونگە هەوێرێ، ئەوەندە ناشرین کە مرۆڤ زەندەقی لێ دەچو، کابرا لە خێوی گەرماوەی پرسی: ئەمە چیە؟ وتی: تا ئێستە پەیکەرەی شەیتانت نەدیوە؟ ئەوە شەیتانە.. کابرا شەو لەخەوا کەسێکی کەوتە بەرچاو، هەرگیز لەوە جوانتری نەدیبوو، شەیدای بوو، کەوتە دووی، لێی پرسی: تۆ کێیی؟ وتی: من شەیتانم، وتی لە فلانە گەرماوە پەیکەرەی تۆیان زۆر کریت و نەنگ کێشاوە.. شەیتان وتی: ئەوە قەڵەمی دوژمنە، با هەر بدەن لە گوێیان».

بەڵێ، قەڵەمی دوژمن جارێ ئێمەی کردۆتە جنۆکە، جارێ ئێمەی

کـردۆتـه زۆڵ، جـارێ ئێـمـەی کـردۆتە نەتەوەی کـوردی کـوڕی مـەرد، جـارێ ئێـمـەی کـردووە بە نـەتەوەی فـارس، جـارێ پیـاوانی ئازامـانی ناوناوە دزو درۆزن و شـوانە وێڵـه. ئەمەیشیـان بۆ بەسەرچووە، تا ئێستـەش دەسەڵاتانی بێگانەو دەسـەڵاتی بێ دەسـەڵاتی ناو خـۆمـان ڕێ نادەن، کـه ئەم درۆیانە شی بکەینەوە، هەر عـێـلـی کـورد، خـۆی دەکـا بە تورک، بە فـارس، بە عـەرەب، هەر بنەمـاڵەیە خۆی ئەکات بەسەید، بە ئەمـەوی، بە عـەبباسی، بە خـالدی، بە بەنی ئەسـەد، بە قـەیسی، بەمـوضـەری، تاد... لەمـەوبەریش خۆیان ئەکرد بە ساسانی، کەیانی، مەلەکشاهی سەلجوقی.. من کە زوبان و قـەڵەمـەکـەی خـۆم تەرخـان کـردووە بۆ بەرەنگاری پڕوپـووچی (خـەرافـات)ی ناو کـوردەواری، ئەم نژادە درۆکـانـی پانە، ئەسـڕمـەوە، باکم نیـە خـەڵک تووڕە دەبن یا نە! ئەمـە خـزمـەتێکە هەزاران سـاڵی دی ئەمـێنێـتـەوە کـە وشـیـاریی نەتەوەیی لە کـوردسـتـانا بڵاوبووەوە، ئەو حـەلە دەزانن من چ خـزمـەتێکم بەم گـەلی کـوردە کـردووە. مـێـژوو تەرازووی داوەریی ڕاست و درۆیە..

سـاڵی ٣٣٨ک (٩٤٩ز) لە پڕ سـەردارێکی کـورد، دژی خـەلافـەتی عـەبباسی و «بوەیهی»ی دەسـەڵات بە دەسـتی وڵات ڕاپەڕی، ئەم سـەردارە کـوردە ناوی «عـیـمـران کـوڕی شـاهین» بو، لە سـەرەتادا خـەڵکی وشکان (جـامـده) بو نەک هەوراو، لە هەرێمـە وشکەکـانی واسط (کـوت)ی ئێسـتـە دەستی دابووە باج و خەراج و پیـتـاک کۆکـردنەوە سولطان موعـیز الدەولەی بوەیهی دەیلەمی -کە بنەمـاڵەییێکی کـورد بوون و بە درۆ شـەجـەرەییێکیـان بۆ خـۆیان دروسـتکردو بوون بە کـەیانی- هێـزێکی نارد بۆ گـوێ ڕاکـێـشـانی «عـیـمـران»، عـیـمـران لە زۆریی هێـزەکـە چەکـەرەی کـردو ترسـا، وشکانی بەجـێـهـێـشـت و خـۆی کـوتایە ناو (هەوراو)ەکـان، و لەناو قـامـیـشـەڵان و جەنگەلەکـان دا خـۆی حـاشـارداو بە مـاسی و باڵندە خواردن کـاتی بردەسـەر، پاشـان کـەوتە ڕاووڕووت کـردنەوەو جـەردەیی، مـاسـیـگرو شکارچی و

دزوجەردەی زۆری لێ کۆبووەوە، بەم جۆرە هێزێکی گەورەی پێکهێنا کەبیستی ئەوا لەشکرێکی «بوەیهی» شالاوی بۆ دێنێ، خۆی دایە پاڵ (ئەبوئەلقاسم ئەلبەریدی) فەرماندەی ئەو ناوە (ئەو حەلە هێشتا عەبباسی‌یەکان هێزی خۆیان لە وڵاتدا مابو، تەواو لەلایەن (ئال بویەهەوە پەزە نەکرابوون). ئەبوئەلقاسم پەنای داو هەرێمی زەلکاوو هەوراوەکانی خستە ژێردەستی.

عیمران پتر خۆی بەهێزکردو لە سەرگردۆلکەو نیمچە دوڕوگەکانی ناو زەلکاوەکان هەندێ قەڵاو سەنگەری (دوروستکردو پەرەی دا بەکاروباری خۆی. سوڵطان موعیز ئەلدەولە مەترسی لێی پەیداکردو دەستوری دا بە (ئەبو جەعفەری صەیمەرەیی) وەزیری شالاو بکاتە سەری و سەرکوتی بکات، ئەبو جەعفەر هێزێکی گەورەی پڕ چەکی تەیارکردو چوو دای بەسەریاو کەوتنە شەڕەوە، عیمران بەرگری بۆ نەکرا، ماڵ و خێزانی بە دیلگیرا، بەلام خۆی هەلات و خۆی شاردەوەو کاروباری شڕوشلوق بوو. لە خۆشبەختی ئەو «سوڵطان عیماد ئەلدەولەی بوەیهی» براگەورەی موعیز ئەلدەولە مردو سپاکەی لە فارس شلەژاو، زنجیرەی رێکوپێکی پسا، موعیزئەلدەولە نامەییێکی نووسی بۆ «ئەبوجەعفەر صەیمەرەیی» وەزیری، واز لە عیمران بهێنێ و بە پەلە بگاتە شیراز، بۆ سەرپەرشتی و رێکخستنەوەی کاروبار، بەرلەوەی کار لە کار بترازێ. جا «صەیمەرەیی» وازی لە عیمران هێناو رووی کردە شیراز، کە ئەم هەواڵە گەیشتە عیمران هاتەوە مەیدان و هێزە تەرتەوەرتە کەوتووەکەی دووبارە کۆکردەوەو سانی داو خستییەوە کارو سەری بەرزکردەوە.(٤)

سالی ٣٣٩ دووبارە ئەبوجەعفەری صەیمەرەیی گەڕایەوە هەرێمی «واسط» بۆ سەرکوتکردنی عیمران و گەمارۆیدا، بەلام مەرگ ماوەی نەدا، تووشی گرانەتا هات و مرد. ئنجا موعیز ئەلدەولە فەرمانی دا «روزبەهان» کەیەکێ لە فەرماندە سەرەکی‌یەکانی سپا، بە لەشکرێکی

تەیارەوە بچێت بۆ سەر عیمران «روزبەهان» بە لەشکرەوە رووی کردە خاکی ژێردەستی عیمران، عیمران خۆی لەیەکێ لەگەلیەکانی ناو هەوراوەکانا قایم کرد، روزبەهان ماوەییێکی دوورو درێژ گەمارۆی دا بێ ئەوەی رێی ببێ بەیەکدا بدەن، روزبەهان لەگەمارۆدانی بێ سوودی عیمران ماندوبوو، ئەسپردەیێکی نارده لای پێی راگەیێنێ کە خۆ شاردنەوە کاری مەردنیە، یا پیاوانە بکەوێتە شەڕەوە یا سەردانەوێنێ و خۆی بدا بە دەستەوە، عیمران مەردانە هاتە مەیدان و لەگەڵ سپای رۆز بەهانا کەوتە جەنگ و سپاکەی تووشی کارەسات و سەرگەردانی هێنا، هەندێکیان لە ئاوا خنکان و هەندێکیان کوژران و هەندێکیان بە دیل گیران و، بنەو بارگەو چەک و تفاقیان هەموو کەوتە دەس هێزەکەی عیمران، کە بەو سەرکەوتنە پتر شێرگیرترو بەهێزتر بوو.

سەرئەنجام کەوتە کەلکەڵەی دامەزراندنێکی دەسەلاتی پیاوانە. بنکەییێکی زۆری لەسەرەرێ و بانەبەرزەکان دامەزراندو رێی (بەصرە)ی بەربەست کردو دەستی دایەوە باج و پیتاک کۆکردنەوەو سەرانە وەرگرتن، نەک تەنها لە خەڵکی هەرەمە، بەڵکو لە سەربازو پیاوانی دەوڵەت و خەلافەت. خەڵک لەم بەزمە ئاشوفتەیە ئاڵۆز بوون، کەوتنە هاوارو، دادو فیغان. سوڵطان (موعیزئەلدەوڵە) دوستوری دا بە (مەهەللەبی) وەزیری خۆی کە بە سپاوە بروات بۆ سەرکوتکردنی عیمران، لەوحەلەدا وەزیر لە (بەصرە)بوو، لەوێوە لەشکری کێشا بەرەو (واسط)و لە سوڵطانەوە دوستوری بۆ هات کە بێ باکانە سامان و ئازوقە بەسەر کرێ گرتەکان و بە سەر لەشکرا بەخت بکات. (٥) مەهەللەبی توانی «عیمران» گەمارۆ بدات و رێگەکانی هەموو بەربەست کرد، عیمران ناچار کشایەوە بەرەو هەندێ تەنگەبەرێ کە تەنها خۆی و هاورێکانی شارەزای بوون. «روزبەهان» بۆ ئەوەی کە نەبادا (مەهەللەبی) سەربکەوێ و گۆی پیرۆزی بباتەوەو، رسوایی بۆ خۆی بمێنێ، داوای لێکرد شالاو بکاتە سەر

«عـــيــمــران» مــەهەللەبی بە قــســەی نەكــردو گــەمــارۆكــەی درێژە پێــدا، «روزبەهان» نــامــەیێكی نووسی بۆ مــوعــیــزئەلدەولە «كــە وەزیر ناوێری هەلكوتێتە سەر عیــمران، ئەیەوێ سامـانی ولات بە فیــرۆ بەخت بكات.» مـوعــیــزئەلدەولە نامــەیێكی نووسی بۆ مەهەللەبی لەســەر سســتی و كــار ئەنجــام نەدان گلەیی لێكرد. مـــەهەللەبی لە ناو ئەو گلەییــــە وازی لە پیلانەكــەی هێناو تەگبیــرەكەی خۆی خستــە ژێرپێ و بەهەموو لەشكرەكەیەوە شالاوی كردە سەر «عــیمران» بێ ئەوەی بزانێ كە عــیمران بۆسەو كەمین و داوی زۆری بۆ سـپــاكــەی ناوەتەوە، مــەهەللەبی هەلمــەتی دەست پێكرد، بەلام «روزبەهان» خــۆی خســتــە دووا، لەم هەلەدا دلێــرانی هێــزی عــیــمــران ســەریان لە بۆســەوكــەمین هێنایە دەرو كــەوتنە كــوشــتــارو قــەلاری ســپــای مــەهەللەبی، هەندێكیــان كــوشتن و هەندێكیــان بە دیل گــرتن، زۆریشــیــان خنكاند، مـــەهەللەبی خــۆی بە پەلە رزگــاركــرد، لەناو دیلەكــان زۆربەی فەرماندەو سەرانی سپا هەبوون.

ئینجـا مـوعـیـز ئەلدەولە ناچار بوو لەگــەل عــیــمــران بە ئاشــتی رێك بكەوێ و دان بنێ بە فــەرمــانرەوایــیــەكــەیا، و گــەردانەی (قــلادە-وســام) فەرمانرەوایی بنێرێ بیكاتە گەردنی.

ئا بەم جۆرە عیـمران بوو بەخێوی دەسەلات و هێزو ولات [٦] ئەمــە لە سەردەمی خەلافـەتی (المطیع لله عـەباسی)دا بوو، هەر لەم سەردەمـەدا بوو (قەرمەطی)یەكان هەلسابوون..

سالی ٣٤٤ك (٩٥٥ز) سولطان موعیــزئەلدەولە تووشی نەخۆشی یەكی ســـەیر بوو -كـــە ناوبردنی تۆزێ ناشــرینە- لە تاوا «عـــیـــزئەلدەولە بەختـیـاری»ی كوڕی خۆی دانا بەجێگرەوەو نازناوی «میری میـران»ی دایێ، جـا هەوالی مـردنی مـوعــیــزئەلدەولە بلاوبووەوەو، «عـــیــمـران» لەم باســە ئاگــاداریی پەیداكـرد، لەم كـاتەدا، كـاروانێكی زۆر قــەلەبالغ لە ئەهوازەوە رووی كـردە بەغـدا، باج و پیـتــاكی ئەو ولاتانەی هێنابوو بیبـا بۆ بەغـدا،

پاسەوانێکی زۆرو هەندێ بازرگانی خاوەن سامانی لەگەڵ بوو، «عیمران» کە هەواڵی زانی فەرمانی دا بە داگیرکردنی هەموو سامانەکەو، داگیرکرا، بەڵام موعیزئەلدەولە نەمردبوو، زۆری نەبرد لەو بەڵایە رزگار بوو نەخۆشیەکەی نەما، جا کاغەزێکی نووسی بۆ عیمران لەبارەی تالانەکەوە، عیمران هەموو تالانەکەی ناردەوە، جگە لە سامانی بازرگانەکان، لەسەر ئەوە تۆزێ نێوانیان سارد بوو[(٧)].

سالی ٣٤٥ک (٩٥٦ز) «رۆزبەهان» دژی سولطان موعیزئەلدەولە راپەڕی، «بلکا»ی برایشی کە لە شیراز بوو، ئەویش جاری یاخیتی دا، هەروا «سوار» (ئەسفار)ی براشیان کە لە ئەهواز بوو ئەویش جاری یاخیتی و شۆڕشی دا، جا «رۆزبەهان» چووە لای بلکای برای بۆ ئەهواز، سوار (ئەسفار) کە لەم کاتەدا لەگەڵ «عیمران کوڕی شاهین» لەسەر (بەطائیح) لە شەڕا بوو، وازی لە شەڕ هێناو، بەطائیحی (هەوراو)ی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ (واسط)، ئەم شەڕە لە مانگی رەجەب دابوو، هەر لەم کاتەدا موهەللەبی وەزیر لە ئەهواز بوو، ویستی لەگەڵ رۆزبەهان بکەوێتە شەڕەوە، بەڵام سپاکەی بە گوێیان نەکرد، هەموویان خۆیان دایە پاڵ رۆزبەهان[(٨)].

ئێمە لێرەدا کارمان بە باسی «رۆزبەهان» نیە، لە کتێبی (المعروفون من الروژبیانیە)دا ئەم باسەمان بە دوورو درێژی نووسیوە. بابێینەوە سەر باسی «عیمران». سالی ٣٤٩ک ئەبو ئەلفەتح ناسراو بە ابن ئیبن ئەلعریان، کە برای عیمرانی کوڕی شاهین بوو هەڵات و خۆی دایە پەنای سولطان موعیز ئەلدەولە، بە ماڵ و منالەوە سولطان رێزی گرت و پەنای دا، چونکە لە ترسی عیمرانی برای هەڵاتبوو. الکامل ص.٨/ ٥٣٢

سالی ٣٥٥ک (٩٦٠ز) سولطان موعیز ئەلدەولە رووی کردە (واسط) بۆ شەڕ لەگەڵ (عیمران) کە لەم حەلەدا لە هەوراو (بەطائح) بوو، سپاییێکی بە فەرماندەیی «فەضل کوڕی عەبباسی کوڕی حەسەن»

ناردە ســەری، ئەم لەشکرە کــە گــەیشــتــە وشکانییەکــانی (واسط) لەشکربەندی کردو، کەوتە بەربەستکردنی رووبارو جۆگەو جۆگەلەکان، کە ئەڕژانە ناو هەوراوەکان، خودی سولّطان موعیز ئەلدەولّەش لە «ابــلــة»ی بەسرەوە رووی کردە زەلکاوەکان و شارەکەی عیمرانی داگیرکردو سپابەندی تیاکرد، بەلاّم تەنیا دوو شەو مایەوەو ئەمجارە تووشی نەخۆشیەکی لەویتر خراپتر بوو، بەکەژاوە بردیانەوە بۆ بەغداو سپاکەی لە هەوراوەکان مایەوە، هەر کە گەیشتە بەغدا بەو نەخۆشی‌یە مرد، «عیزئەلدەولّەی کوڕی» جێی گرتەوەو، دەسبەجێ نامەی بۆ فەرماندەکانی سپاکەی نووسی: بە ئاشتی لەگەلّ عیمران رێک بکەون و بگەڕێنەوە بۆ بەغدا[٩].

سـالّـی **٣٥٧ک** (**٩٦٧ز**) دوو تیــرەی عــەرەبی «رەفــعــای»و «بەنی ئەســەد» لە نێوان خۆیانا تێکچوون و کەوتنە شەڕەوەو دەستــەی «بەنی ئەســەد» هاواریان بردە بەر «یەشکەری» کــە یەکێ بوو لە فــەرماندەکانی «عیـمـران»، یەشکەری دالّدەی دان و سپای ناردە سەر «هیـە»ی سەرداری تیــرەی (رەفــعــای) کـوشـتــارێکی زۆری لە پەیڕەوانی کـردو دوو هەرێمی «جنیلا»و «قسین»ی لێ داگیرکرد[١٠].

سـالّـی **٣٥٩ک** (**٩٦٩ز**) عــیــزئەلدەولّە بەخـتــیــار بەرەو هەوراوەکــان شۆڕەوە بوو، بەمەبەستی سەرکوتکردنی «عیـمـران»و یەک مانگی رەبەق لە (واسط) لەشکربەزی کـرد، ئنجـا دوســتــوری دایە «ئەبولفـەضلی» وەزیری خــۆی کــە لێــرەوە بێ بەرەو وشکانەکــان و کــەناری زۆنگاوەکــان و دوســتــوریشی دایێ کــە هەمــوو جــۆگــەکــان وشک بکاتەوەو بە بنەوانە ئاوەکــانیــان بەربەست بکات و رووی ئاوەکــان وەربگێــڕێ، بەرەو (دەجلە)و نەهێـلّـی ئاو بچـێـتــە زۆنگاوەکــان، ئەبولفــەضل کـەوتە بناوانە بەستن و سـەکـری دروســتکردو رووی ئاوەکــانی وەرگـێــڕا، بەرەو «فــاروث»و (رەبع طەیر)و رێی کـردنەوە بۆ خـەلّک، کـە بتـوانن هامـوشـۆی عـێـراق بکەن، ئەم کــارە مــاوەییێکی زۆری بردو دەجلە پەنگایەوەو هەمــوو سـەکـرو بناوانەکـانی

روخاند، عیمران لەم کاتەدا خۆی کوتابووە یەکێ لەو دژە سەختانەی کە خۆی لەناو هەوراوەکانا دروستی کردبوو، ماڵ و سامان و تفاقی هەموو گوێزایەوە ئەوێ کە ئاوی دجلە نیشتەوە سپای بەختیار هەڵیان کوتایە سەر دژەکەی عیمران کە سەرنجیان دا چۆڵ و هۆڵەو کەس لەو ناوەدا نیە، ماوەیێ لەو ناوەدا مۆڵیان خوارد، گەرماو مێشولەو بۆق سەری لێ شێواندن و لە گیان بێزاری کردن، جا کەوتنە بۆڵەبۆڵ و جنێودان بە وەزیر. ئنجا عزئەلدەولە بەختیار ناچار بوو لەگەڵ عیمران رێک بکەوێت. عیمران لەسەرەتادا بەڵێنی دا بۆ پێنج هەزار درهەم پیتاکی بداتێ، بەڵام کە زانی شڵەژاون و لە کارەساتان پێنج هەزا درهەمەکەی کرد بە دوو هەزار درهەم، ئەویش بەو مەرجەی نەدیلەکانیان بداتەوەو، نەبارمتەکان، و نەسوێنی دڵنیایی و دۆستایەتیان لەگەڵ بخوات. ئا بەم جۆرە سپاکەیان کشایەوە، ئنجا عیمران دوستوری دا بە رووتکردنەوەیان و تالانکردنی بنەوبارگەیان، بەمجۆرە عیزئەلدەولە بەختیار بەرامبەر بەگەل خۆی سووک و رسواکرد، سەرەرای ئەوەی کە شەرەکە نزیکەی دووساڵی رەبەق-واتا لە مانگی شەوالی ساڵی ٣٥٩ک وە تا مانگی رەجەبی ساڵی ٣٦١ک درێژەی کێشا بوو.[١١] گۆیا ئەم وازهێنانەی (بەختیار) لە شەڕ لەبەرئەوەبووە: کە پادشای روم هەڵی کوتابووە سەر باکورو خۆرئاوای جزیرەو نوصەیبین (کوردستان)، لەبەرئەوە خەڵک کردوویانە بەدادو فیغان و داوایان لە بەختیار کردووە، بڕوات بۆ شەڕ لەگەڵ روم واز لە شەڕی موسڵمان بهێنێ.[١٢]

ساڵی ٣٦٣ک (٩٧٣ز) سپاکەی عیزئەلدەولە بەختیار لەناو خۆیانا تێکچوون و بوو بە شەڕو هەرایان، بەختیار داوای کۆمەک و یارمەتی لە دوو کەس کرد: لە ئەبوتەغلەبی حەمدانی و لە عیمران کوری شاهین و بەڵێنی دانێ کە لە هەموو قەرزەکانی دەوڵەتی لێیان خۆش بێت هەروا پێشنیازی لە «عیمران» کرد کەیەکێ لەکچەکانی بخوازێ، عیمران لە

وەرامـــا بۆی نووسی: دەربارەی وازهێنان لە قـــەرزی دەوڵەت گـــەرچی باوەڕیش ناکـەم، بەڵام پەسـەندم کـرد، وەلێ دەربارەی ژن خـواستن، من هیچ ژنێ ناخوازم تا خـۆم ناوی نەبەم، زۆر لە عـەلەوی‌یەکـان پێشنیـازی ئەوەیان کـرد کـچم بدەنێ، پەسـەندم نەکـردو، دەربارەی ئەوەش کـە بەرگی خەڵاتیم بۆ بنێـری، ئێـمە ئەو جۆرە بەرگـانە ناپۆشین کـە ئێـوە ئەیپـۆشن، بەڵام کـوڕەکـەم خەڵاتەکانی ئێوەی وەرگرت زۆر سپاستان دەکات..

با بێـینە سـەر ئەوەی هێـزتان بۆ بنێـرین بۆ شـەڕ لەگـەڵ دوژمن، ئەوەی راستی بێ هێـزەکـانی ئێـمە چنگیـان بە خـوێنی هێـزەکـانی ئێـوە وەیەو زۆریان لێ کـوشـتـون، لەبەرئەوە ناشێ پێکەوە هەڵبکەن و شـان بەشـانی یەک لەگـەڵ دوژمن شـەڕ بکەن». ئینجـا بە فـەرمـاندەکـانی خـۆی گـوت: هەرکـات عـیـزئەلدەولە بەختـیـار ناچار ببێت پەنا بهێنێتە لای ئێـمە، ئێمە پێشوازی لێ دەکـــەین و، پەنـای دەدەین و لە شـــەڕی دوژمنی دەیپـــارێزین و چاو دەپۆشین لەو هەمـوو خـراپانەی کـە خـۆی و باوکی دەربارەی ئێـمـە کـردوویانە، ئێمە یەک بە سەد چاکەیان لەگەڵ دەکەین[١٣].

سـاڵی ٣٦٦ک (٩٧٦ز) بەخـتـیـار لەگـەڵ «عـەضـودئەلدەولە»ی ئامـۆزای بوو بە شـەڕیان و تێـشکاو خۆی گـەیاندە (واسط)، «عـیـمـران کوڕی شاهین» سـامـانێکی زۆرو چەک و تفـاقـێکی باش و دیاری و دەهەنەیێکی فـرەی دایێ، ئنجـا خـەڵک هاتەوە بیـریان کـە «عـیـمـران» رۆژێ لە رۆژان وتبـوی: «ئەگـەر عـیـزئەلدەولە بەخـتـیـار پەنا بۆ ئێـمـە بهێنێ دەرگـای وڵاتی ئێـمـە بەرامبەر بە ئەو واڵایەو ئەوپەڕی رێزی لێ دەگیرێ.[١٤]

سـاڵی ٣٦٩ک (٩٧٩ز) لە مـانگی مـحـرم دا مـەرگ یەخـەی عـیـمـران کـوڕی شـاهێنی گـرت، بەڵام نەک لە شـەڕا، بەڵکو لە سـەر جـێگەی خـۆی لەوپەڕی ئاسـایش و پاش چل[١٥] سـاڵی رەبەق شەڕوشـۆڕ لەگـەڵ سـوڵطانان و فـەرمـاندەیان کـە لەم هەمـوو مـاوەیەدا خـوێن لە لووتی نەهاتبـووە خـوارەوە[١٦] عـیمـران سێ کـوڕی لەپاش خۆی مایەوە: (حەسەن، حوسەین،

محەمەد).

## ٢- حەسەن کوڕی عیمران شاهینی:

حەسەن لە جێی باوکی بوو بە فەرمانڕەوای دەوڵەتی شاهێنی، بەڵام عەضودئەلدەولە بوەیهی مرخی لە وڵاتی هەوراو (بطائح) خۆشکردو مانگی صەفەری هەمان ساڵ (٣٦٩ک) «موطەهەری کوڕی عەبدوڵلای وەزیری خۆی بە سپاییێکی گەورەوە نارد بۆ داگیرکردنی زولکاوەکان، موطەهەر کە گەیشتە ئەوێ یەکەم جار دەستی دایە بەربەستکردنی ئەو جۆگەو نزاوانەی دەچوو بەرەو هەوراوەکان، ماوەییێکی دوورو درێژ بەم کارەوە خەریک بوو، بنەوانەییێکی زۆری بەست، حەسەن کوڕی عیمران هێزێکی نارد کون و کەلەبەرێکی زۆریان لە بنەوانەکان کرد، ئاو هەمو سەکرەکانی برد، ئنجا موطەهەر شاڵاوی کردە هەوراوەکان (بطائح) بە تەمای (داگیرکردنی)، بەڵام «حەسەن» لێی راپەڕی و کەوتە قەڵاچۆی سپاکەی و بەسەریا زاڵ بوو، موطەهەر تاوانی ئەم شکستەی خۆی خستە ئەستۆی یەکێک لە فەرماندەکان، گۆیا: ئەو نهێنی رێ کردووەو، بە دزی‌یەوە لەگەڵ حەسەن رێککەوتووە، جا لە داخی ئەو شکستە خۆی کوشت[١٧] ئنجا «عەضودئەلدەولە» ناچار بوو لەگەڵ حەسەنی کوڕی عیمران رێککەوت لەسەر باجێکی ساڵانە. بەداخەوە خێوی الکامل باسی ئەوەی نەکردووە کە حەسەن چەند ساڵ فەرمانڕەوا بووە.

## ٣- حوسەین کوڕی عیمران:

کە ساڵی **٣٧٢ک ٩٨٢ز** فەرمانڕەوای هەوراوەکان (بطائح) بوو واتا پاش سێ ساڵ فەرمانڕەوایی -محەمەدی برای لێی کەوتە کنەکردن، داوای لێکرد بچێتە سەردانی خوشکێکی کە نەخۆش بوو، هەرکە حەسەن گەیشتە ئەوێ ئەبولفەرەج محەمەدی برای، کە زۆر بەخیلی پێ دەبرد، چونکە لەناو گەلەکەیا زۆر خۆشەویست بوو و هەر بە فێڵ بردبوی بۆ ماڵی خۆشکەکەی لە پشتەوە دایە بەر شمشێرو کوشتی و چووە سەربانی خانووەکەو بە

دەنگی بەرز جاڕی کوژرانی حوسەینی برای دا، ئنجا بەڵێنی دا بە فەرماندەکان و سەردارەکان کە هەموویان پێش دەخاو مووچەو مانگانەو خەڵاتیان دەداتێ، بەمجۆرە محەمەد بووە فەرمانڕەوای وڵات.(١٨)

### ٤- ئەبوئەلفەرەج محەمەد کوڕی عیمران:

پاش کوشتنی حوسەینی برای بوو بە فەرمانڕەوا، بەڵام زۆری نەبرد، هەموو فەرماندەو سەردارەکانی لەکار دوور خستەوە کە چل ساڵ بوو لە ڕێی وڵاتا لە نەبەردو لە خەباتا بوون و شەڕوشۆڕیان بۆ پاراستنی وڵاتەکە کردبوو. موظەفەر کوڕی عەلی کە خوارزای عیمران بوو، یەکێ بوو لە سەردارە گەورەکان، هەموو فەرماندەو سەردارو یارویاوەرانی کۆکردەوە پێی گوتن: «وا دیارە ئەبوئەلفەرەج محەمەد، کە براکەی خۆی کوشت، سەری هەموومان ئەخوا، باش وایە بەرلەوەی بکەوێتە کار بۆ لەناو بردنی ئێمەو، ئەو ئێمە بکات نیوەڕۆژە، ئێمە ئەو بکوژین و ئەبواله عالی کوڕی حەسەن لەجێی ئەو دابنەین بە فەرمانڕەوا. هەموویان قسەکانی ئەویان پەسەندکردو لە هەڵێکا کوشتیان(١٩)

### ٥- ئەبواله عالی کوڕی حەسەن:

دانرا بە فەرمانڕەوای وڵاتی هەوراو، بەڵام چونکە هێشتا بار نەبوو بوو، بڕیاردرا خودی «موظەفەر» بکرێ بە لەلەی و کاروباری وڵاتەکە بباتەڕێوە، موظەفەر چەندین ساڵ بەمجۆرە وڵاتەکەی بەڕێوەبرد، بەڵام خۆی نێهنی بڕی دەست پێکرد، بە بەهانەی جۆراوجۆر زۆر لەسەردارو فەرماندەکانی دوور خستەوە، ئینجا کەوتە فڕوفێڵ.

بە دزییەوە کاغەزێکی درۆکانەی بەدەس «صەمصام ئەلدەولەی بوەیهی کوڕی عەضودئەلدەولە» کە ٣٩٩ک بەدواوە بو بوو بە سوڵطان) بۆ خۆی نووسی و «بەدەست کابرایەکی بیانی (بێگانە)و رایسپارد: لە حەلێکا کە هەموو سەردارو فەرماندەکان لە دەوری ئەوبن، بە سواری خۆی

بکات به بارەگادا کاغەزەکەی بداتە دەست و بلێ: کاغەزی صەمصام ئەلدەولەی سوڵطانی بەغدا. کە کابرا کاغەزەکەی هێنا وەرگرت و ماچی کردو خستیەسەر سەری، ئینجا کردیەوە بە دەنگێکی بەرز بۆ فەرماندەکانی خوێندەوە، لە پاشا وتی: بەڵێنی ئەدەم کە مەربەستەی خزمەتی سوڵطان بم و پاراستنی وڵاتەکەم بگرمە ئەستۆ، بەم فێڵە «ئەبواله عالی کوڕی حەسەنی کوڕی عیمرانی» لە سەرتەختی فەرمانڕەوایی لاداو خۆی کرد بە فەرمانڕەوا بەمجۆرە بنەماڵەی شاهێنی لە فەرمانڕەوایی کەوتن[٢٠].

٦- **موظەفەر عەلی:**

هەر کە کاروباری دەگرتە دەست «ئەبوئەلمەعالی حەسەن» و دایکی ناردە (واسط) لەوێ مانگانەو مووچەی بۆیان بڕیەوەو، زۆر جەختانە جڵەوی کاری گرتە دەست و لەگەڵ خەڵکا بە شێوەییێکی جوان و رەوشتێکی پیاوانەو دادوەرانە جوڵایەوە، پاش چەندین ساڵ کە پیر بوو، فەرمانڕەواییەکەی سپارد بە خوشکەزاکەی خۆی کە ناوی «عەلی کوڕی نەصر» بوو لە ناو خەڵکا بە «ئەمیر موختار» بەناوبانگ بوو. هەروا رایسپارد پاش «عەلی» خوشکەزاکەی دیکەی «ئەبوئەلحەسەن عەلی کوڕی جەعفەر» بکرێ بە فەرمانڕەوا.[٢١]

٧- **موهەزەب ئەلدەولە عەلی کوڕی نەصر:**

ئەم کوڕە کە بە «ئەمیر موختار» بەناوبانگ بوو، ساڵی ٣٧٦ک (٩٩٦ز) لە جێی موظەفەر بوو بە فەرمانڕەوا (بەپێچەوانەی عیمران) زۆر گورج نامەی نووسی بۆ سوڵطان شەرەف ئەلدەولەی بوەیهی، لە بەغداو ملکەچی و پەیڕەوی خۆی نیشانداو داوای ئەوەی کرد کە دان بە فەرمانڕەوایییا بنرێ و گەردانەی دەسەڵاتی بکرێتە ئەستۆ، سوڵطان زۆر زوو گەردانەی بۆ ناردو ئەو نازناوی «موهەزەب ئەلدەولە»ی دایێ، ئەوەی راستی بێت «مهزەب» پیاوێکی خێرەومەندو رەوشت جوان بوو لەگەڵ «بەدری کوڕی حەسەنوەیهی» هاوسوێن و دۆست بوو، هەوراوەکانی

(بەطائح) بە جـــۆرێ ئاوەدانکردەوە، قـــەڵای زۆرو کـــۆشک و تەلاری فـــرەجـــوانی تیـــا دروســـتکرد، ناحـــەزان و نارێکانی دەوڵەتی بوەیهی و خەلافەتی عەبباسی، کە لێیان دەقەوما، هەموویان پەنایان دەبردە سایەی ئەو.. بۆ وێنە: ساڵی ٣٧٩ک (٩٩٩ز) ئەلقادر بیللاهـ عەباسی لە بەغدا هەڵات و پەنای بردە لای «مـهـزەب»و لە سایەی ئەوا مایەوە زۆر بەڕێزەوە تا ساڵی ٣٨١ک (٩٩١ز) کە باوکی تیا مردو خۆی لەجێی ئەو بوو بە خەلیفە، ئنجا گەڕایەوە بۆ بەغدا...

هەروا کـــە «بەهاء ئەلدەوڵەی بوەیهی» بوو بە ســـوڵطانی بەغـــداو گەنجینەی وڵاتی بینی کە جلـقـێکی تیـا نەبوو، وەزیرەکەی خۆی نارد بۆ لای مـهـزەب، کە ناوی «نەصر کـوڕی سابور» بوو، داوای قـەرزی لێکردو هەرچی «مـجـوهرات» لە خەزێنەدا هەبوو، هەمووی بۆی نارد کە بارمتـە بێ تا قەرزەکەی دەداتەوە بەمجۆرە قەرزی وەرگرت و ساڵی ٣٨٤ک (٩٩٤ز) مـهـزەب لەگەڵ ئەبو مەنصوری کوڕی بەهاء ئەلدەوڵە بوون بە زاواو خەزور، کچی خۆی دایێ وخوشکەکەی خواست.(٢٢)

ساڵی ٣٨٥ک ئەبوئەلقاسم عەلی ئەبەر قـوهی بە تەمـای ئەوەی کـە سـوڵطان ئەلدەوڵە بیکا بە وەزیر، چوو خـۆی دایە پەنای مـهـزەب، ساڵی ٣٨٦ک(٩٩٦ز) یەکێ لە فـەرمـانـدەکـانی صـەمـصـام ئەلدەوڵە کـە ناوی (لەشکەرەســتـان) بوو، بەسـرەی داگـیـرکـرد، سـوڵطان بەهاء ئەلدەوڵە پێشنیـازی کرد کە ئەمە مافی (مهزەب)ە وە شایستـەی ئەوە، و لەم بارەوە نامـەی بۆ نووسی، جـا مـهـزەب ئەلدەوڵە بەسـرەی داگـیـرکـرد بە هێـزێ بە فەرمانـدەیی «عەبدوڵلا کوڕی مەرزوق»و بەسرەی داگیرکردو دەسەڵاتی خۆی بەســەرا ســەپاند، بەڵام لەشکرســتـان لەوە بەدوا دەخـاڵـەتی کـرد بە بەهاء ئەلدەوڵەو صەمصام ئەلدەوڵەو مهزەب و، جارێکی دی کردیانەوە سەرداری بەسرە، بەڵام مهذب کوڕەکەی بە بارمتە گرت(٢٣).

ساڵی ٣٩٤ک (١٠٠٣ز) ئەبوئەلعەباس واصل هەوراوەکانی (بطائح)

داگـیـرکـرد. ئەم ئەبوئەلعـەباسـە لەوەبەر یەکێ بوو لە سـەردارانی سـەر بە (مـهـذب) ئەوە بوو مـهـذب ناردی بۆ سـەرکـوتکردنی لەشکەرسـتـان، و داگیرکردنی «بەسرە» پاش ئەوەی کە بەسرە داگیرکرا، رووی کردە «سیراف» کە لە ژێردەستی «ئەبومحەمەد کوڕی موکەرەم»دا بوو سەرپاک تالآنی کردو رووی کـردە لای خـواری «دەجلە» (؟) (داگـیـری کـرد، ئنجـا جـاری سەربەخۆیی داو، لە پەیوەندیی «مهزەب» خۆی رامالّی.. مهزەب تووڕە بوو سـەد بەلەمی پڕکـرد لە زەلام و ناردیە سـەری، ئەمـانە هەندێکیـان لە ئاوا خنکاو هەندێکیان لەلایەن ئەبوئەلعەباسەوە بەدیل گیران...

ئنجا ئەبوئەلعەباس بەسرەی داگیرکردو خۆی کرد بە ئەمیری بەسرەو لەگەلّ دەیلەمی و سپاکەی ئەوێ خۆی رێکخست. لەشکەرستانی سەرداری بەسـرە، چوو بۆ لای مـهـزەب ئەلدەولە مـهـزەب لەشکرێکی خسـتـە ژێر فـەرمـانی و ناردیەوە بۆ دەرکـردنی ئەبوئەلعـەباس، بەلآم بەرامـبـەر بە ئەبوئەلعەباس شکستی خواردو هەلآت، هێزەکەی بە دیل گیران و چەک و گرانباریان هەموو کەوتە ژێر دەستی (ئەبوئەلعەباس) جا ئەبوئەلعەباس کە دەمی بەسەرکەوت شیرین بوو، رووی کردە هەوراوەکان و لەوێوە هەوالّی بۆ مـهـزەب نارد: هێـزەکـەتم بەزاند، و ئەوەتا ئێـسـتـە هاتوومـە ناو شـارەکـەتەوە، چارەسـەری خـۆت بکە، مـهـزەب ئەلدەولە رووی کـردە (بشـامی)و خۆی دایە پالّ «ئەبو شجـاع فـارس کـوڕی مەردان و صـەدەقـەی کوڕی»، بەلآم نا پیاوانە ستەمیان لێکردو هەموو سامانەکەیان داگیرکرد، ناچار هەلآت بەرەو (واسط) بە جـۆرێکی زۆر پەرێشـان گـەیشـتـە ئەوێ، خەلّک و کەسوکاری هاتنە پێشوازی، لەوەبەر ژنەکەیان خستبووەڕێ بەرەو بەغـدا بۆ لای بەهاء ئەلدەولّەی باوکی، هەروا خـۆێشـیـان خسـتـەڕێ بەرەو بەغـدا.. «ئەبوئەلعـەباس واصل» کـە چووە ناو شـاری هەوراوەکـە هەمـوو سـامـانی «موهەزەبی» داگـیـرکـرد، بەلآم پاسـەوانی دانا بە سـەر مـالّی ژنەکـەیەوەو، هەرچی سـامـانی هەبوو، هەمـووی کـۆکـردەوە ناردی بۆ باوکی

(واتا سـولّطان بەها ء ئەلدەولّە)، بەلاّم خـەلّكی بەطائح (هەوراو) دژی ئەبوئەلعـەباس هەسـتـان، ناچار هەوراوی بەجـێـهـێـشت و گـەڕایەوە بەرەو بەسـره.. سـەرئەنجـام مـوهەزەب گـەڕایەوە بۆ هەوراو و خـەلّكی ولاّت پێـشـوازییـان لێكردو تا سـالّی ٤٠٩ك (١٠١٠ز) ولاّتەكـەی بەڕێوەبردو كـۆچی دوایی كـرد. پاش مـەرگی بڕیار وەهابوو كـوڕەكـەی لە جـێی دابنرێ، بەلاّم خـوشكە زاییێكی دژی راپەڕی و كـوشـتی و ئەویش كـوژراو دەسـەلاّت لەدەسـتی بنەمـالّە كـوردەكـان دەرچوو [٢٤] ئەمـەیە بەدبەخـتی كـورد، كـە بەخۆیان رازی نین.

**پەراوێزەكان:**

١- الكامل فی التـاریخ (بەرگی یەكـەم لاپەڕە ٤٨) نووسـینی مـێـژوو زانی مـەزنی بنەمالّەی شەیبانیی كورد

٢- البلدان (٣٥) نووسینی ئیبنی واضحی‌یە عقوبی..

٣- الكامل ٨/٣٦٦- ٣٧٢.

٤- الكامل (٨) لاپەڕە- ٤٨٠- ٤٨١ .

٥- ئەو حەلەناوی كرێ گرتە هەبوو ناوی (جاش) پەیدانەبوو بوو.

٦- الكامل (٨) لاپەڕەكانی ٤٨٩-٤٩١.

٧- الكامل ٨/ ٥١٠ .

٨- الكامل ٨/٥١٤.

٩- الكامل ٨/ ٥٧٣- ٥٧٥.

١٠- الكامل ٨/ ٥٨٨- ٥٨٩.

١١- الكامل ٨/ ٦١٠-٦١١

١٢- الكامل ٨/٦١٨ .

١٣- الكامل ٨/٦٤٤ .

١٤- الكامل ٨/ ٦٧٢.

١٥- وادیارە هەلّەی نووسـەران بێ، چونكە عـیـمـران سـالّی ٣٣٨ك سـەری هەلّداوە ٣٦٩ مـرد، دییـارە مـەبەست سی و یەكـە. با ئەمـەش بزانین كـە حـەسـەنوەیهی ش

هەرلەم ساڵەدا مردو نزیک ١٠ ساڵی هاو دەسەلات و لەگەڵ مغرالدەولەدا لە لەنەبەرد دابوون.

١٦- الکامل ٨/ ١٠٧.

١٧- الکامل ٨/ ١٠٧.

١٨- الکامل ٩/ ٢٣-٢٤.

١٩- الکامل ٩/ ٣٠.

٢٠- الکامل٩/ ٣٠- ٣١.

٢١- / ٩/ ٣٠- ٣١.

٢٢- الکامل ٩/ ٥٠، ٩٧، ١٠٥.

٢٣- ١٢٣، ١٢٤، (ب ٩)

٢٤- ئەم باسانە هەمووی هی «الکامل»ە بەرگی ٩// با لێرەدا لەبیرم نەچی «ئەبو اهاشم هبەالله کوڕی عسیی نووسەر و دەبیری مهذب بوو، یەکێ بوو لەسەر ئامەدترین نووسەران، نامەکانی کە لەگەڵ پادشایان و ئەمیرانا گۆڕیویەتییەوە، زۆر بەناوبانگن ساڵی ٤٠٥ک مرد.

# فەمانڕەوایی شوانکارەی کورد لە هەرێمی فارس و کرمان و ئەصفهاندا

# فەمانڕەوایی شوانکارەی کورد
# لە هەرێمی فارس و کرمان و ئەصفهاندا

**پێشەکی:**

خاکی فارس بەو هەرێمە پان و پۆڕە ئەوترێ کە ئەکەوێتە چوارچێوەی ئەم سنوورانەوە: لای خۆرهەڵاتەوە شارستانی کرمان، لای خۆرئاواوە خۆزستان (ئەهواز ـ عەرەبستان)، لای باکوورەوە شارستانی ئیسفەهان لای باشوورەوە خەلیجی عەرەب. ناوچەی ئەم هەرێمە شاری شیرازی بەناوبانگە و شارە گەورەکانی هەرێمەکەش ئەمانەن، کازرۆن، فەسا، داراب، نەیریز، ئیستەهبانات، لار، بووشەهر، شیراز، جەهرم (گەرم)، ئابادە، فەیرووزئاباد و چەندێکی دیکە.. سەرزەویی ئەم هەرێمە ١٤٨٦٦٩ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە دێرینەی کۆنی زۆر تیایە: هیی دەورانی عیلام، هەخامەنشی، ئەشکانی، مەکدۆنی، ئەشکانیی پەرتی، ساسانی و ئیسلامی وەک ئەنزان، پازارگاد، تەخت جەمشید، تەخت طاوس، نەقش روستەم، ئیستەخر، قەڵای ئێگ و هیی دیکە [(١)].

بەڵام لەکەیەوە عێڵ و خێڵانی کورد گەییونە ئەم هەرێمە فارسە و لەوێوە دەسەڵاتیان پەیداکردووە و بنەڕەتی فەرمانڕەوایی و سەردارێتییان دامەزراندووە؟ مێژوو هێشتا ئەمەی بۆ روون نەبوەتەوە.. کۆنترین بەڵگە لەبارەی کوردی وڵاتی فارسەوە بەدەست ئێمەوە بێ ئەمەیە: لە سەرەتای سەدەی سێیەمی زایینی (میلادی)دا لە شاری پازارگاد کە ئێستا پێ دەوترێ ئیستەخری فارس، (ساسان) ناوێ مووبەدی پەرستشگای ناهید (واتە: مەلای زەردەشتی یەکان) بوو. ژنی ئەم ساسانە پادشای عێلی (بازرەنگی)ی کورد ناوی ئەم ژنە (رام بەهیشت) یا (مینا بەهیشت) بوو ساسان کوڕێکی لەم ئافرەتە بوو ناوی نابوو (پاپەک)، ئەم پاپەکە کە

گەورە بوو. سەرۆکیی شاری (خێر)ی پێ سپێردرا کە دەکەوتە کەناری زرێچەی (بەختەگان) و سەرەرێی (سەروستان) و (نەیرێز)ی ئێستەوە. لەم حەلەدا (گوزەهر) یا (گوچەهر)ی بازرەنگی پادشای (فەسا)بوو. فەسا قەلایێکی سپیی زۆر سەختی هەبوو کە سپای ئیسلام سێسەد سال پاش ئەو رۆژە داگیریان کرد لەبەر سپێتی قەلاکە ناویان نا (بەیضاء).
کابرایێکی (تیری) ناو ئەرگبود (واتە قەلاوان)ی بوو. پاپەک کوڕی ساسان کوڕێکی بوو ناوی نابوو (ئەردەشێر). هێشتا ئەم کوڕە بارِ نەبوو بوو کە پاپەکی باوکی داوای لە گوزەهر کرد بیکا بەقەلاوان و بە یارمەتی دەری تیری. ئەردەشێر پاش چەند سالی دەسەلاتی پەیداکرد و دژی گوزەهر راپەڕی، وەلاتەکەی لێ داگیرکرد و خۆی ناونا پادشا و تانجی پادشایێتی لەسەر نا. (ئەردەوان)ی پێنجەم [٢] کەئاخرین شای تیرەی ئەشکانیی ولاتی چیا و عێراقی عەجەم بوو نامەیەکی بەم جۆرە بۆ ئەردەشێر نووسی: «کابرا! تۆ پێت لە بەرەی خۆت پتر درێژ کردووە. بەدەستی خۆت گۆڕ بۆ خۆت هەلئەکەن ئەی کوردی لەناو خێوەتی کوردانا پەروەردە بوو! کێ رێی‌دای تانج لەسەر بنێی و بکەوی‌یە ولات داگیرکردن؟» [٣].
بەم پێشەکی‌یەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە لە سەرەتای زایینداعێلاتی کورد لە ولاتی فارس زۆربوون و دەسەلاتیان هەبووەو فەرمانرەواییان دامەزراندووە، بەلام بۆمان روون نیە ئایا هەخامەنشینەکان ئەم کوردانەیان بەزۆر لەولاتی مادەوە هێناوەتە ئەم هەرێمانە، یاخۆ نەهاتی و قاتوقری بۆتە هۆی ئەوەی کۆچەرانی کورد بگوێزنەوە ئەم هەرێمی فارسە، یاخۆ شەڕو هەرای نێوانی داریووشی هەخامەنشی و ئەسکەندەر بوەتە هۆی ئەوەی کوردانی هەرێمەکانی موسل و هەولێر بگوێزنەوە بۆ ئەوەی پاراستنی پایتەختەکەیان بەوان بسپێرن، یاخۆ ئەم کوردانە هەر لەبەرئەوەی هەندێ لە بنەمالەکانی پاشا تیرە (ملوک الطوائف)ی ئەشکانیی پەرتی، خەلکی (نەهاوەند) بوون، روویان کردوەتە ئەوێ؟..

ئیبنو خوردادبیھ لە کتێبی (المسالک والممالک)دا کە لە دەوروبەری ساڵی ۲۳۲ی کۆچی (۸٤٦ز)ی دا نووسیویە، وتویە: «کوردەکانی وڵاتی فارس چوار (زەم) یا (ڕەم)[٤] بوون..». مەبەست لە (زەم) یا (ڕەم) عێلەو تا ئێستاش لەناو کوردا وشەی (ڕەمە = ڕەوە) بۆ گەلە ئەسپ و ماین و ئێستر بەکاردێت و بە شتی زۆری تێکەڵ و پێکەڵیش دەڵێن، (ڕەمەکی). چوار عێلەکە ئەمانە بوون:

١- عێلی حوسەینی کوڕی گیلەوەیھ کە ناوی بازەنگانی بووە. ئەم خێڵە چواردە فرسەخێ (واتە ١٦٠کیلۆمەترێ) لە شیرازەوە دوورە.

٢- عێلی ئەردام کوڕی جوانا، سیوشەش فرسەخ (واتە ٤٣٠ کیلۆمەتر) لە شیرازەوە دوورە.

٣- عێلی قاسم شەهریار کە پێی دەوترێ (گۆریان)- ڕەنگە گۆران بێ-، پێنج فرسەخ (واتە ٦٠کیلۆمەتر) لە شیرازەوە دوورە[٥].

٤- عێلی حوسەین کوڕی صالح کەناوی (سواران)ە- دوورنیە سۆران بی و حەوت فەرسەخ (واتە ٨٤ کیلۆمەترێ) لەشیرازەوە دوورە[٥].

پاش ئیبنوخوردادبیھ بە پتر لە یەک سەدە، ئیبنولبەلخی لە کتێبی (فارس نامە)دا نووسیویە: «لە ڕۆژگای کۆنە کوردەکانی وڵاتی فارس پێنج ڕەمە بوون. هەر ڕەمەیەکیان سەد هەزار حەومە بووە: عێلی گیلەوەیھ، عێلی دێوان، عێلی لۆلۆگان، عێلی کاریان، عێلی بازەنگان.

ئەو ڕەنگ و شکۆو هێزی سوپای فارس ئەم کوردانە بوون کە ژمارەیان یەکجار زۆر بوو، بەڵام لە سەرەتای ئیسلامدا بە جارێ قڕکران و بە جیهانا تەرتەوەرتە بوون و کەسیان لە قەڵاچۆ ڕزگار نەبوو جگە لە کابرایێ کە (عەلک)ی ناوبوو سەری بۆ ئیسلام داهێنابوو و ئایینی موسوڵمانەتی پەسەندکردبوو و تا ئێستەش نەتەوەی هەر ماون، بەڵام کورد گەلێ کە ئێستا نیشتەجێی شارستانی فارسن و لەوێ دەژین، ئەوانە کۆمەلە کوردگەلێکن کە عەضودودەولەی ئالبوویە (بووەیهی) لە

دەوروبەری ئیسفەهانەوە هێناونی‌یە شیرازو نەتەوەیان پەرەی سەندەوە. ئا ئەمەیە رابردووی ولاتی فارس و خەلکی فارس»[٦].

قسەکانی ئیبنولبەلخی لێرەدا دوایی هات. لە وتەکانیا دوو شتی سەیر هەبوو. یەکەم: وتی، «کوردەکانی ولاتی فارس پێنج رەمە بوون و هەر رەمەیەکیان سەد هەزار حەومە بووە». دیارە مەبەستیشی لە (حەومە) خێزان و مالە. هەر کامێکیانی مەبەست بێ، بەپێی هەلسەنگاندنی زانستی دەبێ ژمارەی هەر حەومەیێ بە پێنج دابنرێ چون هەندێ خێزان هەن یەک سەر یا دوو سەرن. هەندێ خێزانیش هەن دەگەنە دە سەر بەلکو پتریش، لەبەرئەوە رادەی ناونجی لە پێش چاو گیراوەو خێزانێ بە پێنج کەس دانراوە. بەم پێیە سەرژماری کوردەکانی ولاتی فارس دوو ملیۆن و نیو بووە. ئەی ژمارەی فارسی ئەو هەرێمە چەند بووە؟ وادیارە ولاتی فارس لەبەرئەوەی پایتەختی عیلام و هەخامەنشی و ئەشکانی و ماوەیێکیش ساسانی بووە، زۆر قەلەبالغ بووەو پتر لە پێنج ملیۆنی تیا ژیاوە.

دووەم: ئیبنولبەلخی وتی: «کاتێ کە ئیسلام هات کوردەکان قرکران و ئەوانەی رزگار ببوون، تارومار بوون». بێگومان کوردی ولاتی فارس پشتیوانییان لە یەزدی گورد کردووەو زۆریان کوژراون، بەلام ئەو کردوویە بە فیشال.

ماوەیە ناوی عێلەکان. وادیارە (بازەنگان) هەر ئەو (بازرەنگان)ەیە کە پادشاکەیان ناوی (گوزەهر) یا (گوچەهر) بوو و دایکی (ئەردەشێر) لەوان بوو. بەرلەوەی سپای ئیسلام ولاتی فارس داگیربکات، سەردارانی شوانکارە، سپەهبودی ولاتی فارس بوون و، خۆیان بە بنەچەکە ئەگەیێننەوە (ئەردەشێر) وەیا (مەنووچەهر)[٧]. مەبەست لە (سپەهبود) ئەم پایە سپاییە نییە کە ئەمرۆ بە عەرەبی (فەریق)ی پێ دەگوترێ. لەو حەلەدا مەبەست سەرداری سەربەخۆی هەرێمەکە بووەو لە ئێرانی کۆنا تەنیا دوو

هەرێم بەمجۆرە سەربەخۆ بوون: (طەبەرستان)و (شوانكارە).
گەڕیدەی بەناوبانگ ئیبنوحەوقەلی بەغدایی (ئەبولقاسم موحەممەد) لە كتێبی (صوره الارض)دا كە ساڵی ٢٣١ی كۆچی (٨٤١ز)ی بە دواوە نووسیویە، وتوویە: «تیرە كوردەكانی وڵاتی فارس ئەمانەن: كرمانی‌یە، رامانی‌یە، مەدین، بیشر، بەقلی‌یە، بەندازمیهری‌یە، ئیسحاقی، صەباحی‌یە، ئاذەرگانی‌یە، سوهرەكی‌یە، تەمادەهینی، زیادی‌یە، شەهرەوەی‌یە، بەندازقی‌یە، خوسرەوی‌یە، زەنگی‌یە، صەفەری‌یە، شەهیاری، میهرەكی‌یە، موبارەكی‌یە، ئاستامیهری‌یە، شاهەوی‌یە، فوراتی‌یە، سەلموونی‌یە، صیری‌یە، ئازاددوختی‌یە، موطەلیبی‌یە، مەعالی‌یە، لاری‌یە، بەرازدوختی‌یە، شاهگانی‌یە، جەلیلی‌یە. ئەمانە تیرە بەناوبانگەكانی كوردی فارسن.
زانینی ناوی هەموو تیرەكان كارێكی سەختە دەبێ تەماشای تۆماری باج و پیتاكی دیوانیی بۆ بكرێ، چونكە كوردەكانی وڵاتی فارس پتر لە پێنج سەد هەزارماڵن و هەر تیرەیێكیان بەلای كەمەوە خاوەنی هەزار سوارە. تیرە كوردەكان بەشێكی زۆر كەمیانی لێ دەرچێ كە لە هەرێمە زۆزانی و ساردەسێرەكانا نیشتەجێن، ئەو دوایان هەموو كۆچەرن. هاوینە هەوارو زستانە هەواریان هەیەو زۆربەیان لە خاكی گەرمیان دەژین و هاتوچۆیان هەر بە هەرێمەكانی خۆیاندایە. كورد گەل خێوی سازو بەرگ و چەک و مرۆڤ و مەڕو ماڵات و ئاژاڵن و ئەوەندە بەهێزن ئەگەر سوڵتان بییەوێ دەسدرێژیی وڵاتەكەیان بكات بە زیانی تەواو دەبێ. كوردەكان مەڕیان زۆرە. ئەسپ و ماینی چاكیان هەیە. چاترین جۆری ئەسپ و ماین لای كوردە مازەنجانەكانە كە لە سەر سنووری ئیسفەهان نیشتەجێن. ئەسپ و ماینی تاتاری و شەهیاریشیان هەیە. ئەم كوردانە لەڕادەبەر چالاک و گورج و گۆڵن و زۆریش پەیداكارو كاسبن چاترین قۆرخ و پاوان و لەوەڕگا بۆ مەڕو ماڵاتیان هەڵئەبژێرن.. من تەنیا ناوی سی تیرەم یادداشت كردو

وەک بیستوومە سەد تیرە دەبن»[٨].

ئیبنولبەلخی‌یش لەم بارەوە نووسیویە: «شوانکارەی فارس چەند عێلێکی کۆچەر بوون مەڵبەندی هاوینەیان دەشتی (ڕەوەن)و زستانەیان دەوروبەری (ئیستەخر) بوو. ساڵی ٢٣ی کۆچی (٦٤٣ز)ی سپای ئیسلام هەڵی کوتایە سەر هەرێمی فارس و پاش شەڕێکی زۆرو هەراییێکی قورس شارانی گۆڕ، ئیستەخر، کازرۆن، نۆبەندەگان، شیراز، ئەڕەگان، سنێرا، گەنناب و گەهرم سەریان بۆ ئیسلام شۆڕ کردو بەڵێنیان دا سەرانەیان بدەنێ. ئنجا سوپای ئیسلام رووی کردە فەساو داراب گرد. کوردەکانی وڵاتی فارس لێیان راپەڕین و کوشتارێکی سەختیان لێ کردن»[٩].

بەپێی داستانێ کە دەربارەی کەرامەتی حەزرەتی عومەر (خوای لێ رازی بێ) هەڵبەستراوە، کە گۆیا شەو لە خەوا دیویە سپای ئیسلام گەمارۆدراون و سەربازەکانیان تەنگەتاو کراون، لە خەو رائەپەڕێ زۆر دڵگران دەبێ و بە رێکەوت ئەو رۆژە هەینی ئەبێ لە کاتی وتاری هەینی خوێندنەوەدا پۆستنشین لەسەر مینبەری مەدینەوە هاوار ئەکات: «ئەی ساریەی کوڕی زونەیم! چیاکە.. چیاکە!» واتە ئاگاداری لای چیاکە بە، لەوێوە دوژمن پڕت پێ نەبات. جا وەک لە داستانەکەدا هاتووە ساریە لە وڵاتی فارسەوە گوێی لە دەنگی پۆستنشینی دووەم بووە کە لە مەدینەوە هاواری لێ کردووەو بە هێزەکەی خۆیەوە چووە لای چیاکەی قایم کردووەو بە شەڕ دوژمنی شکاندووە[١٠].

بەڵام کوردەکان ساڵی ٢٩ی کۆچی (٦٤٩ز)ی هەر لە (ئیذە)ی پایتەختی لوڕستانەوە تا ئیستەخری فارس و داراب گرد دژی سپای ئیسلام کەوتنە شۆڕش. پادشای ساسانی یەزد گوردی سێیەم ئەم شۆڕشەی بە هەلزانی پەنای بردە بەر کوردەکان، ویستی بۆ بەرژەوەندی خۆی سوود لە شۆڕشەکەیان وەربگرێ، بەڵام میللەتی کورد جەزرەبەی دەستی ساسانی‌یان چەشتبوو، نەیان دەویست کوڕی خۆیان بکەنە قوربانی کچی

خەڵق، شۆڕشەکەیان کزکردەوە. عەبدوڵڵای کوڕی عامیری کوڕی گورڕێز کە فەرماندەی سپای ئیسلامی ئەو هەرێمە بوو توانیی وڵاتەکە داگیر بکات. یەزدی گوردیش بەرەو خۆراسان هەڵات و لەوێوە چووە شاری مەرو و رووی نەدایێ. خەڵقی مەرویش دژی هەڵسان. لە ترسانا شەو لە ناوێ هەڵات و خۆی کرد بە ئاسیاوێکا. کابرای ئاشەوان کە سرنجی جل و بەرگەکەی داو بینی هەمووی بە زێڕو زیوو گەوهەر نەخشێنراوە قەپی لێ خۆش کردو رووتی کردەوەو کوشتی و لاشەکەی هاویشتە رووبارەکەوە. ئنجا (هیربود)ی سەرداری شاری ئیستەخر کە زاوای یەزدی گورد بوو لەگەڵ عەبدوڵڵا شەرەکەی بە ئاشتی بڕییەوەو بە سەردارێتی مایەوە. پاش ئەوە عەبدوڵڵا کەوتە پەرەدان بە وڵاتگیری و شاری گۆڕی داگیرکردو عێلی شوانکارەش بە ئارامی و ئاسایشەوە کەوتنەوە بەسەربردنی ژیانی هێمنانەو ئیسماعیلی سەرۆکیان سەرکارێتی کاروباری فەرمانڕەواییێتیی هەرێمەکەی ژێردەستی هیربودی گرتە ئەستۆ[11].

لەم سەردەمەدا وڵاتی شوانکارە بەو هەرێمە وتراوە کە ئەکەوتە نێوان فارس و کرمان و خەلیجەوە. ناوچەی دەسەڵاتی ئەم هەرێمە (ئێگ)[12] بوو. شارەکانی دیکەش ئەمانە بوون: زەرگان، تارم، ئیستەهبانات، نەیریز، خەیر، پورک، کوروم، روونیز، لار[13]، داراب گرد[14]. هەروا فەسا[15]، کازرۆن[16]، خونج[17]، گۆڕ[18] و ئیستەخریش[19] هەر بەدەست ئەوانەوە بوون.

بە قسەی ئیبنولبەلخی و حاج میرزا فەسائی و قاضی غەففاری و مێژوونووسانی دی، (شوانکارە)ی پاش ئیسلام پێنج تیرە بوون: ئیسماعیلی، رامانی، گەرزووبی، مەسعودی و شەگانی. سەردارەکانی تیرەی ئیسماعیلی خۆیان بە نەتەوەی (سپەهبود)ەکان ئەزانی کە بە ڕیشە ئەچوونەوە سەر (مەنووچەهر)ی نەوەی فەرەیدون[20]. ئەم قسەیەش وەنەبێ لاف و گەزاف بێ. گەلی کورد باوەڕی وایە (کاوە)ی ئاسنگەری

ئەژدەهاکــوژ کــە ئەژدیهــاکی لەســەر تەخــتی شــاهیــتی هێنایەخــوارەوەو فــرەیدوونی لە نێــوجــەرگەی مــیللەتەوە هەڵبــژاردو لەجــێی ئەوی داناو تانجی لەســەر نا، ئەم کــاوەیە یەکــێکە لە رۆڵە قــارەمــانەکــانی و فــەرەیدوونیش یەکێکە لە گەنجە هەڵبژاردراوەکــانی.. جا سپەهبودەکان-کەخۆیان بە نەوەی فــرەیدوون ئەزانی- تا پەیدابوونی ئیــســلام خــاوەن دەســەڵاتو بەگلەری شــوانکارە بوون و پاش پەیدابوونی ئیسلام مــاوەی چەند سەدەیێ دووبارە تێ هەڵچوونەوە.

مــوعــینی نەطەنزی نووســیــویە: «پادشــاکــانی عــێلی شــوانکارە دوو دەســتــەبوون: دەســتــەی یەکــەم لەپێش شــاڵاوی مــەغــوولا خــاوەن دەسەڵات بوون، دەســتــەی دووەمــیش پاش شــاڵاوی مــەغــوول، دەســتــەی یەکــەم پێنج کەسیــان یەک لەدوای یەک پادشــایەتیــان کــردووە: (١) نیــزامــوددین حــەسەن کــوڕی ئیــبــراهیم کــوڕی یەحــیــا، (٢) ســەیفــوددین هەزار ئەسپ کــوڕی نیــظامــوددین، (٤) نیــزامــوددین حــەسەن، (٤) قــوتبــوددین مــوبــاریز، (٥) مــوزەفــفــەرەددین مــوحــەممەد کــوڕی مــوباریز، بەڵام بەداخــەوە نووســەرەکــە ســەردەمی دەســەڵاتی ئەم فــەرمــانڕەوایانەی بەپێی رۆژگــار دیاری نەکــردووە. تەنانەت فــەرمــانڕەوایانی شــوانکارە خــۆیان ئەبەنەوە سەرپادشــایانی کــۆنی وڵاتــی فــــــارس. ئەمــجــۆرە لافــە دەس هەڵبــەســتــە هەروەک لەناو زۆربەی گەلەکــانی خۆرهەڵاتا باوە، هەروا لەناو بنەمــاڵە فــەرمــانڕەواکــانی کــوردیشــا باو بوو.

ئا ئەوەتا ئەردەڵانیيەکان خۆیان دەبەنەوە سەر ساسانیيەکان. لوڕەکــان خــۆیان ئەبەنەوە ســەر عــەباسیيەکــان. بابانیيەکــان خــۆیان ئەبەنــەوە ســەر خالیــدی کوڕی وەلید کە بێ نەتەوە بووە. بادینانیيەکان خۆیان بە عــەبباسی دەزانــن. شێخانی یەزیدی خۆیان دەبەنەوە سەر موعاویە. هەزارەها بنەمــاڵەش خــۆیان کــردووە بە ســەییــد... جــا لەبەرئەوەی وتمان، ئیّــمــە چاو لە شــەجــەرە نەســەبەکــە دەپۆشین و ئەوەندەی ناوەکــان لە مــێــژوودا هاتبێ بە پێی

ڕۆژگـارەکـە، یادداشـتـی ئەکـەین و لەم کـارەدا ڕائەپەڕمـووین بە (الکامل)ی ئیبنوئەئیرو فـارسنامـەی ناصری و (تاریخ جـیـهـان آرای قاضی غـفـاری)و (تحریر تاریخ وصاف الحضره)و هەروا بە (مطلع السعدین)ی سەمەرقەندی و (دستـور الوزراء)ی میـرخـواندو (جامع التـواریخ)ی فـەضلوڵلای ڕەشیـدی و (آثار عـجم فـرصت شیـرازی)و دەیان کـتـێبی دیکەدا کە بە زمـانەکـانی فارسی، تورکی، عەرەبی و کوردی نووسراون و لەم بارە دواون.

بەڵێ، لە سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامدا - هەروەک لە پێشا گوتمان- ئیسـمـاعـیلی شوانکارە سەرەک وەزیری (هیـربود)ی زاوای یەزدی گورد بوو کە عـامـیـری فـەرماندەی ئیـسـلام سەرداریتی ئستـەخری بۆ مۆر کـردبوو، خاوەنی (منتـخب التواریخ) ئەم ئیـسـمـاعـیلەی بە کـوڕی مـەزرەبان داوەتە قـەڵەم و وتوویە ئەم بنەمـاڵەیە پشـتـاوپشت مـیـرو بەگلەری فـارس بوون تا دەورروبەری سـەدەی چوارەمی کـۆچی کــە لەم سـەردەمـەشـدا دیسـانەوە ئیسـمـاعـیل ناوێکی تری ئەم بنەمـاڵەیە بوو بوو بەسەرداری شوانکارە، جا ئەم ئەمـیـرە بەپێی وتەی حـەمـدوڵلای مـوسـتـەوفی قـەزوێنی سـاڵانی ٤١٦-٤٤٠ی کـۆچی (١٠٢٤-١٠٤٨ز)ی سـەری بۆ عـیـززودەولەی ئەبو کـالیجـار مەزرەبان سـوڵتـانو ددەولەی بووەیهی شۆڕنەکـردووەو دژی وەسـتـاوە [٢٢]. حـەسـەنەوەیهـیـش یەکێ بووە لە سـەردارانی تیـرەی (ڕامـانی)ی شـوانکارەو زۆر بە دەسـەڵات بـووەو لەگـەڵ صـاحـیب کـافی کـوڕی عـەببـادی طالەقـانیی وەزیری مـوئەیـیـدودەولەو فـەخـرولدەولەدا هاوتەمـەن و دۆست بووەو هەندێ لایان وایە کـە لە سـەردەمی ئەوانا سپـاسـالاریش بووە. ئـەم حەسەنە بە کوڕی عەلی ئەیوب دراوەتە قەڵەم.

**فەضڵەوەیه کوڕی عەلی کوڕی حەسەن کوڕی ئەیوب**

ئەم کـوڕە لە تیـرەی ڕامـانیيە. هەندێ ناویان ناوە نیـزامـودین فـەضـڵـوڵلا. هێشـتـا لاو بوو باوکی بردیيە لای (صـاحـیب عـادل ئەبوو مـەنصـور بەهرامی شیـرازی کوڕی مـافـیـە) یا (مـافننە) کە سەرەک وەزیری

عـيــزوولّ مـولوک ئەبو کـالـیـجـاری بووەیهی بوو داوای لێ کـرد کـارێکی سیاسی پێ بسپێرێ. جا کارێکی پێ سپێردراو پاشان بوو بە سپاسالار، بەڵام کـە (ئەبو کـالیـجـار) ویسـتی دەس بۆ شـوانکارە درێژ بکات، نێـوانیـان ناخۆش بوو.

(وصـاف الحـضـره) نووسـیـویە: لە مـانگی سـەفـەری سـاڵی ٤٣٠ی کـۆچیـدا (١٠٣٠ز)ی (تاش فـەراش)ی نۆکـەری عـەضـودودەولە کـە والیی ئەسـفـەهان بوو بە لەشکرێکەوە رووی کـردە لەوەڕگـەو پاوان و قـۆرخـەکـانی (شـوانکارە) کـە بتـوانێ داگـیـری بکات. لەسـەر ئەوە لەدەشـتـی (رەوەن) شەڕێکیـان بوو، بەڵام شوانکارەکان کشانەوە بۆ لای داراب گرد. پـاش ئـەوە مـاوەیان درا کـە لەجـێـی خـۆیـیـان بمێننەوە(٢٢) ئەمـە هەروەک لە (تحـریر تاریخ وصـاف)دا هاتووە لە (فـارسنامـە)ی ئیـبنولبـەلخی شـا هاتووە، بەڵام وادیارە هەڵـەیە، چۆن تاش فـەراش لە نۆکـەرانی (مەسـعـود کـوڕی مـەحـمـودی سـەبوکـتـەگـینی غـەزنەوی) بووە نەوەک لە نۆکـەرانی عـەضـودودەولەی بـووەیـهـی. ساڵی ٤٤٠ی کۆچی (١٠٤٧ز)ی (ئەبووکـالیـجار) مرد. ئـەبـو مـەنصور فـوولادسـتـوونی کـوڕی لەجێی دانیـشت. زۆری پـێ نـەچـوو دایـکـی هانیدا کە (صاحیب عادل) بکوژێ.

ئەویش کوشتی. لەسەر ئەمە فەضلەوەیە تۆڵەی لێیان کردەوە.

سـاڵی ٤٤٢ی کـۆچی (١٠٤٩ی.ز) ئەلپ ئەرسـەلان کـوڕی داود چوغـری سـەلجـوقی بێ ئەوەی طوغـرولی مـامی ئاگـای لێ بێ هێـزێکی گـەورەی هەڵگرت و چوو دای بەسـەر وڵاتی فـارسـدا کـە هەر بەناو لەژێر دەسـتی فـوولادسـتـوون دا بوو تاڵانی کردو هەزار کەسێکی لە دەیلەمییەکـان کوشت(٢٤).

سـاڵی ٤٤٥ی کـۆچی (١٠٦٢ی.ز) قـاوەرت کـوڕی داوود چوغـری سەلجووقی کە بە عـیـمادودین قەرە ئەرسەلان بەناوبانگ بوو و سـەڵتـەنەتی سـەلجـووقی لە کـرمـاندا دامـەزراندبوو، بە سـپـایێکی زۆرەوە شـاڵاوی کـردە

سەر ولاّتی فارس، ویستی شوانکارەکان تەرتەوەرتە بکات.

فـەضـلّـەوەیە کـە تێگەیشت بەهێـز ناتوانێ بەرگـربی لێ بکات و بەرەنگاری بوەسـتێ، هەلّسـا دیاری و دەهەنەییێکی زۆری لەگـەلّ خـۆی هەلّگرت و چوو بۆ دیتنی سـولّتـان ئەرسـەلانی برای قـاوەرت و لەگـەلّیـا دواو بەلّێنی دایێ کـە بە ناوی ئەوەوە ولاّتی فـارس بەرێوەدەبات و سـالاّنە بیست و حەوت ملیـۆن درەم باج و پیتـاکی دەداتێ. ئنجـا (گـوشنـاباد) یا (خوشنـاباد)ی کـردە ناوچەی پادشـاییـتی خۆی. جارجارەش پایتـەختـەکەی دەگـواستـەوە بۆ (داراب گـرد)و (بۆ (شیـراز). بەمـجـۆرە بەربربی لە قـاوەرت کـردو مـیـرانی شـوانـکارەی وەک ئەبو سـەعـد مـوحـەمـەد - مـەمـا -و ئەمـیـرەوەیە مـەسعـودی و ئەمـیـر سـەلک و چەندێکی دیکەی ناردە قـەلاّو شـارەکـان و تا سـالّی ٤٤٧ی کـۆچی (١٠٦٣ز)ی هەمـوو ولاّتی فـارسی خـسـتـە ژێردەسـتی خـۆیەوەو لەوانی دیکەشـدا سـەرداری داناو بایەخی بۆ فوولادستوون نەهێشت.

سـالّی ٤٤٨ی کـۆچی (١٠٦٥ز) دژی فـوولادسـتـوون راپەڕی و بە دیل گـرتی و لە قـەلاّی (پەهن دژ) کـە ئیـبنولئـەثیـر لە (الكامل)دا نـاوی ناوە (بهنزاد)دا زینداني کـردو تا مـردن دەری نەهێناو خراسەوەیهی دایکیـشی کـە لەوەبەر چۆپی کـێش و سـەمـاکـار بوو لەناو گـەرمـاوەییێکی داغی بێ ئاوا زیندان کـرد تا تیـا پرووکـا.. ئنجـا کـە سـرنجی دا سولّتـان ئەلپ ئەرسـەلان سـەرگـەرمی شـەڕو ولاّتگیـری‌یەو نـاییـەرژێتـە سـەر ئەو، گـوێی لە باج و پیتـاک بۆ نـارنەکـەش خـەواندو، بەوەش وازی نەهێنا جـارێ سـەربەخـۆییـتی داو چوو لە قـەلاّی (خرسـە) یا (خـورشـاه)دا کـە لە گـەرم (جـەهرم)ەوە پێنج فرسەخێ (واتا ٦٠ کیلۆمەترێ) دوور بوو خۆی قایم کرد(٢٢٥).

سـالّی ٤٥٩ی کـۆچی (١٠٦٦ز)ی سـولّتـان ئەلپ ئەرسـەلان کـە شـەڕی لەگـەلّ قاوەرتی برای دواهێناو هەموو هەرێمەکـانی ژێردەستی لێ داگیـرکرد، روی کـردە ولاّتی فـارس و بەشـێکی زۆری قـەلاّکـانی خـسـتـە دەست،

سەرداری قەڵای ئیستەخر کە دەبێ یەکێ لە سەردارەکانی شوانکارە دەسنیژەکانی فەضلەوەیە بووبێ، هاتە پێشوازی و گوڵدانێکی پیرۆزەی پڕ لە میشکی پێشکەش کرد، کە ناوی جەمشیدی لەسەر نووسرابوو، بەڵام دانیشتوانی قەڵای پەهن دژ سەریان بۆ فەرمانی دانەنواند. خواجە نیزامول مولک قەوامودین ئەبو عەلی حەسەن کوڕی ئەبولحەسەن عەلی کوڕی ئیسحاق کوڕی عەباسی طووسی کە سەرەک وەزیری بوو پاش شەڕێکی سەختی ١٦ ڕۆژە، قەڵای پەهن‌دژی داگیرکردو گەڕایەوە، بەڵام فەضلەوەیهی بەسەرداریتی شوانکارەو بە فەرمانڕەوایی وڵاتی فارس هێشتەوە.

ساڵی ٤٦٤ی کۆچی (١٠٧١ز)ی فەضلەوەیە جارێکی دیکەش باج و پیتاکی دواخست. سوڵتان ئەلپ ئەرسەلان دەستوری دایەوە بە (خواجە نیزامول مولک) کە شاڵاو بباتەوە سەر وڵاتی فارس و فەضلوون - فەضلەوویهی ئەمیری کە خێوی قایمترین قەڵات بوو. خواجە، ئەم جارەش بە سپاییێکی زۆرەوە چووە سەری و داوای لێ کرد: سەر بۆ فەرمان و دەسەڵاتی سوڵان دانەوێنێتەوە، بەڵام فەضلوون گوێی نەداو پەنای بردە بەر قەڵای (تەبەر جەرهەم)و خۆی تیا قایم کرد.

خواجە نیزامول مولک زۆر تێکۆشا قەڵاکە داگیر بکات، بەڵام قەڵاکە هێندە سەخت و قایم بوو بۆی نەهاتە گیران و لە گرتنی نائومێد بوو و لە شاڵاوەکەشی پەشیمانەوە بوو، وەلێ هێشتا گەمارۆکەی واز لێ نەهێنابوو کە لەپڕ دی خەڵقەکە بەیداخی سپی‌یان هەڵکردووەو بەناوی دەخالەت و خۆبەدەستەوەدانەوە لە قەڵاکە هاتنە دەرەوە. فەضلوون لەم کاتەدا لە قەڵا خوارینەوە چووبووە سەر بۆ قەڵاییێکی بەرزترو سەختتر کە بە تەپەڵاکی کێوەکەوە بوو، هێزی خواجەش لەم خۆبەدەستەوادانە سەریان سورمابوو، فەضلوون هەر کە بیستی هێزەکەی خەریکن لەبەر بێ ئاوی و تینویتی خۆیان دەدەن بە دەستەوە، بەپەلە گەڕایەوە بۆ ناویان و کەوتە دڵ دانەوەیان

و بەڵێن پێ دانانیـــان کــە ئاویان بۆ پەیدا دەکــات، بەڵام پێــشــەنگانی سپاکەی خواجە نیزامول مولک دونگەیان کردبوو کە بەدزی‌یەوە گەڕاوەتەوە ناو خـەڵکەکـە، لە پڕ چوون و دەوریان گرت. فـەضلـوون کـە بەم حاڵەی زانی بە هێـزەکـەی دەوری خـۆیەوە خـۆی کـرد بە نێـو جـەنگەل و دارو درەخـتـەکـانا، بەڵام ســوودی نەبوو، سـەربازەکـان گـەمـارۆیان داو دۆزی‌یانەوەو بردیان بۆ لای خـواجـە (نیـزامـول مـولک). ئەویش بە ئەسـیـری و دیلی بردی‌یە بەردەم ســوڵتــان (ئەڵپ ئەرســەلان)، بەڵام ســوڵتـــان لێی بووردو بەری‌دا(٢٦). هەندێ مــێــژوونووس لەو دەورە دواتر وایان داوەتە قــەڵەم کــە خــواجــە (نیـزامـول مـولک) لە قـەڵای ئیـسـتـەخـردا بەندی کـردووەو پاش مـاوەیێ دەسـتـووری نهێنی داوە بە ئەمـیری قەڵاکـە کوشتوویەو پێستی پڕ کردووە لە کا(٢٧). جا ئەگەر ئەم هەواڵە راست بێ، ئەبێ بە ئیبنولئەثیر نەگەییبێ.

(ئەمـیر فـەضلـەوەیھ) - وەک لە پێشا بە کـورتی دیارديمان کـرد -شارو قەڵاکانی وڵاتی فارسی سپاردبوو بە سەرداره شوانکارەکان، بۆ وێنە:

١- هەرێمی ئێگ، ئەسـەنجـان، ئیـسـتـەهبـانات، دراکـان و هەندێ دەوروبەری داراب گـردی سـپـارد بە ئەمـیـر سـەلک کـوڕی مـوحـەممەد کـوڕی یەحیـای سەرۆکی تیرەی ئیسمـاعیلییان کە لەگەڵ بنەماڵەی (نەمردیان)ی ئامۆزایان نێوانی ناخۆش و نارێک بوو.

٢- هەرێمی کــازرۆنی ســپــارد بە ئەبووسـەعـد مـوحـەممەدی سـەرۆکی گەڕرۆبییان.

٣- هەرێمی سبـار و فـەیرۆز ئابادی سپـارد بە مـیـرەوەیهی مـەسعـوودی سەرۆکی تیرەی مەسعوودییان (٢٨).

ســاڵی ٤٧٠ی کــۆچی (١٠٧٤ی.ز) پاش مـــردنی فــەظلــەوەیھ مـەلیکشـاھ کـوڕی سـوڵتـان ئەلپ ئەرسـەلانی سـەلجـووقی وڵاتی فـارسی داگـیـرکـرد و توورانشـای کـوڕی قـاوەرتی ئامـۆزای دانا بە سـەرداری وڵاتی فــارس. توران کــە زۆر هۆشـیــار و زیرەک بوو وتاقـیـکاریی سـەردەمی

باوکیشی لەبیر بوو، هەر کە گەیشتە وڵاتی فارس، ئەمیرەکانی شوانکارەی کۆکردەوە و کاروباری وڵاتەکەی پێسپاردن و هەریەکەیانی دانا بە سەرداری هەرێمێ.

ساڵی ٤٨٧ی کۆچی (١٠٨١ی .ز) ئەمیر ئونەری سەلجووقی کە یەکێ بوو لە ئەمیرە دەستنێژەکانی مەلیکشای سەلجووقی، ویستی وڵاتی فارس داگیر بکات. جا لە ئیسفەهانەوە بە سپاییێکی زۆرەوە رووی کردە وڵاتی فارس. بەڵام توورانشاه بەهۆی ئەمیرانی شوانکارەوە سپاییێکی زۆری کۆکردەوە و بەیارمەتی ئەوان و عێلەکانیانەوە، ئەمیر ئونەری شکاند (٢٩) و ئەم هەواڵە لە (الكامل)دا بەم جۆرەیە: تورکان خاتوونی جەلالی کەژنی مەلیکشا و دایکی مەلیک مەحموود بوو ئەمیر ئونەری نارد بۆ داگیرکردنی وڵاتی فارس، بەڵام ئونەر نەیتوانی بەرێوەی ببات، لەشکرەکەی ورەیان بەردا و شکا (٣٠).

ساڵی ٤٩٢ی کۆچی (١٠٩٨ی .ز) توورانشا لە فارس مرد. ئەمیر ئونەر بڕیاریدا تۆڵەی شکستەکەی بسێنێتەوەو ئابرووی خۆی دووبارە بکاتەوە. جا بە سپاییێکی زۆرەوە شاڵاوی کردە سەر وڵاتی فارس. بەڵام سەردارانی شوانکارە بەرەنگاری بوون و داوای یارمەتی یانیش لە ئێران شای کوڕی قاوەرت کرد کە ئەمیری کرمان بوو. بەم جۆرە ئەمیر ئونەریان بەزاند و رایانفڕاندو سنووری قەڵەمڕەوی خۆیان پەرەپێدا. جگە لەمەی وترا ئەمیرانی شوانکارە سوودێکی زۆریشیان لە ناکۆکیی نێوان سوڵتان بەرکیارق و براکانی وەرگرت کەناویان سوڵتان عەمرو سوڵتان سەنجەر بوو (٣١).

**مەلیک حەسەن کوڕی موباریز (خوسرەو):**

ساڵی ٥٠٢ی کۆچی (٣٢) (١١١٧ی،ز) سوڵتان موحەممەدی سەلجووقی وڵاتی فارسی بەقەواڵەدا بە «جاوڵی سەقاوو» (یا جەلالوددین جاولی خوانسالار) کە لالە و ئەتابەگی کوڕەکەی بوو. جا کەچوو بۆ فارس

کـوڕەکـەی سـوڵتـانی لەگـەڵ خـۆی برد کـە نـاوی چغـری بوو و تەمـەنی دوو ساڵان بوو و گـۆیا سـوڵتـان فـەرمـانیـشی دابوویێ کـە بکەوێتـە قـەلاچۆی یاخی و پیـــاوخـــراپان و ریشـــەیان دەربێنێ و کـــاروباری وڵات بەرەو ڕێکوپێکی ببـات. جـاولی کـە گـەیشـتـە ناوەندی وڵاتی فـارس ـەرێمی ژێردەسـتی ئەمـیـر یەڵدەجـیـدا رابوورد کـە یەکێ بوو لە نۆکـەرانی هەرە گـەورەی سـوڵتـان مـەلیکشـاه و شـارانی کـەلیل: سـەرمـاهـ و ئیسـتـەخری بەدەستەوە بوو،

جـاوڵیی فـێـڵـبـاز ئەو کـوڕە منداڵەی سـوڵتـانی فـێری وشـەی «بگیـر بگرە»ی فـارسی کـردبوو، هەرکـەسـێک بهـاتایە دیوانەوە ئەیوت «بگیـر»و پاسەوانەکـان ئەیانقـۆزتەوەو لەسەریان ئەدا. جا ئەم جاولییـە وەڵامی نارد بۆ ئەمـیر بەلدەجی کـە بێتـە دیدەنیی شـازادە چغـری. هەر کـە بەڵدەجی هات بۆ دیتنی، کـوڕە سـوڵتـان- هەروەک تووتیی فـێـرکـراو- قـیـڕاندی «بگیـر». پاسوانەکان گرتیان و کوشتیان و ماڵیان تاڵان کرد.

بەڵدەجی مـاڵ و منداڵ و گـرانبـاری خـۆی لە قـەڵای ئیـسـتـەخر دانابوو کـە سـەخـتـرین قـەڵای بوو و یەکێ لەوەزیرەکـانی خـۆیی تیـا کـردبوو بەجـێنشـینی خـۆی کـە نـاوی (جـەهرومی)بوو. بەڵام ئەم جـەهرومـیـیـە لە بەڵداجی یاخی بوو بوو، خـێـزانەکـەی و هەندێ سـامـان و ناومـاڵی بۆی خـسـتـبـوەدەرەوە و دەرکی قـەڵاکـەی داخـسـتـبـوو. کـە جـاوڵی ئەو ناوەی داگـیـرکـرد، بنی دەرکی قـەڵاکـەی کـردەوە و تەسلیـمی کـرد. لەم حـەلەدا لە وڵاتی فـارس کۆمـەڵێ ئەمـیر و سـەرداری عێلی شوانکارە هەبوون. میللەتی شـوانکارەش هێند زۆر بوون نەئەهاتنە ژمـارە و سـەرگـەورەیان حـەسـەن کـوڕی مـوباریز بوو کـە نازناوی خـۆسـرەو بوو، فـەسـا و هەندێ جـێگـەی تری لەژێر دەسـتـا بوو، جـاوڵی نامـەیێکی بۆ نووسی و بانگهـێشـتی کـرد کـە بێـتـە خزمـەتی شـازادە چغـری. خـەسرەو لەوەڵامـا بۆی نووسـیـیـەوە من نۆکـەری سـوڵتـانم و مل کـەچی فـەرمـانی، بەڵام هەرگـیـز ناتوانم پێم بەوناوەدا و خۆم

هەواڵ ئەنێـرم بۆ سـوڵتـان و باشـیش ئاگـام لەو کـردەوە جـوانەیە کـەتۆ دەربارەی بەڵداجی و کەسانی تر رەوات دیوە.
جـاوڵی کـە ئەم وەڵامـەی پێگەیی کـەوتە فـێڵ و تەڵەکـەبازی و جـاڕی بەناو دەس و پێـوەندیادا کـە چۆن رووی نەماوە ئیـتـر لە فـارسدا بمێنێـتـەوە. ئیـتـر بەجێی ئەهێـڵێ و ئەچێـتـەوە بۆ خزمـەت سـوڵتـان. بەم فـرۆفێـڵـە بنە و بارگـەی پێـچایەوە و کـەوتەڕێ. پەیک هەواڵی ئەم حـاڵەیدا بە خـوسرەو. جا خـوسرەو کـە ئەم هەواڵەی بیست هێـمنەوە بوو لەخۆشـیـیـاندا کـەوتە شـایی و زەمـزەمە و نۆشین. جاوڵیش بەپێی نەخشـەیێ کـە لە دڵی خـۆیا کـێشـابووی، لە لاڕێوە لەگـەڵ چەند کـەسـێکی خـۆیا گـەڕایەوە و لەپڕ دای بەسـەر مـاڵی خوسرەوا لە کـاتێکا کە خوسرەو بەمەسـتی و سەرخۆشـییـەوە لێی کەوتبوو و نووسـتـبـوو. فـەضـڵـەوەیهی برازای ویسـتی ئاگـاداری بکاتەوە. خـەو چاوی گـرتـبـوو بەخـەبەر نەدەهات. فـەضـڵـەوەیهـ گـۆزەیێ ئاوی سـاردی پرژاند بەسـەریا، کـە لە خـەو راپەڕی و لە سـاخـتـەی جـاوڵی تێگەیی سـوار بوو بەرەو قـەڵایی کـە لەنێـوان دوو کـێـوی زۆر ساخـتـا بوو و یەکـێکیـان بە کـێـوی ئونج ناسـرابوو. لەولاوە جـاوڵی کـەوتە تاڵان و کـوشـتـاری خـەڵقی بێ دەسـەڵات و بێـچـەک و تفـاقی شـەڕ. ئینجـا رووی کـردە شـاری فـەسـاو داگـیـری کـرد و کـەوتە تاڵان و بڕۆی ئەودوای وڵاتی فـارس، کـە شـاری جەهرم (گـەرم)یش یەکێ بوو لەوان. ئنجا رووی کـردە خەسـرەو و گـەمارۆیدا و بەتەنگی هێنا. بەڵام کە سەرنجیـدا قـەڵاکەی سەخـتە و هێز و ئازووقـە و خۆراکی زۆرە، زانی گـەمـارۆدانی سوودی نیـیـە. لەبەر ئەوە بەناچاری لەگـەڵ خـوسـرەو ئاشت بوەوە تا بتـوانێ ئەودوای وڵاتی فـارس داگـیـربکات. ئنجـا رووی کـردە شـیـراز و داگـیـری کـرد و کـردی بەناوچەی فەرمـانڕەوایی و لەوێوە رووی کـردە کـازرۆن کـە سـەرداری ئەبووسـەعـد کـوڕی مـوحـەممەد (مـەمـا)بوو لەسـەداره مـەزنەکـانی شـوانکارە و لە قـەڵاکـەدا گـەمـارۆیداو تا دوو سـاڵی تەواو ئابڵـوقـەی دوانەهێنا، بەڵام سوودی نەبوو، ناچار ئەسـپـردەی ناردە لای

ئەبوو سەعد بۆ ئاشت بوونەوەو ڕێککەوتن.
ئەبوو سەعد ئەسپردەکەی جاولی کوشت. ئنجا جاولیی دەستەیێ شێخ و صـــۆفی و دەروێشــی نـاردە لای بـۆ نـاوبژی. ئەبووســەعــد دەربارەی ئەم خــائینانەی کـــە بوو بوون بـە لایەنگیـــری دوژمن و هـاتبـــوون داوای ڕێککەوتنیـان دەکـرد سزاو شکەنجەیێکی سەیری بەبیـراهات کە تا ئێسـتا هاوتەقــای ڕووی نەداوە. هەموویانی تێرکرد لە هەریسەو کەشکەک و گولە قــەدیفــە. کە لە خواردن تێرو مڕ بوون دەستووری دا کونی لای خوارەوەیانی توند توند شەتەک داو لەبەر خۆرەتاوی گەرم بەستیـانیـەوە. تا پڕووکـــان و گـیـانیـان دەرچوو، بەڵام پاش مـاوەیێ ئاوو ئازووقـەو چەک و تفـاقی ناو قـەڵاکـە دوایی هات و بەناچاری بەیداخی سـپی هەڵکردو قـەڵاکـەی دا بە دەستەوەو زۆری نەبرد جاولی کەوتە بەدرەفتاری. ئەبووسەعد مەما هەڵات. جـــاولی ناردی منداڵەکـــانی دەســـتگیـــرکـــردو هێـــزی نارد بەدوایا بۆ دەستگیرکردنی.
هێـزەکـەی لە ڕێ تووشی کـابرایێکی قـولەڕەش هاتن شـتـێکی لە بن هەنگڵا بوو، لێیـان پرسی: ئەوە چییە؟ وتی: توێشەی ڕێمە. پشـکنیـــان دییان گۆشت مریشک و حەڵوایە. وتیان: ئەمە خۆراکی تۆ نیە. ڕاست بڵێ بۆ کـێتـەو، کـەوتنە تی هەڵدانی. ناچار درکاندی کـە بۆ ئەبووسەعدی دەبا کـە لە کـێوێکا خـۆی قـایم کـردووە. هێـزەکـە کـابرایان دایە پێش و کـەوتنە پەیدۆزی و گرتیـان و بردیانەوە بۆ جـاولی، کـوشتی. پاش ئەوە جـــاولی ڕووی کـردە داراب گـرد کـە هی ئیـبـراهیم بوو کـە یەکێ بوو لە سـەردارانی شـــوانکارە. خەڵقی داراب گرد لە ترسان پەنایان بردە دەربەندی (ڕەننە) یا (دەربەندی ڕەتیل ڕەننە) و ئیبراهیمیش ڕووی کـردە کرمان بۆ لای ئەرسەلان شـاهی کوڕی ئەرسەلان بەگی کوڕی قـاوەرت کـە لەگەڵ یەک زاواو خـەزوور بوون و، پێی وت: ئەگــەر قــۆڵ بکەین بە قــۆڵی یەکـــاو پشت بدەین بە پشـتی یەکـەوەو یارمـەتی یەک بدەین جـاولی پڕمـان پێ نابا. ئەگـــەر نە

هەردوولامـــان ئەڕووخــێنێ. جـاوڵیش رووی کـردە دەربەندی ڕەننەو بینی کـە دوو فـرسەنگ (واتە ٢٤ کـیلۆمـەتر) درێژاییـەتی و قـەڵایەکی زۆر سـەختـیش لە نـاوەندیا دروست کـراوەو لە گـرتن نـایێ. جـاوڵی کـەوتە وەفـێڵ و چوو لە ڕێی کـرمـانەوە رووی کـردە گـەلی ڕەننەو خـۆی وەها نیـشـان دا کـە لەشکری ئەرسەلان شایەو هاتووە بۆ یارمەتییان. خەڵقەکە بە شادی‌یەوە پێشوازی‌یان لێکردو رێیـان دا بۆ نـاو گـەلی‌یەکـە. هەرکـە جاوڵی فـێڵـەکـەی سـەرکـەوت شمشێری لە خەڵقەکە دەرهێناو کەوتە قەلاچۆو کوشتـاری مرۆڤ و گەلێکی لێ کـوشتن و داراب گـردی تالان کـردو گـەڕایەوە. ئنجـا نامـەیێکی نووسی بۆ ئەمـیـر حـەسـەن مـوباریز (خـوسـرەو)و وای دایە قـەڵەم کـە ئەیەوێ بڕوا بۆ کـرمـان بۆ هێنانەوەی ئەو شـوانکـارەیی‌یانەی کـۆچیـان کـردوەتە کـرمـان بۆ جێ و ڕێی خـۆیان و داوای لێ کـرد کـە لەگـەڵی بڕوات. خـوسـرەو نـاچار بوو کـە لە گـــەڵی بڕوا. لە هەمـان کـاتا جاوڵی نامـەیەکـیشی بۆ فـەرمانڕەوای کـرمان نووسیبوو کە ناو قـازی ئەبوو طاهیر عەبدوڵڵا کوڕی طاهیری قـازیی شیـراز بوو داوای لێکرد شوانکارەکـان بگێـڕێتـەوە جێی خـۆیان، بەڵام فـەرمـانڕەوای کـرمـان نـووسی عـێـڵی شـوانکارە پێڕەوی سـوڵـتـانن. ئەوان لە ترسی سـتــەم و بەدڕەفـتـــاریی دەسـەڵاتی هەرێمی خـۆیانـیــان بەجێ هێـشـتــووەو چوونەتە هەرێمـێکی دیکەی ژێردەسـتی سـوڵـتـان. ئیـدی داوای گـێڕاندنەوەیان شتـێکی سـەیرە.. جاوڵی لەم وەڵامە پتر رقی هەستاو سپای بردە سەرکرمان. هەر کـە گـەیشـتـە (پراک-فراک) پارێزەری سنووری وڵات ئەمـیر مـووسا شـەو لەناوێ بە سپای کرمانەوە دای بەسەر سپاکەیا.

بەم شـــەبەیخــوونە بەشـــێکی زۆری کـــوشتن و ئەودوایان هەڵاتن و جـاوڵـییش بـۆی دەرچوو. کە شەو بەسەرچوو کەشکەڵان روون بـووەوەو بەیانی دا، جـاوڵی بینی جگە لە حەسەن مـوباریزو کـوڕەکـەی ئەبووسەعـد مـەمـا کـە خۆی باوکی کـوشتـبـوو، کـەسی دی بە دەورا نـەمـابوو. لە ترسـانـا شـڵـەژا. حـەسـەن مـوباریز کـە سـەرنجی دا رەنگی زەرد هەڵـپـرووکـاوە، پێی گـوت:

جاولی مەترسە! کوردین. لە تەنگانەدا پشتی لێ قەوماو ناشکێنین و تۆڵە لە بێ دەسەڵات ناکەینەوە. نارمەردانە پڕنادەینە کەس! بەمجۆرە حەسەن و جاولی و کوڕەکەی ئەبووسەعد مەما بەرەو فەسا گەڕانەوە(٢٣).

**نیزامودین مەحموود (٣٤) کوڕی یەحیا کوڕی حەسەنەوەیە**

ئەم ئەمیرە فەرمانڕەوای شیراز بوو. داراب گردیشی جیاواز بەڕێوەدەبرد. ساڵی ٥٠٨ی کۆچی (١١١٣ی.ز)ی جاولی سەقاوو(٣٥) شاڵاوی کردە سەری لە حەلێکا کە ئەو لە ماهلەوەیهی(٣٦) سەروستان بوو، خۆی لە شەڕ لاداو کشایەوە بەرەو فەرغانە کە یەکێکە لە شارەکانی طارمی فارس، بەڵام جاولی وازی لێ نەهێنا. نیزامودین مەحمەوەیە لە شەڕا شکستی خواردو گەڕایەوە قەڵاکەی خۆی، بەڵام جاولی ساڵی ٥١٢ی کۆچی (١١١٧ی. ز) جارێکی دی کە نیزامودین مەحمەوەیە لە شەهداپشکانات بوو شاڵاوی کردەوە سەری. ئەم جارەش شکستی خواردو گەڕایەوە جێی خۆی، بەڵام شەڕەکە هێندە سەخت و خوێناوی بوو کە جاولی لە تاوان لووتی پژاو خوێنی لووتی بەربوو و گەڕایەوە. مەحمەوەیە ئەم جارە کشایەوە بەرەو چیای ئێگ (ایج). لەوێ پارچە کاغەزێکی دۆزییەوە بە فارسی هەڵبەستێکی لەسەر نووسرابوو: «ئەتابەگ جاولی ئەمڕۆکە مرد، دەوڵەتی نیزامودین پایەداربێ(٣٧)».

نیزامودین ئەم کاغەزەی بەو ودمێکی باش داناو زۆری نەبرد هەواڵی مردنی جاولی هات. پاش مردنی جاولی کە سەلغەرییەکان حکوومەتیان گرتەدەست، ئنجا چوو لە شێوی ئێگدا قەڵاییێکی زۆر سەخت و قایمی دامەزراندو ناوی (دار الأمان)ی لێ ناو خانووبەرەییێکی زۆری بۆ دەس و پێوەندانی دروستکرد، بەڵام پاش تەواوبوونی قەڵاکە زۆری نەبرد مردو کوڕەکانی لە جێی دانیشتن(٣٨).

قەڵای ئێگ

ئەم قەڵای ئێگە قەڵاییێکی زۆر سەخت و قایم بوو لەسەر زەویدا

وێنەی نەبوو. لە ئێرانیشا کەس قەڵای وەهای نەدیبوو و نەبیستبوو. لەسەر چیاییێکی پان و پۆڕ دروست کرابوو، بەلای خۆرهەڵاتی ئیستەهباناتاو پەنجا کیلۆمەتریّ لێیەوە دوور بوو. ئەم چیایە هێندە بڵند بوو کە هەمیشە لووتکەی لە هەورا بوو. بورج و بارووی قەڵاکە لەگەڵ (منطقه البروج)ی عاسمانا شەڕەقۆچی دەکرد. دەوری چیاکە لە خوارەوە تا بان تاشەبەرد بوو جۆگەو جۆگە تاشرابوو کە ئاو بگرێتە خۆی و بە زنجیرە جەنگەڵێ وەرگەڕابوو و باغاتی بۆ لە نارنج و هەنجیرو قۆخ و سێوو میوەی دیکەی پێکهاتبوو و بەم تەرزە تا تەپەڵاکی چیاکە دار بوو. لە ناوقەدی چیاکەدا چل گۆلاوی زل لە بەرد تاشرابوو کە لە کانی ئاوەکانی سەر شاخەکەوە ئاویان بۆ ئەچوو پڕ ئەبوون. لەسەر تەختەبانی چیاکە شاریّ دروست کرابوو حەوده هەزار خێزانی تیا بوو. زۆرتری خانووبەرەکان لەلایەن مەلیک نیزاموددین و باوباپیرانی‌یەوە دروست کرابوون. بۆ ماڵەکان ئاو بە گونج دەچوو(٣٩). قەڵا سەختەکە ناوی (دار الأمان) بوو، بەڕاستی (دار الامان) بوو. پشتی چیای ئێگ چیای (سەلمانی) بوو کە وەها بەناوبانگە کانگای زێروزیو و قورقوشم و ئاسن و پۆڵاو مۆمیاو خوێی حەوت ڕەنگ بوو(٤٠).

### ئەمیر موباریزوددین کوڕی حەسەنەوەیهی کوڕی هەزار ئەسپی کوڕی مەحمەوەیه

پاش ئەوەی کە هەندێ لە بنەماڵەی خۆیان سەرداریّتی‌یان کردو دەسەڵاتی وڵاتیان بەدەستەوە بوو، ئەمیر موباریزیش جڵەوی بەڕێوەبردنی وڵاتی بەرکەوت. ئەم ئەمیرە ئەوەندە بەهێز بوو کە شازادەکانی بنەماڵەی قاوەرت داوای کۆمەک و یارمەتی‌یان لێ دەکرد. پاش بڕانەوەی سەلجووقیەکانی کرمان شاڵاوی بردە سەر کرمان و داگیری کردو

نیـزامـوددینی برای به سـەرداری وڵاتەکـە دانا ، بەڵام ئەم سـەرداری یە تەنیـا یەک ساڵی خایاند(٤١).

مـوعـینی نەطەنزی. ناوی ئەم ئەمیـرەی ناوە قـوطبـوددین مـوباریز کـوڕی ئەمیـر نیـزامودین مەحـمەوەیه و دەڵێ: ئەمیـر قـوطبـوددین مـوباریز پەرەی دا بە وڵات و نەیریزی داگیـرکـرد(٤٢). سـاڵی ٥٩٩ی کـۆچی (١٢٠٢ی.ز)ی سـەعدی کـوڕی زەنگی بەسـەر طوغـروڵی کـوڕی سـونقـوردا زاڵ و پیـرۆز بوو و هەرێمی فـارسی داگیـرکـردو لەسـەر کـورسـیی سـەرۆکـێتی دانیـشت، بەڵام لووتی تەقی بە لـووتی سـەردارێکی بەهێـزو خـاوەن سـپـای کـوردەوە کـە قـوطبـوددین مـباریز بوو ، چەند جارێ دایان بەیەکـاو خەڵقی وڵاتی کرمـانیش فـریادیان بۆ قـوطبـودین مـوباریز هێنا. قـوطبـودین بە هێزی عێلی شوانکارەوە رووی کـردە کـرمـان و داگیـری کـردو بەڕێوەبردنی وڵاتەکـەی سـپـارد بە دوو براکـەی خـۆی کـە ناویان نیـزامـودین مـەحـمـوودو سـەیفـودین مـوحـەممەد بوو و خۆی گەڕایەوە بەرەو هەرێمی شوانکارە.

سـەلجـووقی‌یەکـان بیسـتـبـوویان کـە نیـزامـوددین مـەحـمـوود کـابرایێکی کـەیفـچی و هەمـیـشـە سەرخۆشەو نۆکـەرو دەس و پێوەندو سـەردارەکـانیشی بە ستەم و چەوسـاندنەوە گەلەکەیان کـردووە بە دوژمنی خۆیان. جـا غـوزەکـان و خەڵقی وڵات ساڵی ٦٠٠ی کۆچی (١٢٠٣ز)ی دژی راپەڕین.

نیـزامـوددین مـەحـمـوود سـەیفـودوینی نارد بۆ لای کـاکی بۆ یارمـەتی و کـۆمەک، بەڵام لەم کـاتەدا قـوطبـودین مـوباریزی کـاکی لە شەڕا بوو بەرامبـەر بە ئەتابەگ سـەعـدی زەنگی، لەبەرئەوە نەیتـوانی بگاتە فـریای براکـانی. خەڵقی کـرمـان و غـوزەکـان نزامـوددین مـەحـمـوودیان دەسـتگیـرکـرد، بەڵام لە ترسی ئەمـیـر مـوباریز نەیانوێرا دەسـتی لێ بوەشـێنن و لە زیندانیـان پەسـتـاوت و عـەجـەم شـاهی کـوڕی مـەلیک دیناریان کـرد بەپاشـای وڵات. قـوطبـوددین نـامـەیێکی نـووسی ئەتا بەگ سـەعـدو داوای یـارمـەتیی لێکردو نیظامـوددینی نارد کـە بەبارمـتـە لای ئەم بمێنێ، ئەتا بەگ لەو هەڵە سـودی

وەرگـرت و بە لەشکرەوە دای بەسـەر کـرمـاناو داگـیـر کـردو شـوانکارە دەسەڵاتیان بەسەر کرمانا نەما.
سـاڵی ٦١٩ی کـۆچی (١٢٢٢ی.ز) بوراق حـاجـیب کـە یەکێ بوو لە سەردارانی پادشایانی خوارەزمی هەڵی کوتایە سەر کرمان و داگیری کردو لەوێوە شالاوی بردە سەر وڵاتی شوانکارە. قـوطبـوودین مـوباریز زۆر بەپەلە خـۆی ئامـادەکـردو بە چوار هەزار سـوارو پیـادەوە بەرەنگاری بوو و بەزاندی و تا کـرمـان رایڕفـاندو (فـۆرک، دارب، طارم و سـیـرجـان)یشی لێ وەرگرتەوەو خستییە سەر شوانکارەو بەمجۆرە سێ ساڵی تەواو پادشایەتی شوانکارەی کردو ئازادو سەربەخۆو پیاوانە ژیانی بەسەربردو دادو هێمنی و خـۆشی بە وڵاتا بڵاوکـردەوە تا سـاڵی ٦٢٤ی کـۆچی بە ئاکـامی مـەرگ سـەری نایەوەو لە شاری خوشناباد (کـوشناباد) نێژراو بارەگـای بەرزی بوو بە زیارەتگای مـەردان و دلێـران و دوو کـوڕی لێ بەجێ مـا کـە ناویان موظەفەروددین موحەممەدو موعیزوددین عەبدولڕەحمان بوو(٤٣).

**مەلیک موظەفەروددین موحەممەد کوڕی قوطبوودین موباریز**

قاضی غیفاری ئەم موظەففەرەی بە کوڕی موباریزوددین حەسەنەوەیهی کوڕی هەزار ئەسپی کوڕی نیزاموددین مەحمود قەهەوەیه داوەتە قەڵەم. هەروا نووسەری تەئریخی وەصصافیش(٤٤).

ئەمـیـر مـوظەفـەفـەر سـاڵی ٦٢٤ی کـۆچی (١٢٢٦ز)ی - واتە پاش مـەرگی باوکی سـەردارێتی شـوانکارەی گـرتەدەست و کـەوتە پەرەدان بە وڵات. لای خوارو باشوورەوە تا هەرێمی هورمـزو کەناری زریەی داگـیـرکـردو لای کـرمـان و فـارسـیـشـەوە تا دارابگرد پەرەی پێدا. سـەرەڕای ئەم هەرێمانەی کە لەژێر دەستیا بوون (حەسوییە، ڕوونیز، خەیر، میشکانات، لارسەنگ و گەورەدێی کوورستان کە لە هورمزەوە حەوت فرسەنگ (واتە ٨٤ کـیلۆمـەتر) دوور بوو. بەدرەشی کـردە پایتـەخـتی شـوانکارە. موعـیـززوددەولە عـەبدولڕەحـمانی برای لە گـەڵی تێکچـوو و پەنای بردە بەر

ئەبووبەکـری زەنگی، ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی مـوظەفـەر لەگـەڵ ئەبووبەکـر بکەویتـە شـەڕەوەو هەراو کـێشـەیان تا سـاڵـی ٦٥٨ی کـۆچی (١٢٥٧ز)ی درێژەی کـێشـا کـە لەو سـاڵەدا هولاکـۆ وڵاتی فـارسی داگـیـرکـرد مـەلیک موزەفەر بەرامبەر بە هۆلاکۆ خانیش سەربەرزی و سەرچڵیی نیشان دا. جـا سـاڵـی ٦٥٨ی کـۆچی سـپـاییـێکی گـەورەی تاتار بە فـەرمـاندەی تەنکۆجنە - یا تەکـۆنجـە کـە مـیـرتومـان و لە تیـرەی جـەلایر بوو شـاڵاوی کـردە سـەر هەرێمی شـــوانکارە. سپـاکـە لە ١٧ هەزار کـەس پێکهـاتبـوو و لە داوێنی قـەڵای ئێگ لەشکربەزی کـرد. موظەفـەر هەرچەندە لەوحەلەدا لە تەمەنی ٩٠ سـاڵیدا بوو، خـۆی فەرمـاندەیی هێـزی شوانـکارەی گرتە ئەسـتـۆ و پاش چەند رۆژێ شـەڕی زۆر سـەخت لە مـانگی سـەفـەری هەمـان سـاڵا تیـرێ دای لە چاوی و کـوشـتی، ئنجا تـاتار بە ئاشـتی وڵاتەکـەیان داگـیرکـرد. تەکـۆنجـە قـەڵای ئێگ و قـەڵای سـپی و قـەڵاکـانی دیکەی هەمــوو وێران کـردو قوتبودین موباریزی دووەمی بە مەرجی باج و پیتاک لە جێی خۆی دانا.

ئەمـیـر مـوظەفـەر پیـاوێ بوو زیرەک و هوشـیـار، هونەر دۆست و ئەدەب پەرست و زاناو هەسـتـیـار. لەگـەڵ کـەمـالودین ئیـسـمـاعـیلی هەسـتـیـاری بەناوبانگی فـارسدا بە هەڵبەست نامەیان لەیەک دەگێڕایەوە. مـوظەفـەروددین ئەمـەی بۆ کـەمـال نوسیـبـوو: «لەبەرئەوەی روومـان نییـە بە خزمـەتتـان بگەین سـەر بەسـەرخـەتی دیوانەکـەتا شـۆڕدەکـەمـەوە هەر مـانگ و هەر سـاڵـە، دەڵێم ئەی چەرخی فـەلەک چیت لێ کـەم ئەبێـتـەوە ئەگـەر رۆژێ ئێـمـەش بگەیێنی بە کەماڵ» (٤٥).

کەمال لە وەراما ئەمەی بۆی نووسی:

«تۆی ئەو کـەسـەی کـە خـۆر سەرشـۆڕە لە بەرپێیا. لە هەر کـوێ خـێـوی هونەرێ هەبێ بـەندەی تۆیە. عـەودالی کـەمـالن بە گـیـان و دڵ ئەهلی کەمال. کەچی گیان و دڵی عەودالی تۆیە کەمال» (٤٦).

هەروا ئەمـیـر مـوظەفـەر پیـاوێکی خـێـرۆمـەند بوو، زۆر جـێگەی چاکـەی

به یادگـار هێشـتـەوە. مزگەوت، قوتابخانە، پرد، هەتیوخانە، نەخۆشخانەو لەگەڵ ئەوەشا کە خۆی سـەردارێکی دەسـتـڕۆ بوو، دژی زۆرەملێ و ملهوڕی و سـتـەمگەری بوو، ڕێی نەئەدا بە کـاربەدەسـتـان دزی و درۆزنی و ساختەچییەتی بکەن. ئەگەر دەربکەوتایە یەکێکیان دزیی کردووە، بەرتیلی وەرگرتووە، ماڵەکەی بە سوودی گەنجینەی گشتیی گەل داگیردەکرد. بۆ نموونە بەر لە هەمـوو کـەس ئەم یاسـایەی دەربارەی عـەلی حـەیدەر ناوێ بەکـارهێنا کە خزمی خۆی بوو و ماڵ و سامانەکەی داگیرکردو خستیە گەنجینەوە.

ئەمیـر مـوزەفـەری هەسـتـیـارو ژیر دەربارەی ئەو کـەسانەی کە تەنیـا بۆ خـۆشـژیانی و رابواردن دەژین، ئەم چارینەی هەڵبـەسـتـووە: «گـەر بەدوای کـەیف و ئارەزوودا ئەتەوێ بڕۆی، گـوێت لێم بێ بەرەو زەبوونی و کـڵـۆڵی دەڕۆی. سـەرنج دە خـەڵقی کـوێی، بۆ چ کـارێ هاتووی و، ئێـسـتـە چی دەکـەی و ئەتەوێ بۆ کـوێ بڕۆی» (٤٧). مـوظەفـەرددین دوو کـوڕی هەبوو: یەکـەم غـیـاثوددین مـوحـەمەد کـە لە ژیانی خـۆیا مـردبوو و چوار کـوڕی لێ بەجێ مـــابوو. دووەم قـوتبـوددین مـوباریز کـە ئێـمـە ناومـان لێ ناوە دووەم (٤٨).

**مەلیک قوتبوددین موباریزی دووەم:**

لە پێـشـا گـوتمان پاش کـوژرانی مـەلیک مـوزەفـەروددین تەکـۆنجـەی سەرداری هۆلاکۆ قـوتبوددین مـوباریزی دووەمی لەجێی کـرد بە ئەمیـری وڵات بەرامبـەر بەوەی کـە ساڵانە شەش هەزار دیناری زێڕ باج و پیـتـاک بدات بە حکوومـەتی تاتار، بەڵام قـوتبـوددین پاش ئەوەی کـاروباری وڵاتی گـرتەدەست، باجـەکـەینەداو سـەردارێکەی تەنیـا یازدە مـانگی خـایاند و خـەڵقی وڵات و براکـانی خـۆی لێیی یاخیـبوون و دەسـتگیـریان کـرد و ناردیانە ئۆردووی تاتارو لە ١٠ی مـانگی ذیلحـەجـەی ٦٥٩ی کـۆچی (١٢٦٠ی،ز)دا کوژرا و (٤٩) ماڵ و منداڵیشی بەدیلی مانەوە.

نیـزامـوددین حـەسـەنەوەیهی کـوڕی غـیـاثوددین مـوحـەمەد کـوڕی

موزەفەروددین:

پاش کوژرانی قوتبوددین، نیزاموزددین برازای لەجێی دانیشت و سێ ساڵی رەبەق پاشایێتی شوانکارەی کرد، ساڵی ٦٢٢ی کۆچی (١٦٢٣ی .م) سەلجووق شاهی کوڕی سەلغوڕی پادشای فارس دژی هۆلاکۆ خان جووڵایەوە. هۆلاکۆ فەرمانیدا لەشکر شالاو بباتە سەری و سەری پێ شۆڕبکات. جا سپایێ بە فەرماندەیی (ئالتاجۆ) پێکهات لە هێزەکانی سوڵتانی کرمان و سوڵتانی یەزد و سوڵتانی شوانکارە و هەڵیانکوتایە سەر سەلجووق و لە کازرۆن تەقین بەیەکا و کەوتنە شەڕەوە، نیزاموددین و سەلجووق بە شیر و رم بەرانگاری یەک بوون. سەلجووق زوو هاتەدەست و بەیەک ضەربی شمشێر سەری مەلیک نیزاموددینی پەڕاند، ئەم هەرایە لەمانگی رەبیعولثانیی هەمان ساڵا، واتە ساڵی ٦٢٢ی کۆچی، روویدا. سپاکەی سەلجووق لە کوڕ گەلی کوردی عێڵەکانی لوڕ و شوول پێکهاتبوو. پاش کوژرانی مەلیک نیزاموددین ئنجا تاتار توانییان بەسەر هێزی سەلجووقدا زاڵ بن (٥٠). وادیارە شوول و لوڕەکان هەرچەندە لەگەڵ عێڵی شوانکارەشدا دوژمن بوون، بەڵام کوژرانی مەلیک نیزاموددین بەدەستی بێگانەیێک کاری تێ کردوون و شەڕەکەیان دۆڕاندوە.

**مەلیک نوسرەتوددین ئیبراهیم کوڕی غیاثوددین:**

پاش کوژرانی مەلیک نیزاموددین، نوسرەددینی برای بوو بە پادشای شوانکارە و، بەپێچەوانەی باوک و باپیرانی قەڵای ئیگی بەجێهێشت و نەیریزی کردە مەڵبەند و بوو بەزاوای سەلجووق شای کوڕی سەلغور کە نیزاموددینی کوشتبوو. وادیارە سەردارانی تاتار بە ناوی خوێنەوە فاتمە خاتوونی کچی سەلجووقیان بۆی داواکردبوو. نوسرەتوددین لە فاتمە خاتوون کچێکی بوو ناوی نا هەزاربار خاتوون (٥١).

لە سەردەمی پادشاییتی ئەم ئەمیرەدا قاضیلقوضات شەرەفوددین ئەمیر سەیید ئیبراهیم ناوێ لە هەرێمی خوراسانەوە رووی کردە شیراز و لافی

مەهدییەتیی لێدا. خەڵق کەوتنەدووی و پێڕەوییان لێ کرد و پادشای شوانکارەش کەدەبێ ئەم مەلیک نوسرەتوددینە باوەڕی پێکرد و پێڕەوی لێکرد (٥٢) لەمانگی رەبیعولئاخری ساڵی ٦٦٤ی کۆچیدا نوسرەتوددین مرد. گوایە ژەهرخوار کرابوو چۆن لەوەبەر لەسەر کورسیی پادشایی لابرابوو*.

جەلالوددین طەبیب شاه کوڕی غیاثوددین:

لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا بوو کە لەجێی براکەی دانرا بە پادشای شوانکارە و، لەرۆژگاری فەرمانڕەوایی ئەوا هەرێمی شوانکارە بوو بە بەهەشتی وڵاتی فارس چون ئەو حەزی لە ئاوەدان کردنەوە بوو. هەروا بە زرنگی و ژیریی خۆی پەرەیدا بەوڵات. ساڵی ٦٨١ی کۆچی (١٢٨١)ی. ز) ئەمیر ئیغور سیسی کەیەکێ بوو لە فەرماندەیانی تاتار داوای کچەکەی ئەمیر جەلالی کرد، بەڵام نەیدایێ. لەسەر ئەوە لێی بوو بەدوژمن و کەوتە گوزارەو راپۆرت نووسینی و بوختان بۆ هەڵبەستی و بانگکرا بۆ هەمەدان کەئۆردووگا بوو و لە ١٠ی جومادەلئوولای هەمان ساڵا لەپاڵ چیای ئەلوەندا لەسێدارە درا (٥٣).

**بەهائوددین ئیسماعیل کوڕی غیاثوددین:**

پاش کوژرانی ئەمیر جەلالی برای سەرداریێتیی شوانکارەی گرتەدەست و حەوت ساڵی رەبەق فەرمانڕەوا بوو. ساڵی ٦٨٨ی کۆچی (١٢٨٩ی. ز) تووشی نەخۆشی مێشک هات. وازی لە سەرداریێتی هێناو گۆشەنشین بوو و پاش ماوەیێ هەروا بەودەردە مرد (٥٤).

**ناصروددین مەحموود کوڕی قوتبوددین موباریز:**

لە پێشا رابوورد کە قوتبوددین موباریزی پادشای شوانکارە بە فەرمانی هۆلاکۆ ئیعدام کرا و لەهەمان کاتا کوڕەکانیشی کە ناویان ناسروددین مەحموود و هەزار ئەسپ بوو ئۆردووگا و لەوێ بەدیلی و دەس بەسەری مانەوە. پاشان کەیخاتوو خانی کوڕی ئاباقا خانی مەغووڵ

فەرمانیدا بە صەدروددین تەغاجار کە سەرپەرشتییان بکات. پاش ماوەیێ ئازادکران و هێنرانەوە ولاتی شوانکارە و ژیرانە کەوتنە ئاوەدان کردنەوەی ولات و بەرەنگاری کردنی دز ودرۆزن و جەردە و پیاوخراپ و زۆربەیانی هێنانە دەست و خستنیە زیندان و سامان و زەوی و زاری ئەمیر موزەفەرەددینیشی بەسەر میراتگرو خزم و کەسەکانیا دابەش کرد (٥٥).

پاش ماوەیێ سەیفوددینی برای لەگەڵی تێکچوو و سەیفوددین هەرێمی شوانکارەی بەجێهێشت و چوە چوار دانگەی ئیسفەهان بۆ لای خزم و خوێشەکانی کە سەردار و ئەمیری ئەو ناوە بوون.

ناسیروددین ماوەی سێ ساڵێ فەرمانداری ولات بوو، بەلام هەندێ لە مرۆڤانی خەڵقی ولات لە دادپەروەریی ئەو بێزار بوون. رێگەی خراپە و بەدرەفتارییان نەمابوو. لەبەرئەوە دژی هەستان و لەمانگی شەعبانی ٦٩٢ی کۆچی (١٢٩٢ی . ز)دا کوشتیان بەر لە کوژرانی ئەو بەسێ مانگێکیش سەیفوددین مردوو، گوایە زەهرخوارد کرابوو(٥٦).

## مەلیک غیائوددین موحەممەد کوڕی جەلالوددین طەبیب شاھ و نیزاموددین حەسەن:

مرۆڤی شوانکارە پاش ئەوەی مەلیک ناسروددینیان کوشت، بە جەماوەری مەلیک غیاثوددینیان بۆ پاشایی شوانکارە هەڵبژاردو هەواڵیان نارد بۆ ئۆردووی موغوول، بەلام وادیارە بە دڵی سوڵتان نەبووە، لەبەرئەوە ئەمیر یەسووربۆقا بە دووسەد سوارەوە نێررا بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو باسە. ئەمیر یەسووربۆقا هەر کە گەیشتە ئەو هەرێمە هەموو سەردارانی شوانکارەو دەسوپێوەندانی دەستگیرکردو ملی لە زنجیر کێشان و بردیانی بۆ ئۆردوو و لەوێ مانەوە تا مردنی کەیخاتوخان. پاشان کە غازان خان بوو بە فەرمانڕەوای مووغول حکوومەتی شوانکارەی بەڕەسمییەت ناسی و غیاثوددینی دانایەوە بە پادشای شوانکارەو نیزاموددین حەسەنیشی لە

پاشـایـیـدا کـرد بە هاوبەشی، بەڵام ئەوەی راسـتـی بێ کـاروباری وڵات لەلایەن نیـزامـوددینەوە ئەبرابەڕێوە کـە پیـاوێکی زرنگ و بەهۆش و پادشـایێکی دادگـەرو مـیللەت پەروەر بوو، بەڵام غـیـاثوددین کـابرایێکی داوێن پیـسی چەپەڵی مـەینۆشی بەدمـەست بوو پاش ئەوەی حـەوده سـاڵ پادشـایی کـرد لە کـاتێکا کـە لە ئۆردوو دەگـەڕایەوە، لە هەرێمی سـیلاخـۆر نزیک بە کـوردسـتـان (دەبێ لوڕسـتـان بێ) کۆچی دوایی کرد. سـۆنج نوێیـان فـەرمـاندەی مـەغـوول کـە سـەرداری گـشـتـیی ئەو ناوە بوو نیظامـوددین حـەسـەنی بۆ پاشـایێـتی تەواو پێـشنیـارکـرد، بەڵام یەکـسـاڵ دوای ئەو مـاوەیەوە (٥٧) تا ئێرە نووسـینی موعـینی نەطەنزی بوو کە تۆزێ جـێگەی لێـدوانە: وەصـاف و قـاضی غـیـفـاری و برتۆڵد هەرسێ لایان وایە کـە مـەلیک غـیـاثوددین و نیـزامـوددین حـەسـەن پاش ئەمـیـر بەهائەددین ئیـسمـاعـیل (واتە سـاڵی ٦٨٨ی کـۆچی) بوون بە پادشـای شوانکارە، بەڵام مـوعـینی نەطەنزی نووسـیویە کـە پاش مـەلیک ناصـیـروددین بەپێـوەبەرایە تێـبـینی وڵاتـیـان گـرتۆتە دەست. وادیارە فـارسنامـەی ناصـیـریش لەم سەرچاوەیە سوودی وەرگـرتبێ، هەروا موعـینی نیـزامودینی بە کوڕی حـەسـەن مـوحـەممەدو برای غـیـاثوددین داوەتە قـەڵەم، کـەچی وەصـاف و غـیـفـاری و برتۆڵدو ناصری هەموویان نیزاموددین بە کوڕی بەهائوددین ئەزانن.

**نیزاموددین:**

ئەم نیـزامـوددینە پاش مـەرگی غـیـاثوددین بوو بە پادشـای سـەربەخـۆی شـوانکارە، زۆر پیـاوانەو دادگـەرانە کـاروباری وڵاتی گـرتە دەست و هەر لەو سـاڵەدا بوو کـە مـەحـمـوود شـاهی پادشـای کـرمـان دژی دەسـەڵاتی مـوغـوول راپەڕی و شـۆڕشی هەڵگـیـرسـاند، غـازان خـان فـەرمـانیدا بە ئەمـیـری ئەسفـەهان و ئەتابەگی لوڕسـتـان و مـەلیکی شـوانکارەو ئەمـیـری فـارس کـە لەوحـەلەدا سـاداق نوین مـوغـوولی بوو هەمـوو بە جـارێ هەڵکوتنە سـەر مـەحـمـوود شـاه. ئەم سـەردارانە هەمـوو بەجارێ هێزو سپـای خـۆیان ساوداو

شالاویان بردە سەر مەحمود شاە و کرمانیان داگیرکردو گەڕانەوە(٥٨).

شەرەفوددین عەبدوڵلا فەضڵوڵلای شیرازی (وەصاف) دەربارەی ئەم دوو ئامۆزایە نووسیویە: ئەمڕۆ کە ساڵی ٧٠٦یە(٥٩) ئەم دوو کوڕە لەم وڵاتەدا خێوی سوپاو هێزو لەشکرن و پادشان و لەم ڕۆژە ڕەشانەدا کە بەهۆی چنگزەردی و دەستدرێژی و دەسکاریی خراپکارانەی پەستانەوە پادشایان لە دەسەڵات بێزارن و گەلان لەتاوی هەژاری و بێنەوایی و لێوبستنی لەبارانەبوو خەریکی فەریادو فیغانن و ناوچەو وڵاتان لەبەر بەسترانی ڕێی داد پەرێشانن و لەگەڵ گۆڕانی ڕۆژگارو نارێکیی کاروبارو یەک لەداوی یەک بارینی مەینەتی وتەنگ و چەڵەمە، هێشتا زۆر باشە کە ئەم بنەماڵەیە خێروبێریان ئەگاتە خەڵک و، هەر دەسەڵاتی بییەوێ ئەم بنەماڵە کۆنەوەجاغە برووخێنێ تووشی نشوستی و سەرنگوونی ئەبێ(٦٠).

ساڵی ٧٠٧ی کۆچی (١٣٠٦ی. ز)ی شوانکارە لە ستەمی مەغوول بەتەنگهاتن و دژی فەرماندەیانی ئۆڵجایتوو خان ڕاپەڕین.. پادشای مەغوول دەستووری‌دا بە موظەففەر ئالی موزەفەر (٦١) وڵاتی شوانکارە داگیربکات. موظەففەر بەهێزی وڵاتی فارس و هێزی مەغوولەوە شالاوی بردە سەر شوانکارە، لە حەڵێکا کە شوانکارە لەوپەڕی بێ هێزی و بێ دەسەڵاتیدا بوون بەهۆی ناکۆکیی ناوخۆیانەوە، لەگەڵ ئەوەشا تا ساڵی ٧١٣ی کۆچی کە موظەففەری تیا مرد هەر بەسەریانا زاڵ نەبوو.

پاش ئەم شەڕو هەرایانە بڕیاردرا کە نوصرەتوددین ئیبراهیم کوڕی ئیسماعیل و تاجوددین جەمشید ئیسماعیل و ڕوکنوددین حەسەن کوڕی هەزار ئەسپ بە هاوبەشی وڵاتەکە بەڕێوەبەرن و تا ساڵی ٧٤٢ی کۆچی (١٣٤٢ی. ز)ی پێکەوە وڵاتیان بەڕێوەبرد. پاش ئەوە بنەماڵەی پاشایانی (ئینجووی شیراز) بەسەر وڵاتەکەدا زاڵ بوون و بە ناوی مەغوولەوە دەستیان بەسەرا گرت(٦٢).

**مەلیک ئەردەشێر:**

مێژوو بۆی دیاردی نەکردووین کە ئەم پادشایە کوری کێ و نەوەی کێ بوو، بەڵام ساڵی ٧٥٦ی کۆچی (١٣٥٤ی. ز) کە ئەمیر موباریزوددین موحەممەد ئالی موظەففەری پادشای فارس هەڵی کوتایە سەر وڵاتی شوانکارە، ئەم ئەمیرە بەرەنگاری بوو. کەمال سەمەرقەندی ئەم ئەمیرە هەڵئەنێ و ئەچێ بە تانی پیاوەتی و جوامێریبیا و ئەڵێ: «ئەردەشێر پاشماوەی پادشایانی شوانکارە یەگانەو تاقانە مەردی رۆژگارو رۆستەمی کاتی کارزار بوو. لەسەر رچی باوک و باپیرانی رۆیی و رێی سەرچلی و مل بەرزیی گرتەبەر. ئەمیر موباریزوددین، قوطبوددین شاه مەحموودی کوری خۆیی بەلەشکرەوە نارد بۆ سەر پێی شۆرکردنی، بەڵام ئەم هەواڵە گەیشتە ئەردەشێر کشایەوە بەرەو چیا سەختەو قایمەکان و بەهێزەکەیەوە خۆی خستە قەڵای ئیگ و لەگەڵ سپای ئەمیر موباریزو موغوولدا کەوتە شەرەوەو ماوەییێکی زۆر بەرەنگاریی کردن. پاشان کە زانی بەسەریا زاڵ ئەبن، لە دەرگای پشتی قەڵاکەوە خۆی دەرباز کرد(٦٣).

بەمجۆرە پادشاییێتی شوانکارە دواگیانی سپاردو شاری ئیگ داگیرکراو قەڵای دارولئەمان بوو بە دارولحەرب و کەوتە دەست ئەتابەگەکانی فارس کە دەسنێژی قەرەخەتائی‌یانی مەغوول بوون و لەمرۆژە بەدواوە ئەمیران و سەردارانی شوانکارە بە شێوەی سەردار عێلی ژیان و، خۆیان و مرۆڤی وڵات تا ئەمرۆش هەر بەمجۆرە ئەژین.

**شوانکارەو ئایین:**

عێلی شوانکارە لە سەرەتاوە تا ئێستا پێرەوی ئایینی کۆنی کوردن و پێوەندی خۆیان بە (شیدا)و (دیاووس پیتەر)ەوە هەر هێشتووەتەوە، بەڵام ئەمانیش وەکو کاکەیی یەکان لە ئێرانا هەر خۆیان بە شیعە ئەدەنە قەڵەم.

**ئودەباو عولەمای هەرێمی شوانکارە:**

ئەو ئودەباو عولەمایانەی کە خەڵقی شارو دێهات و گوندەکانی سەر بە شوانکارەن، زۆرن. ئێمە لێرەدا تەنیا ناوی چەند کەسێ ئەبەین کە

نازناوی شوانکارەییان پێوەیە:

١- عەضودودینی شوانکارەیی: مەلایێکی گەورەو زانایێکی بەناوبانگ بوو. سولتان موحەممەد جونەی پادشای هیندستان کە پایتەختەکەی دیهلی بوو، ناوبانگی ئەم زانایەی بیستبوو [illegible]ردی بە شوێنیاو دە هەزار دیناریشی بۆ ناردە شوانکارە، بەلاّم عەضودودین نەچوو. جا دەبێ ئەم زانایە لە سەدەی هەشتەمی کۆچییدا ژیابێ کە ئیبنوبەطوطە ئاگای لێیەتی و باسی ئەکات(٦٤).

٢- موحەممەد عەلی شوانکارەیی: هەستیارو مێژوونووس و یەکێ بوو لە شاعیرانی دۆستی خواجە غیاثوددین موحەممەدی وەزیری سولتان ئەبوو سەعید بەهادرخانی موغوول. زۆری کتێب دانابوو. گرنگترین نووسراوی ئەو کتێبی (مجمع الانساب)ی مێژووی شوانکارە بوو کە هەموو باس و هەواڵی شوانکارەی تیابوو(٦٥).

٣- عومەری شوانکارەیی: یەکێ بوو لە ئەدیبانی سەردەمی خۆی. دوان لە نووسراوەکانی ناسراون: (اللطائف الملتئمە)و (الابیات الافراد الموربە علی الحروف)(٦٦).

٤- شێخ شەمسوددین موحەممەد کوڕی فەخرددین ئەبوبەکر کوڕی کەمالی شوانکارەیی(٦٧).

٥- موحەممەد کوڕی مەحمود کوڕی موحەممەدی شوانکارەیی (٦٨).

٦-خواجە سەیفوددین موزەفەری شوانکارەیی: یەکێ بوو لە خانەدانە گەورەکان. ماوەیێ لە هیرات بوو. سولتان حوسەین میرزا کردی بە وەزیری خۆی، بەلاّم پاش ماوەیێ لە وەزارەت دەری کردو خستیە زیندان و دەستووری دا بە کوشتنی. یەکێ لە هەستیارەکان بەو هۆیەوە گوتی: «ئەی چاو تەماشایەکی گێتیی ستەمکار بکە. سەرنجێکی کۆنە ساڵیی جیهانی خوێنخوار بدە. لە باری بەسەرهاتی صانیعییەوە تاقیکاری فێربەو، سەرنجێکی چارەنوسی موزەفەری شوانکارە بدە»(٦٩).

٧- خواجه غیاثوددین مەنصوری شوانکارە: برای خواجه سەیفودین بوو. ماوەیێ لە مەرو وەزیری ئەبولموحسین بوو. پاش ئەوەی کەوتە بەر سزاو ماوەیێ زیندان بوو رووی کردە هیرات سوڵتان، حوسەین کردی بە وەزیر، بەڵام ساڵێکی خایاندو مرد(٧٠).

## سەرچاوەکان:


١- فرهنگ عمید (بەشی ناوو ناتۆرە)، تاریخ، جغرافیا، اطلاعات عمومی چاپی ساڵی ١٣٤٦ی فارسی. نووسینی حەسەنی عەمید بەفارسی.

٢- فرهنگ دهخدا، ٣٠ بەرگ. هێشتا چاپی نەبووە. زانا گەلێکی زۆر کۆیان کردووەتەوە

٣- دائره المعارف فارسی، غلام حسین مصاحب، بەرگی یەکەم و دووەم. زاناگەلێکی زۆر نووسیویانەو هێشتا تەواو نەبووە.

٤- الاخبار الطوال، ابو حنیفه الدینوری، وەرگێڕراوی فارسی: صادق نشات، چاپی تاران، ساڵی ١٣٤٦ی فارسی.

٥- تاریخ الامم والملوک، محمد بن جریر الطبری، وەرگێڕدراوی فارسی: پاینده، ١٦ بەرگ.

٦- تاریخ دوهزار و پانصد سالەای ایران، عباس پرویز، بە فارسی، سێ بەرگ، چاپی ساڵی ١٣٤٣ی فارسی.

٧- معجم البلدان، یاقوت الحموی شیخ شهاب الدین، شەش بەرگ، چاپی لوبنان.

٨- المسالک والممالک، ابن خرداذبه عبیدالله ابن احمد، لە دەوروبەری ساڵی ٢٣٢ی کۆچیدا نووسراوە، چاپی ئەوروپا (بریل)، ساڵی ١٨٨٩، عەرەبییە.

٩- کردو پیوستگی نژادی و تاریخی او، رشید یاسمی (کرماشانیی گۆرانی)، چاپی تاران، بە فارسی.

١٠- تحریر تاریخ، شرف الدین عبدالله وصاف، ساڵانی ٦٩٦-٧١٢ی کۆچی نوسیویە، بە فارسی، چاپی ساڵی ١٣٤٦.

١١- صوره الارض ابن حوقل، وەرگێڕدراوی فارسی دوکتۆر جعفر شعار، چاپی تاران، ساڵی ١٣٤٥.

١٢- الکامل، ابن الاثیر، بە عەرەبی، چاپی (دار صادر) لە بێرووت، بەرگی ٨،

.١٠٩
١٣- فارسنامه، ابن البلخي، نووسيني حاجي ميرزا فسائي، به فارسي، چاپي بەرد، سالی ١٣١٣ی فارسی.
١٤- تاريخ گزيده، حمدالله مستوفی قزوینی، به فارسی، چاپی تاران، سالی ١٣٥٣ی فارسی، حمدالله مستوفی قزوینی.
١٥- نزهه القلوب، هەر ئەو
١٦- منتخب التواريخ، معینی نطنزی (ئانونیم ئەسکەندەر)، دەربارەی شوانکارە، به فارسی، چاپی سالی ١٣٣٦ی فارسی.
١٧- مطلع السعدين، كمال سمرقندی، به فارسی، چاپی تاران، سالی ١٣٥٣ی فارسی.
١٨- تاريخ مغول در ايران، برتولد اشپلر، وەرگێڕداوی فارسی دوکتۆر میر آفتاب، ١٣٥١ی فارسی.
١٩- آثار عجم فرصت شیرازی چاپی بۆمبا سالی ١٣٥٤ی کۆچی.
٢٠- غزنويان و ديالمه، عباس پرويز، به فارسی، تاران، چاپی سالی ١٣٣٦ی فارسی.
٢١- دستور الوزرای غیاث الدین خواندمیر، به فارسی، چاپی سالی ٢٥٣٥ی شاهەنشاهی.
٢٢- بياض تاج الدين احمد وزير (یادگاری کۆنگرەی تەحیقاتی ئێرانی)، چاپی ئەسفەهان، سالی ١٣٥٣ی فارسی.
٢٣- تاريخ مفصل ايران، عباسی اقبال اشتیانی، چاپی سالی ١٣٢٠ی فارسی.
٢٤- تاريخ مفصل ايران وعمومی، علی اصغر شمیم همدانی، چاپی تاران، سالی ١٣٢٠.
٢٥- تاريخ الدول والامارات الكرديه، محمد امين زكي، وەرگێڕدراوی محمد علی عونی به عەرەبی...
٢٦- سياحەتنامەای ابن بطوطه، وەرگێڕدراوی فارسی علی دکتر، ١٣٤٨ فارسی.
و گەلێ سەرچاوەی دیکە...
تێبینی: ئەم بەشە لەگۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد- ژمارەی هەشتەمینی سالی ١٩٨١بلاوکراوەتەوە.

## پەراوێزەکان

١- فرهنگ عمید؛ فرهنگ معین، فرهنگ دهخدا.
٢- (ابو حنیفه الدینوری) له (الاخبار الطوال) - تەرجەمە فارسییەکەی - دا ناوی ئەم ئەردەوانەی ناوە فەرروخان و ئەڵێ پایتەختی لە نەهاوەند بووە [ل ٤٥-٤٦].
٣- (تاریخ الامم والملوک) [٢/٥٧، ١٨٣]و، (الکامل)ی (ابن الاثیر) [١/١٣٣]و، (تاریخ ٢٥٠٠ سالەای ایران) [١/١٧٤]و، (کردو پیوستگی نژادی و تاریخی او)ی رشید یاسمی [٧٠، ١٩٢]و، (فرهنگ معین).
٤- (یاقوت الحموی) لە کتێبی (معجم البلدان)ەکەیاو هەندێ جوغرافیانووسی دیکەش لەباتی (زم)، (رم)یان نووسیوە کە مەبەست عێلێکی گەورەیە خێوی مێگەل و ماڵات و رەوەی چارەواو وڵاغ بێ.
٥- (المسالک والممالک)، وشەی (فارس). (معجم البلدان) وشەی (رم).
٦- (فارس نامە)ی (ابن البلخی). [ل ١٣٣-١٣٦].
٧- (تاریخ وصاف الحضره، تجزیه الأمصار وتزجیه الأعصار) بە فارسی، [ل ٢٥١].
٨- (صوره الأرض) وەرگێڕدراوی فارسی دوکتۆر جعفر شعار، [ل ٤٠].
٩- (فارسنامە)ی (ابن البلخی) [١٣٣- ١٣٦].
١٠- (الکامل)ی (ابن الاثیر) [٣/٤٢].
١١- (الاخبار الطوال)ی (ابو حنیفه الدینوری)، وەرگێڕدراو بە فارسی، [ل ١٥٢]، (تاریخ الامم والملوک)ی (طبری) وەرگێڕدراوی فارسیی پاینده [٢/٥٧، ١٣٨]، (الکامل)ی (ابن الاثیر) بە عەرەبی [٣/٩٩، ١٣٣]، (تاریخ وصاف) بە فارسی [ل ٢٥١].
١٢- عەرەب و فارس بەم قەڵایە دەڵێن (ایج). قازی (عضدالدین عبدالرحمن احمد الایجی) نووسەری (مواقف)و (تحقیق المقاصد)و (اشرف التواریخ)و (جواهر الکلام)و دەیان کتێبی دی، خەڵقی ئەم جێگەیە.
١٣- لار: ناوچەی لارستانی شوانکارەیە. قازی (مصلح الدین اللاری) خاوەنی کتێبی (قاضی لاری) کە مەلایێکی بەناوبانگە لە حیکمەت و جوغرافیای کۆن و مەنطیقدا، خەڵکی ئەوێیە.
١٤- (دائره المعارف)ی فارسی غلام حسین مصاحب.
١٥- پێشان وتمان عەرەب قەڵای (فەسا)یان لەبەر سپێتی ناونابوو (بیضاء) جا

(عـبـداللەی کـوڕی عـمـری بیـضـاوی) خـاوەنی تەفـسـیـری بەیضـاوی خـەڵقی ئەم شـارەیە. هەروا (شـێخ ابو مـحـمـدی روزبهـان - عـاشـقی شطاح کـوڕی ابو نصـری بقلی فسـائی) سـۆفی و شـاعـیـری مـەزن کـە ئارامگای لە شـیـرازەو خاوەنی نزیکەی ۱۰۰ تەئلیـفی وەکو (تفـسـیـر العرائس)، (شەرحی طواسین)و (عـبـهر العـاشقین)ە، خەڵکی ئەم فەسایەیە.

۱٦- کازرۆن، شێخ رۆزبهانی میصری خەڵقی ئەم شارەیە.

۱۷- خونج، خـواجـە فـضـل الله امـینی روز بهـانی نووسـەری کـتـێبی (مـهـمـان نامـهٔ بخارا) و دەیان کتێبی تری خەڵقی ئەم شارەیە.

۱۸- گـوڕ، عـضـدالدولەی بوەیهی ناوی ئەم شـارەی گـۆڕی بە (فـیـروزاباد)، جا (مـجـد الدین ابو طاهر مـحـمـد یعـقـوبی فـیـروز ابادی) نووسـەری (القـامـوس المحـیـط) خەڵقی ئەم شارەیە.

۱۹- ئیـسـتـەخر، (ابو اسـحـاقی کـوڕی ابراهیم کـوڕی مـحـمـدی اصطخری) نووسـەری کتێبی (المسالک والممالک) خەڵقی ئەم شارەیە.

۲۰- فارسنامەی ابن البلخی، ل ۲۷؛ فارسنامەی ناصری، ۱۳۳.

۲۱- تاریخ جهان آرای قاضی غفاری، ل ۱۲۷.

۲۲- تاریخ گزیدە، ل ٤۲٤.

۲۳- فـارسنامـەی ناصـری، ل ۲۳؛ تاریخ مـفـصـل ایران (۳۸۱۱/۲٥)؛ تاریخ گـزیدە، ل ٤٥۲.

۲٤- الکامل (٥٦٤/۹).

۲٥- تاریخ جهان آرای قاضی غفاری (۱۲۸)؛ تحریر تاریخ وصاف (۲٥۲).

۲٦- الکامل فی التاریخ (۷۲/۷۱/۱۰).

۲۷- تاریخ مفصل ایران (۳۸۱۸)و فارسنامەای ناصری (۲٤).

۲۸- فارسنامەای ابن البلخی (۱۳۳ - ۱۳٦).

۲۹- فارسنامەای ناصری (۲٤).

۳۰- فارسنامەای ناصری (۲٤)؛ الکامل (۲۳۹/۱).

۳۱- الکامل، ابن الاثیر (۲۸۱/۱۰)؛ فارسنامەای ناصری (۲٥).

۳۲- لە (الکامل)دا ئەم هەواڵە لە دەنگوباسی ساڵی ٥۱۰دا هاتووە. بڕوانە: لاپەڕە ۲۱٥ - ۲۱۷، بەرگی ۱۰.

٣٣- الكامل (٥١٦/١٠ - ٥١٩)؛ فارسنامەای ناصری (٢٦ - ٣٧).
٣٤- لەباتیی «محمود» لە زۆر لە مێژووەکاندا (میهرەوەیە، مەهوەیە، قەهەوەیە، مەحمەوەیە) نووسراوەو لە (منتخب التواریخ)دا نیزامودین حەسەنە.
٣٥- لە هەندێ مێژوودا بە هەڵە نووسراوە (جاوڵی شەغاوول).
٣٦- ماهلەوەیە، مایلەوەیە.
٣٧- شیعرەکە بە فارسی بەم جۆرەیە:
اتابک جاولی امروز بگذشت
نظام الدین را دولت بقا باد
٣٨- فارسنامەای ناصری (٢٨)؛ تحریر تاریخ وصاف (٢٥٣) با لە بیرمان نەچێ عێلی شوانی دەوری کەرکوک (شوانی سەر خاصە - شوانی کێشک) بەشێکن لە شوانکارە عەرەبی موصل خەریکن ناویان ئەنێن شەهوانی.. بەڵام شوان بەوەی لێرەش گوندەکانی خۆیان ناونا (دارەمان) قوریان دا بەدەمی ئەو زۆڵە کوردانەدا کە دەیانەویست شوان بکەن بە عەرەب.
٣٩- ئەم جۆرە کارە کە ئەمڕۆ بە شارستانێتی پێشکەوتوو دادەنرێ، سەدان ساڵ لەمەوبەر کورد بوویەتی، بەڵام کەس بۆی لە قەڵەم نەداوە.
٤٠- مطلع السعدین (٢٧٩)؛ اثار عجم (٤١٦)؛ تحریر تاریخ وصاف (٢٥٥).
٤١- تاریخ جیهان آرای قاضی غفاری (١٢٨).
٤٢- منتخب التواریخ معینی (٣-٤).
٤٣- تاریخ مفصل ایران ٣٨١/١ - ٣٨٤؛ تاریخ جهان آرا (١٢٩)، منتخب التواریخ (٤٣).
٤٤- تاریخ جهان آرا (١٣٠)؛ تحریر تاریخ وصاف (٢٥٣).
٤٥- فارسی یەکەی ئەمەیە:
چون نیست بە خدمتت مرا روی وصال
سر بر خط دیوان تو دارم مه و سال
گویم فلکا در تو چه نقصان آید
گر زانکه رسانیم زمانی بە کمال
٤٦- فارسییەکەی ئەمەیە:
آنی تو که خورشید سر افگندەء تست

هر کوست خداوند هنر بندهء تست
جویای کمالند بجان اهل کمال
وانگاه که جان کمال جویندهای تست
٤٧- فارسی‌یەکەی ئەمەیە:
گر از پی لذت و هوا خواهی شد
از من بشنو، که بینوا خواهی شد
بنگر ز کجائی، به چەکار امدەای
وین لحظه چه میکنی، کجا خواهی شد
٤٨- تحریر تاریخ وصاف (٣٥٥)؛ تاریخ مغول در ایران (١٥١ -١٥٢)؛ منتخب التواریخ (٥٤).
٤٩- تاریخ مفصل ایران (٣٨٧/١١)؛ تاریخ مغول در ایران (١٥٢)؛ تاریخ وصاف (٢٥٥).
٥٠- تاریخ مغول در ایران (١٥٣)؛ منتخب التواریخ (د،٦).
٥١- تاریخ جهان آرای غفاری (١٢٩).
٥٢- تحریر تاریخ وصاف (٢٥٥)؛ تاریخ مغول در ایران (١٥٢)؛ فارسنامەای ناصری (٤١).
* تاریخ مفصل ایران ٣٨٧/١؛ منتخب التواریخ معینی ل ٥؛ تاریخ مغول در ایران ١٥٢.
٥٣- تاریخ جهان آرای غفاری (١٢٩)، فارسنامەای ناصری (٤١).
٥٤- منتخب التواریخ (٧)، تاریخ مغول (١٥٣).
٥٥- ئەم ئەمیر موزەفەرودینە دوو کوری بووە، بەلاّم وادیارە تا ئەو حەلە ماڵ و زەوی‌وزاری لەلایەن تاتارو موغوولەوە دەستی بەسەرا گیرابووبێ.
٥٦- منتخب التواریخ معینی نطنزی (٧، ٨). ئەم باسە تەنیا لەم سەرچاوەیەدا هەیە.
٥٧- منتخب التواریخ معینی نطنزی (٧، ٨)؛ فارسنامەای ناصری (٤٢).
٥٨- فارسنامەای ناصری (٤٢)؛ تاریخ مفصل ایران (٤١٩).
٥٩- وادیارە (٦٧٠) هەڵەی چاپ بێ و راستەکەی (٧٠٦) بێ، چونکە ئەو ساڵی (٦٦٣) لە دایک بوودو ساڵی (٦٩٧) دەستی داوەتە نووسینی کتێبەکەی و

سالی ٧١٢ دوایی هێناوه.

٦٠- تحریر تاریخ وصاف (٢٥٥ - ٢٥٦).

٦١- موزەفەری ئالی موزەفەر لەم سەردەمەدا هێشتا کاری نەگرتبوە دەست. بۆیە دەبێ ئەمە هەڵە بێ چون دوای بنەماڵەی ئینجو هاتوونە سەرکار.

٦٢- منتخب التواریخ (١٠٩)؛ تاریخ مفصل ایران ٤٢٠.

٦٣- مطلع السعدین (١/ ٢٧٠).

٦٤- سیاحتنامەای ابن بطوطه (٢/٥٢٧).

٦٥- دائره المعارف، غلام حسین مصاحب (٢/١٤٤٩).

٦٦-٦٨- بیاض تاج الدین احمد وزیر (١٤٧، ١٦٥، ٢٦٤، ٨٨٠).

٦٩- دستور الوزراء (٣٣٩). ئەمەش فارسیی هەڵبەستەکانە:

ای دیده به عالم ستمکاره نگر
در خواجگی جهان خونخوره نگر
از حالت صانعی برو تجربه کن
در حال مظفر شبانکاره نگر

٧٠- دستور الوزراء (٤٤٦).

# فەرمانڕەوایی میننەتشاهی (مەنتەشا)ی کورد لەبەشی کوردستانی ژێر دەستی رومدا

# فەرمانڕەوایی میننەتشاهی (مەنتەشا)ی کورد لەبەشی کوردستانی ژێر دەستی رومدا

**پێشەکی:**

حەڵێکە (شەرەفنامە)م لە فارسییەوە ئەکرد بەعەرەبی بۆ ئەوەی کە خوێندەوارانی عەرەب و خوێندەوارانی کوردی عەرەبی خوێن بزانن کە کوردی ئەم رۆژگارەی ژێر دەستی چەندین دەوڵەتی کوردستان (داگیرکردوو)، لە نێوان خۆدا بەشکردوو، لەمەوبەر گەلێ دەوڵەت و پاشایێتی و فەرمانڕەواییان هەبووەو ماوەییەکی زۆریش بە کەڵەشێری ژیاون.. کە لەکاری تەرجەمەکەدا گەیشتمە فەصلی پێنجەم دەربارەی باسی فەرمانڕەوایانی «کیلس و ئەعزاز» ئەمیرشەرەفخان بەم جۆرە سەرەتای باسەکەی دەس پێ کردووە:

«فەرمانڕەوایانی کیلیس لافی ئەوە لێ ئەدەن کەگوایا بەنژادو رەچەڵەک ئەچنەوە سەرعەبباس، بەڵام کام عەبباس، عەبباسییەکان کە لەسەر کورسیی خەلافەتبوون لە کوردستان نەژیاون، مەگەر بە میریی چەند ساڵە.. پاش ئەوەش کە هۆلاکۆ قڕانی تێخستن، کەسیان رزگارنەبوو، جگە لە منداڵی کە هۆلاکۆ بردی و کەس نازانێ لە کوێ سەرنگون بوو، بەڵام کورد، لەزۆرجێ خۆیان بەستووەبە عەبباسەوە. میرشەرەف خۆی بەم درۆیە رازی نیە و دڵنیانابێ و ئەڵێت: «ئەوەی راستی بێت فەرمانڕەوایی کیلس لەگەڵ بنەماڵەی فەرمانڕەوایی حەکاریدا ئامۆزان! شەمسەددین، بەهائەددین و میننەتشاه (یامەنتەشاه) سێ برا بوون. شەمسەددین بە «شەمو» و بەهائەددین بە «بەهدینی» و میننەتشاه) بە «مەند» ناسراون و ئەم «مەند»ە، دامەزرێنەری فەرمانڕەوایی کیلس و ئەعزازە..» (١).

لەکاتێکا لە تەرجوومەکەدا گەیشتبوومە ئەم باسە مێژوو نووسی

هەمیشە جاویدانی نەمردوو «حوسەین حوزنی»ی بەناوبانگ- گۆڕی پڕ لەشەوق و پرتەوی بەزەیی خوایی بێت- لەدەنگی گێتی سالّی سێیەمدا لە ژمارە ١٧دا وتارێکی دەربارەی دەولّەتی میننەتشاهی (یامەنتەشاهی)ی خاکی روم بلاوکردەوە، وتارەکەی لە تورکی و ئینگلیزییەوە تەرجومە کردبوو- وەک لە مەو دووا لێی ئەدوێم- من چەند برگەیێکم لێ وەرگرت و کردمە پەراوێزی باسەکە. لە پەنجاکان بەدواوە هیچ کەسێک ناوی فەرمانڕەوایی میننەتشاهی نەبردوە، لەمسالانەی دواییەدا یەکێ لە نووسەرانی بەرێزی بادینی کە ناویم لەیاد نەماوە (تیای- یا- فندی) وتارێکی رەخنە ئاسای نووسیبوو؛ کە بۆچ هیچ کەسێ لە مێژوونووسانی کورد باسی فەرمانڕوایی «میننەتشاهی» کوردی نەکردووەو وا دیارە ئەو نە وتارەکەی «حوزنی» دیبو، نە پەراوێزەکەی من لەسەر شەرەفنامەم نووسیبوو.

وتارەکەی حوسەین حوزنی پەیچوییەکی گرنگ بوو، بەلّام چونکە زۆر شلەژاوو شێواو بوو، من هەمووم تۆمار نەکرد، بەلّام لەم رۆژانەدا کە خەریک بووم باسی «فەرمانڕەوایی شاهێنیی هەوراو»ەکان (بطائح) بنووسم هاتەوەیادم کە دەبێ باسی فەرمانڕەوایی میننەتشاهی لە بیرنەکەم، ئەم دوو فەرمانڕەواییە لە کتێبی «دول اسلامیە»ی خۆرهەلاتناسی بەناوبانگی ئینگلیسی (ئیشتانلای - لەن - پول) کە سالّی ١٨٩٤ نووسیویە)و خەلیل ئەدهەم کردوویە بە تورکی و بەهەشتی حوسەین حوزنی موکریانی لە ژمارەکانی ١٧ دەنگی گێتی تازەو هی دیکە لێیان دواوە، هەروا لە کتێبەکەی «زەمباوەر»دا، بە دەولّەتی کورد ناوبراون..

رەنگە عێلەکانی بنەمالّەی میننەتشای باپیرەگەورەی ئەم بنەمالّەیە، لە خاکی روم دا دەوارنشین و کۆچەرو بە دەسەلات بووبن، لەلایەن سەلجوقییەکانی «دەولّەتی روم»ەوە ئەو هەرێمانەیان پێ سپێردرابێ کە ئەم فەرمانڕەواییەیان تیادامەزراندووە.. هەر ئەو بنەمالّەیەن کە شەرەفنامە باسی

نەتەوەیان دەکا، کە فەرمانڕەوایی «کیلس و ئەعزاز»یان دامەزراندووە.

خاکی ئەم وڵاتەی کە دەسەڵاتیان بەسەریا بووە، بە ناوی باپیرە گەورەیانەوە ناونراوە وڵاتی «میننەتشاە» تورکەکان ناویان ناوە «مەنتەشا وڵایەتی»، خود مەنتەشا جۆرە گاڵۆکێکی دەستی دەروێشانە، حاجی قادری کۆیی (گۆڕی پڕ لە نور بێ) گوتویە (لەباسی پێغەمبەرا):

«کەی وتی میسواکە تیرم یا عەصا؟» «نێزەمە» گورزی گرانم مەنتەشا» (٢) پاشان کە عوسمانیان پەیدابوون و سەلجوقیان بەدەستی مەغول رۆخان، هەر ئەوان ناوی وڵاتەکەیان نا (ئایدین ویلایەتی)و میننەتشاە یان کردە سەنجەقێکی سەر بە ئەوێ. جارێ بۆ ئەم باسەبا چاوێ بگێڕین بە «قاموس الاعلام»دا، شەمس الدین سامی نووسیویە: «مەنتەشاە یەکێکە لە سەنجەقەکانی ویلایەتی ئایدین، دەکەوێتە لای خۆرئاوای نیوچە دوورگەی (شبەجزیرە) ئەناتولی، لە کۆنا بەم ناوچەیە گوتراوە (قارپا)، لای باکووریشی ئایدین و لای خۆرهەڵاتیشی «قونیە»و لای باشوریشی زریەپەری دەریای سپی یە، سەرزەوییەکەی چیاییە، ریزە چیایەکانی ئاق داغ- قەرەجداغ- قەرتال داغ- مەندوس داغ- بوزداغ. بەم هەرێمەدان. تەنها دوو شیوی ئاوداری پان و پۆری تێدا هەیە (طامان- قوجەچای)و شیوی تەنگەبەری زۆرە، هەوای خاوێن و پاکژو دەسکەوتی کشتوکاڵی گەنم و جۆو زورات و پەموو توتون و ترێ و هەنجیرو زەیتونە. دەرئامەدیان تەنها بەهاونرخی مێوژو هەنجیرە وشکەیە، ئاژەڵیان زۆرە، مەڕو بزن و گولک و گاو چوار پێی ترە، لەکناری زریەی سپی دا ئەم ئەسکەلانەیان (بەندەر) هەیە: (کوتک - بودوروم - گوک ئایاز - مەرمەریس - موکری) دەستکردیان بەڕەو گلێم و مافورە، ئەمڕۆ سەرژمێریان (١٤٥/٥٤٤ کەسە) لەمانە ١٣٤/٧٥٧ کەسیان موسڵمان و تورکن، ١٠/١٣٦ کەسیان رومن،و ١٥٠٠ کەسیان جولەکەن، و ١١٤٠ کەسیان ئەرمەنین. (شەمس الدین ناوی کوردی نەبردووە، چونکە کوردیان

تیا نەهێشتووە،. ج) ۲٤۰/ مزگەوتی هەینی (جمعە)و ۱٤۰ مزگەوتی پێنج فەرضە و ۲٥ کلیساو ٥ قوتابخانەو ۷ کتێبخانەی هەیە. ئەم سەنجەقە برێتی‌یە لەم شارانە: (مەغلا- میلاس- موکری- مەرمەریس- یودورووم- کویچکر)و لە شەش قەزاو چوار ناحیەو ۳٥۳ گوند پێکهاتووە (۳).

فەرمانڕەوایی مینتەشاهی بەپێی گەشتەکەی ئیبن بەتوتەو ئەخبار سلاجقەی ڕۆم و وتارەکەی حوسەین حوزنی ئەم فەرمانڕەوایانەی بنەماڵەی بەخۆوە دیوە:

١- مینتەشاه بەگ (یا مەنتەشا).
٢- حاج بەهادالدین بەگی کوردی ناسراو بە «ابلستان»
٣- مەسعود بەگ مینتەشاه کوڕی حاج بەهادالدین.
٤- شجاع الدین ئورخان بەگ کوڕی مەسعود بەگ.
٥- ئیبراهیم بەگ کوڕی ئورخان بەگ.
٦- تاج الدین ئەحمەد غازی بەگ کوڕی ئیبراهیم بەگ.
٧- محەمەد بەگ کوڕی ئیبراهیم بەگ.
٨- مزەفەر الدین ئیلیاس بەگ.
٩- لیث کوڕی محەمەد بەگ.
١٠- ئایدین بەگ.
١١- ساروخان بەگ.
١٢- یعقوب بەگ.... هتد.

**مێژووی دەوڵەتی مینتەشاهی:**

سەرچاوەکان قسەیان یەک نیە دەربارەی ئەم دەوڵە کە کەی دامەزراوە، ئیبن الموستەوفی نووسیویە لە:

١-٦٨٢ک(١٢٨٣ز)ی کوڕانی مینتەشاه زریەپەڕی (ساحل)

ئەنتاکیە- عەلائیە-و لازقیەیان داگیرکرد»، بەڵام لە پەراوێزا لە زبانی «زەمباوەر»ی خێوی «معجم الانساب» نووسراوە: مەبەست میننەتشاه بەگ مەسعودە، کە ساڵی ۷۰۰ک (۱۳۰۰ز)ی دەوڵەتێکی جێگەیی (محلی) لە ئاسیای (صغیر) بچووکدا دامەزراند، باپیرە گەورەی ئەم خانەدانە حاجی بهاء الدین کوردی والی سیواس و ملک السواحلە کە لە دەورانی سەلاجقەدا لە عەلائیە بوو. (زەمباوەر ۱۵۳) (٤) لێرەدا دەڵێم لەم پەراوێزەدا هەڵەئەوەیە کە حاج بهاءالدین بە باپیرە گەورەی مەسعود دانراوە، کەچی ئەو باوکیەتی (بەپێی سەرچاوەکانی دی)و دەبێ مەبەست لە میننەتشای دەورانی غیاث الدین مەسعود سەلجوقی بی کە ساڵی ٦۹۷ک (۱۲۹۷ز)ی مردووە، میننەتشای باوکی حاج بەهاد الدین یا باپیری بێ.

۲- حاج بەهاء الدین بەگی کوردی ناسراو بە «ابلستان» لەلایەن سەلجوقیەکانەوە دانراوە بە فەرمانڕەواییەکەیا، ئەو لەو سەردەمەدا لە عەلائیە بوو، کردوویانە بە والی سیواس و ملک السواحل، قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان بەسەر ئەم هەرێم و شارانەدا بووە: (مەغلا- پالاط- بوزایوک- میلاسی- بەرچین (بچین)- مەرەن- چینە- طەواسی- بەرناز- موکری- خوی- چنیز- فچە- مەرمەریس» (٥).

۳- مەسعود میننەتشاه کوڕی حاج بەهاء الدین بەگی کورد: توانیویە دوای دەوڵەتی سەلجوقیی روخێنراو لەلایەن مەغۆلەوە، فەرمانڕەواییەکەیان، بە جۆرێکی سەربەخۆ بەڕێوەببات و بە هێزێکی دە هەزار کەسییەوە شاڵاو بکاتە (قونیە)و داگیری بکات.(٥)، بەڵام مەغۆل چەند جارێ وڵاتەکەی ژێردەستی ئەوی تاڵان کردووەو کوشتاری تیا کردووەو قونیەیان لێی داگیرکردووەو، نەتەوەکەی ژێردەستی میننەتشایان پێچاوەتەوەو زۆریان بەدیلی بردووە بۆ قونیە.

٤- شجاع الدین ئورخان بەگ کوڕی مەسعود میننەتشاه: پادشای

(میلاس) بووه، کۆشکی پادشایی له (بەرچین) بووه کە دوومیل لە میلاسەوە دوور بووە، پیاوێکی وشیارو زاناو خوێندەواردۆست بووە، هەمیشە وەختی خۆی لەگەڵ دەستەیێ مەلادا رایبواردووە، مەلای خوارەزمی یەکێ بووە لە مەلا گەورەکان، پیاوێکی زاناو هونەرمەند بووە، سولتان شجاع الدین جارێکیان لێی زویر بووە، چونکە بەسەفەرچووەتە (ئایا سلوق)و لەوێ پادشا دیارییەکی زۆری داوەتێ و ئەویش وەری گرتووە، لەسەرئەوە سولتان لێی زویر بووەو ئیبنی بەتوتە کە چووەتە ئەوێ داوای لێ کردووە، دڵی بداتەوەو ئاشتی بکاتەوە.(٦)

٥- ئیبراهیم بەگ کوڕی ئورخان بەگ لەسەردەمی باوکیدا فەرمانڕەوای (میلاس) بووە، کە شارێکی جوان و قەڵەباڵغ و پڕ لە باغ و باخچەو جۆگەو رووبار بووە، جوانترین شاری رۆم بووە، ئیبن بەتوتە ئیبراهیم بەگی دیوەو بەخششی داوەتێ...

ئیبن بەتوتە ساڵی ٧٢٥ک (١٣٢٤ز)ی لە تەنجەوە کەوتۆتە گەشت، بەڵام پاش ئەوە مێژووی رۆژانەی گەشتەکەی یادداشت نەکردووە، چووتە وڵاتی میننەتشاه و ئەم شارانەو ئەم پادشایانەی دیوەو لێرەوە دەستی پێکردووە:

أ- طەواس: میری ئەم شارە ئەلیاس بەگە، شارەکە قەڵاییێکی سەختە، شەو گەیشتینە ئەم شارە، پاسەوان دەرگای نەکردەوە، لەسەر کونگەرەو بارووەکانەوە لێمان خوڕی. ئێمە شەو لەبەردەرگاکە نوستین تا سبەینێ، لەبەرئەوەی ئەو ناوە دزو جەردەی زۆرە میری قەڵا دوستوری دابوو، کە نابێ مێگەل و گاگەل و ئاژەڵ و زوو دەربچێ لە قەڵا.. خود ئەلیاس بەگ سبەینان زوو بە لەشکرەوە دەردەچوو دەوروپشتی شاری ئەپشکنی، ئینجا دەگەڕایەوە، کە دەرگای قەڵاکرایەوە ئێمە چووینە ناوشار لە خانەقای کابرایەکی دەرویش دابەزین. میری قەڵاقۆشەو ئازووقەی بۆ ناردین، لەم شارەدا «صوهەیب» لە دایک بووە کە یەکێکە لە یارانی

پێغەمبەرو بە صوهەیبی رۆمی بەناوبانگە(٧) بە داخەوە ئیبن بەتوتە ناوی بابی نەنووسیوە، نازانین کوڕی شوجاع الدینە یا برایێتی!

ئینجا بەتوتە نووسیوبە؛

لەوێوە چووینە شاری (مەغلە) لە خانەقای شێخێکی [illegible] ێری پیاوانە بوین بە مێوان لێرە ئیبراهیم بەگ کوڕی پادشای (میلاس) مان دیت، زۆری رێز لێناین و کراسێکی بەدیاری بۆ ناردم.

ب- «میلاس» جوانترین و قەڵەباڵغترین شاری وڵاتی رومە باغاتی زۆرە، میوەی فرەیە، لە ئێمە خانەقای دەستەی جەوانان (فتوت)دا بەزین، زۆر بە میهرەبانی و ناسکی پێشوازیان لێ کردین، لەم شارەدا کابرایێکی پیرەمێردم دیت تەمەنی (١٥٠) ساڵ بوو بەهێز و چالاک و هۆش لەسەرخۆی بوو.

پادشای میلاس سلطان شجاعەددین ئورخان بەگ کوڕی میننەتشاه بوو، پیاوێکی شۆخوشەنگ و قۆزو رەوشت بەرز بوو، هەمیشە لەگەڵ خوێندەواران و مەلاکان وەختی رادەبوارد، هەمیشە دەستەیێ مەلای لەگەڵ بوو یەکێ لەوانە مەلای خوارەزمی بوو، پیاوێکی زاناو لەهەموو جۆرە زانیارێکدا شارەزابوو سولطان تۆزێک لێی دڵگیر بوو چونکە جارێکیان چووبووە (ئایا سلوق)و پادشای ئەوێ دیياری دابوبێ و ئەویش قەبوڵی کردبوو.. من تکام لە سولطان کرد لەگەڵی دڵسارد نەبێ و بەگەشی پێشوازی لێ بکاو رێز لە زانایی و هونەری بگرێ و ئاشتیانم کردەوە. پادشای میلاسی چاکەیێکی زۆری لەگەڵ کردم، ئازوقەو زەخیرەی بۆمان ناردوو ئەسپێکی پێ بەخشیم. کۆشکی تایبەتی ئەم سولطانە لە (بەرچین) بوو کە دومیل لە میلاسەوە دوورە. بەرچین شارێکی تازە دروست کراوە، بەسەر گردێکەوەیە و ساختمان و مزگەوتی جوانی زۆرە، مزگەوتی گەورەی نوێژی هەینیشی تیا دوروستکراوە، بەڵام هێشتا تەواونەبووە، ئێمە بۆ دیدەنیی سولطان چوینە ئەم شارە و لەوێ لە خانەقای ئەخی عەلی، میوان

بووین (٨) ئینجا بەطوطە لە گەیشتەکەیا ئەم شارانەی ژێر دەستی دەوڵەتی میننەتشاهی (مەنتەشا)ی دیوەو، گەشتەکەی بەر لە دەرکەوتنی دەوڵەتی عوثمانی بووە، بەڵام بەداخەوە بەجۆرێکی رێکوپێک مێژووی رۆژ و ساڵی نەنووسیوە.

مغول کە دەوڵەتی سەلجووقی ئاسیای بچووکیان رۆخاند، ساڵی ٦٩١ک (١٢٩١ز) ٢٩مانگی زیلحەجە بەدواوە دایانە سەر وڵاتەکەی میننەتشاهدا کوشتارێکی زۆریان تیاکردو تاڵانێکی فرەیان بردو خەڵکی وڵاتەکەیان هەمووديل کردو. کاروان دوای کاروان هەموویانیان بردە (قونیە) و لەمانگی محەرمدا گەورەترین ستەمکاریی و زۆرداریی وێران کارییان لەوڵاتە موسڵمانەکانا کرد، ناهەمواریی ستەمیان نایێتە نووسین (٩)

### ٦- تاجددین ئەحمەد غازی کوڕی ئیبراهیم:

لە نووسراوەکانی میلاس وادەردەکەوێ تا ساڵی ٧٨٦ک (١٣٨٤ز) پادشا بووەو بە سلطان الساحل ناوی رۆیشتووە لە ساڵانی ٧٨٠-٧٨١ لە شاری پەچین (بەرچین)بوو ساڵی ٧٩٣ مردووە و ئەم مێژووە، لەسەر بەردی گۆڕەکەی نووسراوە (١٠)

### ٧- محەمەد بەگ کوڕی ئیبراهیم بەگ:

ساڵی ٧٨٦ ک (١٣٨٦ز) بە ناوی خۆیەوە، سکەی لێداوە.

### ٨- مزەفەرددین ئەلیاس بەگ کوڕی محەمەد بەگ:

لە جێی باوکی بۆتە پادشاه. لە قەزای (سوکە)و لە بەلاطینی ساڵی ٨٠٦ک (١٤٠٣) مزگەوتێکی دروست کردووە، سکەی درەوایشی لێداوە، یلیدرم بایەزید وستویە وڵاتەکەی داگیربکات، چونکە یارای بەرەنگاری لەخۆیا رانەدیوە، پەنای بردۆتە بەر کوڕەکانی «چاندار» لەشاری (سنوب)

ئەوان زۆر بەگەرمی پێشوازیيان كردووه، سالّی ٧٩٢ ولاّتی مينەنتشاه كەوتۆته ژێر دەستی «عوثمانی» بەلاّم تەيمووری لەنگ كەوته شەڕ لەگەلّ بايەزيدی عوثمانی و بەسەريازالّ بوو خستييه قەفەس سالّی ٨٠٥ك (١٤٠٢) بنەماڵەی مينەنتشاهی گەڕانەوه سەر ولاّتەكەيان، مزەفەر ئەلياس بەگ ئەمجاره تاسالّی ٨٢٤ك (١٤٢١)و بەقسەی هەندێ مێژوونووس تا سالّی ٨٢٩ك (١٤٢٦ز) پادشای ولاّتەكەی بوو. ئنجا سولطان مورادی دووەم، لەگەلّ ئيلياس جارێ دۆستی داوددانی بە دەسەلاّتيدانا، ئەميش هەر دوو كوڕەكەی خۆی نارد ياوەری بن، بەلاّم ئەو له (تۆقات) هەردووی خستته زيندان (ئەحمەدو ئوەيس) پاشان بەفڕوفێلّ هەردووكی لەناوبردن (١١)

### ٩- لەيث كوڕی محەمەد بەگ:

سالّی ٨٢٤ك (١٤٢١) پادشای بەشێ لەولاّتی مينەنتشاه بوو بەناوی خۆيەوه سكەی لێ داوه بەلاّم نازانرێ«[١٢]» ئەم دوو برايەكانيان پێشتر فەرمانڕەوابوون. جگە لەمانە، ئيسحاق كوڕی ئورخان، خدر بەگ برای ئورخان: كه سالّی ٨١٥ خنكاندراوه، هەروا ئايدين بەگ و صاروخان بەگ هەموويان بەناوی خۆيانەوه سكەيان لێداوه. «[١٣]»

**پەراوێزەكان:**

١- شەرەفنامەی فارسی لاپەڕه (٢٨٦) ترجەمە عەرەبيەكەی خۆم لاپەڕەی (٢٣٠) تەرجەمەی كوردی هەژار (٤١٤).

٢- ديوانەكەی سەردارو كەريم شارەزا، بە هەلّە نووسراوە (مونتەشا).

٣- قاموس الاعلام پيتی م بەرگی، ٥.

٤- تاريخ گوزيدە لاپەڕە (٤٧٩).

٥- اخبار سلاجقەی روم ٣٦٨.

٦- ئيبن بەتوتە تەرجەمەی فارسی ب،١، ل ٣٢٣-٣٢٤.

٧- دیاره ئەم صوهەیبەش کوردە ونکە سەر بە ولاتی روم بووە بە رومی ناسراوە.
(نعم العبد صهیب لولم یحفظ الله لم یعصه) دەربارەی ئەوە.

٨- گەشتی ئبنی بطوطە تەرجەمەی فارسی ب، ١، ل ٣٢٣-٣٢٤.

٩- تاریخی گوزیدەی ئبنی مستوفی، ل ٤٧٩.

١٠- تاریخی ئەنجومەنی کە تاریخی عوسمانییە (٤١٨).
تەقویمی مەسکوکاتی سەلجوقیە، (ل ١٢٩) لە ئەستەمبوڵ پارێزراوە.

١١- رەوضەت الابرار ل ٣٦٧.

١٢- تەقویمی مەسکوکاتی سەلجوقیە ١٢٩.

١٣- وتارەکەی حوسێن حوزنی لە ژمارە ١٧ دەنگی گێتیدا، کە وەرگێردراویب کتێبەکەی (دول الاسلامیە)یە زۆر شلەژاوە، سەرچاوەکانی وەها نیشانداوە: تاریخی ئەنجومەنی کە تاریخی عوسمانی تێدا بڵاوکراوەتەوە ل ٤١٨ و تەقویمی مەسکوکاتی سەلجوقیان کە لە مۆزەخانەی دێرینە کۆنەکان، کاتەلۆکی دەورانی ئیسلامی بەشی چوارەم ل ٣٨٨، هەروا تاریخی ئەنجومەنی کە تاریخی عوسمانی تێدا کراوەتەوە ل ٤٩٨ سەرچاوەی گشتی ئەحمەد تەوحید تاریخی ئەنجومەنی ساڵی ١٣٢٧ ل ٦١٥ و لاپەڕەکانی ٥٠ - ٥٠١ رەنگە هەرسێ ناوەکە هەر یەک کتێب بێت.

# پاشکۆ

بەپێنووسی: شوکر مستەفا

زازایی دملی

# زازایی دملی

## به پێنووسی/ شوکور مستەفا

## (١)

زازا ناوی نزیکەی میلیۆنێ کوردە، زێتر لە رۆژاوای دیاربەکر دەژین، بیانی و دەرودراوسێیەکانیان پێیان دەڵێن «زازا».

هەرچی زازاکان خۆیانن بە خۆشیان و زمانەکەشیان دەڵێن «دملی».

لەمەڕ «زازا» زۆر گوتراوەو زۆر نووسراوە، کلۆدیۆس ریچ کە لە ساڵی ١٩٢٠دا سەردانێکی کوردستانی کردووە، نەگەیشتۆتە وڵاتی زازا، هەرچییەکی لەمەڕ نووسیون بیستەنییەو وای بۆ چووە کە نێوی «زازا» بە مانا «زمان گرتە» یا کەسێکی بە زاری پڕەوە باخێوێ، لە ناوچەی کۆسەی زازازووان، بەوە دەگوترێ «کەکێز» {بڕوانە: ل. کۆک} هەرچی لێرخە دەڵێ بەمە دەگوترێ «تات» {دیارە بە شێوەی کوردیی رۆژئاوا} یا بە جۆرێ باخێوێ، کەس لە قسەی حاڵی نەبێ.

وشەی زازا هەندێ جار بە «زازا»و هەندێ جار بە «ظاظا» دەنووسرێ پێم وایە ئەو دوو دەنگە لە کوردیی سۆرانیی و کوردیی بادینانیشدا هەیە، لەبیرمە لە ٣٠ یەکاندا کوردی گەڕەکی شاترلوو لە کەرکووک دەیان گوت «ناظانم» منی کوردی خەڵکی قەرە حەسەن وام دەزانی ئەم خەڵکە جوولەکەن... مەبەستم ئەوە نیە بێژم وەک (ظ)ی حارەوییان دەگوت، بەڵام وەک منیان نەدەگوت، یا دەیان گوت «حەظم لێیە» نەک «حەزم لێیە».

ئەمە لە بادینانیش هەستی پێ دەکەم... خەڵکی ئامێدی و ئاکرێ و زاخۆ و دهۆک دەڵێن «نظانم»، «دظانم»...

مارکڤارت پێی وایە ئەم «ظ»یە دەنگێکی تازەیە، هەر ئەوەکەی یەکەمی پێ راستە، دیارە ئەندرییاس وشەکەی لە (ل. کۆک)ەوە بە (ظ) وەرگرتووە. ئەم کارەش بۆتە مایەی سەرسوڕمان لە کن مارکڤارت. خۆ هەر

ل. کۆک (زازا)ی بە (ظاظا)نەنووسیوە بگرە ئەولیا چەلەبیش و مسالک الابصاریش هەروایان نووسیوە، ئەولیا چەلەبی نەک هەر وشەی (ظاظا)، وشەی (حەز)یشی بە (حظ) نووسیوە ئەمەوە نەبێ لەهەموو شوێنەکاندا وانووسرابێ، لەزۆر شوێنی دیکەدا هەر (زازا) نووسراوە. بێ لەمە، نیبۆریش (نیوەی دووەمی سەدەی ١٨ هەم) وشەکەی هەر بە (ظاظە) نووسیوە.

لە پاشان ڕەنگە پیتی عەرەبی سەری لەم زانایانە تێکدابێ؛ چونکە (ز)و (ظ)و (ض)و (ذ)، (س)و (ص)و (ث)، (ت)و (ط) لە زمانە ئێرانییەکاندا بە (ز) و (س)و (ت) دەنووسرێن، یا ڕاستتر بێژم بەمانە دەبێژرێن.

هەرچی نێوی «دملی» یە کە زازاکان بە خۆشیان و زمانەکەشیانی دەڵێن، ئۆسکارمان بە (دملە)، ئەنترانیکی ئەرمەنی، بەر لە ئۆسکارمان بە (دملی)ی نووسیوە.

لێرخ (دملی)و (دومبەلی)ی تورکمانی لێک هاوێرنەکردوون.

بەڵێ ئەوەشت لە بیرنەچێ دملی لە باکووری پالوو و کیغی و دەرسیمیش هەن، نەک دومبەلی، بەلام بەپێی ئەولیا چەلەبی دومبولییەکانی هەرێمی گۆلی ورمێ تورکمان بوون... بەڕاستی ئەمە لە تێکەڵی و پێکەڵیی دوو ناوەوە هاتۆتە گۆڕێ... نموونە بۆ ئەمە هەیە... قەبیلەی «قیس»ی عەرەب هەیەو عەشرەتی «گێژ»، «گێسی» کوردیش هەیە.. عەرەبەکان دەڵێن گێژوگێسی (قیس)ین، گێژەکانی لای حەمرین (نارێن) دەڵێن، نەخێر (قیس)ییەکان گێژن... هەروەها هۆزی (مضر) دبێژن هێزی مزووری عەرەبن، (مضر)ن، «مزوورییەکان دەڵێن، نەخێر مضر» «موزوورین» و کێشەکە لە بڕانەوە نایە...

ڕاستیت گەرەکە نێولێکچوون سەرێشەی زۆری بۆ مێژوونووس و ئەنترۆپۆلۆژ هێناوەتە گۆڕێ... بەلام زمانی نەتەوەیەک دواجار کێشەکە یەکلا دەکاتەوە... عەرەب هەتا ئێوارێ بڵێن «یەزیدی»یەکان عارەبن و

کـــوڕانی «یزید»ن، ســـەری خـــۆیان لە بەرد دەدەن؛ چونکە وەک یەژن «ئەو نانە نانە ئێـــســـتـــا لە خـــوانە» ئەو برا یەزیدیانە وە زووان و ئاییینی کۆنیانەوە، خۆیان وەپاکترین ڕەگەزی کورد دەزانن...

بێـمەوە سەر ڕەچەڵەکی دملیـیەکـان، ڕەنگە کـێشەی ڕەچەڵەکی کۆمەڵە مرۆیەک بە کـێڵـەڕێیەک، یا دووان، یەکلا نەکرێتەوە. ڕەگەزپەرستانی نازی و فـاشـسـتی لە گـوێن تێلمـان هاوەڵانی لەڕووی ڕەگـەز و ڕەچەڵەکی بێ خەوش یا سپـیـریشـتگەلی بابەتی کـۆستـاو لۆبوون لەمەڕ (ڕۆح)ی بڵـیندو نموونەی هەرە بەرزی نیـتـچـەو لەوان شـتـان، یا زمـان، یا بیـروباوەڕ، یا ئاسەواری هۆی ڕەنێو هێنان، یا دەوروبەری جوغـرافی، ئەفسـانە، جـادوو، داوو دەستوورو..و.

ئەمـانە وەتاکـە تاکـە، وەڵام وێژی سـاغ بوونەوەی بەرو ئەسـتـەڕی تەونی تـان و پۆی ڕەگـەزی نەتەوەیەک نیـە، نیـکـیـتـین برێکی ڕۆناکی لەم بارەوە بەر کێشەکە داوە، خۆڵاسە لەم بارەوە سەرلێشێوانێک لەنێوان مارکڤارت و لێـرخـدا هەیە،، یەکـیـان دەڵـێ (دمـبلی) و (زازا) یەک تیـرەن و گـۆیا لە نـاوچەی «خـــووی» هەڵ کـــەندراون و بەرەو دەورووبـەری دەرســـیم و ئەرمـەنسـتـانی چوارەم باریان پێ کـراوە. بەڵام بەپێی ئەم ڕایەی مـارکـڤـارت نە سەردەمی بارپێکرانەکە دیارەو نەبەڵگەشی وە دەستەوەیە.

کێ دووری خـسـتـوونەتەوە؟ عـوسـمـانیـیـەکـان؟ بەڵام شاری «خـووی» لەچەند سـاڵێ بەولاوە وەدەست عـوسـمـانیـیـەکـانەوە نەبووگـە، هەر لەسـەر قـەڵەمڕەویی فـارسـدا بووە، دوو ڕاپۆتەکـەی نیـعـمـەتوڵـڵا شیـروانیی فـارس و «ژوانێن»ی فـەرنسەوی لەو دومـبولیـیـان دەدوێن کە هێـمان لەناوچەی خووی بوون هەروەها جێـمس مۆریەریش تەنیـا «دومـبـولی)ـەکـانی ناوچەی سۆکـەر دەناسێ و بەس کـۆلۆنێلی ئینگلیـز، شێـل کـە لە نـاوەندی سـەدەی ١٩هەمـدا چۆتە ئێـران، دومـبـولیـەکـان (نزیکەی ٢٠٠٠ مـاڵێک)ی بەیەکـێک لە تیرەکانی ئازەربایجان لە قەڵەم داوە.

شـاری «خـووی» بۆ خـۆی «٤٥٠» کـیلۆمـەترێ، لە ڕۆژهەڵاتەوە، لە

«پالۆو»ەوە دوورەو زۆر لە گوێنە چەند گرۆیەکی چکۆلەی دومبولیان لەوێندەر دابڕابن، وەلێ زۆرینەی هەرە زۆری تیرەکە، ئەو دەمەی لێرخ لێکۆڵینەوەکانی لەسەدەی ١٩ هەمدا نووسیوە، هێشتا رەنگە هەر لە ناوچەی خوویدا بووبن. جا نازانم مارکڤارت تێزەکەی خۆی لەمەڕ هەڵکەندرانی دومبولیان لە خووی و ڕەواندنەوەیان لە پالوو بە چ پاساو دەداو چۆنی پینە دەکا؟ لە بارەی زازاو دومبولیەوەش وا پێدەچێ مارکڤارتیش هەر بە دەردی هەمان سەرلێشێوانی ئیتنوگرافی و لێک گرێدانی مێژوو- جیوگرافی چووە کە لەمەڕ کێشەکەی «کەلهوڕ»و «کولیایی» بەدەردی چووبوو. بەمەدا وا بەدیاردەکەوێ کەدملی و تورکزووان لێک دوورن، دەی جا بۆ نەڵێین (ل) و (م) لەم وشەیەدا جێگۆڕکێیان پێ کریاگەو دملی «دەیلەمی» بێ، بەڵام مارکڤانت ئەم تێنۆرییەی بەدڵنییەو لەو باوەڕەدایە کە «زازا» لە زووانی ئاترۆپاتینەوە هاتگە.

(هۆشیار جان، لەساڵی ١٩٢٧دا هێشتا لەو باوەڕە دابوو کە «ئادەریی کۆن» یەکێک لە شێوەزارەکانی کە تائێستاکانەش هەرزیندووەو ئەوەتا لە زووانی دومبولییەکاندا خۆی دەنوێنێ و پێی دەگوترێ «زازایی» ، لە ساڵنامە هەنگارییەکاندا (نیسانی ١٩٢٩دا زازایی ئادەری بەیەکێک لە شێوەزارەکانی مێدی دادەنێ).

پاشماوەی ئاترۆپاتینەکانژی لەو نموونانەی هارزان Harzanە کاندا بەدی دەکا کە «س، ئیف لێمان هاوپت)، لەگوندی Gelinkayaی نزیکی (مەرەند)ی باکووری تەورێز دۆزیویانەتەوە، بەراورد بفەرموو بۆ چوونەکەی مارکڤارت، کە گۆیا نیشتەنیی لە مێژینەی ئێروکانە، ئێرانی بوون، وێناچێ راست بێ، لە رووپەڕی کتێوەکەی لێمان هاوپستدا تێبینیەک هەس بواردگیەسی و گریمانەکەی هەر لە نوێیاوە بنبڕ دەکا. لە گرە، نووسیارێک پەنایان بردگەسە وەر ئێس. گی. وێلسن، کە یەژێ لەسەروبەندی نادرشادا کۆمەڵە مەردمێلێ تالیشی بۆ گوندی گەلین قایا راگوێزراگن و ئەڤ گاڤ و نهاژی هەر بزارێ تالیشا دپەیڤن. ئانگۆرا

ڤـاگۆنتنێ، ئەم تالیشیانە ئەو ئێرانیانەن کو درەنگ (یەکەم جار لەسەدەی ١٨ هەمدا بوو) بۆ ئاتەرپاتەگان (ئازربایجان) رەویان پێ کریاگە. خۆی راستە، نادرشا کەئێرانیی، لە ناوچە ترکنشینەکانی نیوە باکورییەکەی ئازەربایجان، دەوروبەری گۆلی ورمێدا جێنشین کردووە، بەو جۆرە تێ دەگەین کە لە رۆژاوای مەرەند، لە خاکی سەلماس، کۆنەواری راستەگانیی خۆیان، لە کوێ رواندووە، کە لە باشوورن و زۆر دوورن، لەو دەوروبەرە ترکانەدا ئەمانە زمانی خۆیان لە بیرکردووە، کاتێکی شێل چۆتە وێ، وا دیارە بە ترکی پەیڤیون.

مینۆرسکی لە پاومانی وتارەکەیدا لە مەڕ (توومـاری)یەکانی نووسیوە، لەسەر ئەم رایەی مارکڤارت، کە گۆیا زازا لە ئاترۆپاتینەوە هاتوون، هەڵ دەداتێ، کە تەنانەت گۆیا دەیلەمیەکان دە ئازەربایجان، نەخاسما لە سەدەی ١٥هەمدا زۆریان کار تێکردوون، ئێستاش گەورە شاری ولاتی سەلماس نێوی (دیلماقان - دیلماگان)ـە، واتا شاری دەیلەمان و نێوی شارێکی دیکەش هەیە کە زۆر گرینگەو دەکەوێتە ناوچەی «کێغی»یەوە، هاینریش کیپەرت لە نووسینەکەی سی. هاوس کنێشت دا ئەو شوێنەی کە لە باکووری پالووە بەنێوی (دیلملی) بلاوکردۆتەوە، لەسەر نەخشەی .Mopof Armenia and countries, H.8

{adjacent Lynch and F. Oswal ol

Beilage zu} London 1901, dew Werk Armenia, 39 n داگوندی دەیلەمی کەوتۆتە باشووری رۆژهەلاتی دوریانی هێلی درێژایی 40، خاوەری گرینویچ، لەسەر رووبارێک کە دەڕژێتە زێی (کیغی صو)ەوە.

لەسەر نەخشەی تورکیاش {ئەرزەرۆم - تەرابزوون 400 000 :400} [قناعت کتبخانە سی یا Ystam 60} ئەم گوندە هەر نێوی (دیلملی)یە، {نزیکەی 30 کیلۆمەترەیەکیش بەلای خاوەریەوە، گوندی «کۆر»ە، کە سەرچاوەی نموونەکانی زمانی دملی (زازا)ی ئۆسکارمانە.

جۆزێف مارکڤارت خۆی لە نێوی ئاوایی (دیلملی)یش نەبان

کردووه. (٢)

**شەمەیێک لەمەڕ پەرت بوونی زازا لە سەرەتای سەدەی ٢٠مدا**

لێرەدا تەنها گولۆژیرییەک لەو کەرەسە زۆرە، کە دەسەر جیۆگرافیای مێژوویینەو تۆپۆگرافیای مێژوویینەو تۆپۆگرافیای ناوچەی زازانشین کۆکراوەتەوە، دەخرێتە بەردەس.

لە نامەی رۆژی ٥ی جۆزەردانی 1900 - کە یەکێکە لەو زنجیرە نامانەی ئورفەی ئۆسکارمان (یەکەم نامە مێژووی 31ی بانەمەڕی ١٩٠٦ی پێوەیەو ئەمێستاکە سەرلەبەریان خرکرانەوەو دەپەڕاوخانەی {Preussische Staats biblothek}دا پارێزراون- دا نووسراوە «ئەو زازایانەی کە لە نزیک ئێرە، لە دەوروبەری گەرگەر (لەسەر فرات)و لە کیاختا و بوجاق دەژین...».

لە نامەیەکی دیکەشدا کە لە سیوەرەکرا، لە رۆژی ٣٠ی جۆزەردانی ١٩٠٦دا نووسراوە، دەڵێ: «نیشتەنییانی گوندی گەرگەر و ئادییەمان و بوجاق لە گوێی چۆمی فرات، بەبەری راستییەوە، کە نزیکەی رۆژەڕێیەک لێرەڕا دوورن، سەرپاکیان زازان، هەرچی ئێرەیە، واتە: سیوەرەک، زازاو کوردی کرمانج - کە ناوچەی ئەمەی دواییان لەباشووری خاوەرەوە تا ئیروکانە دەکشێ - هامپای یەکدی تێک دەرژێنەوە».

دەنامەی رۆژی ٤ی گەلاوێژدا ئۆسکارمان دەڵێ: «هەتا باکوور بەرەو نەمرودداغ، سەرتۆپی نیشتەنییەکان زازا زمانن» ئۆسکارمان دە «راپۆرتێکدا لەمەر گەشتەکەی ساڵانی ١٩٠٦و١٩٠٧ بە نیازی زێتر لە زمانی کوردی وەکۆڵین». کە بۆ کۆڕی زانیاری پرۆسیای نووسیوە وا پیشان دەدا کە زاراوەی زازایی «زۆر لەو کەوشەنە، کە پیتەرلێرخ لە (Forsehunsen)دا باسی کردووە، دەترازێ».

مــان دەڵێ: «بڵاوبوونەوەی زاراوەی زازایی تا بڵــێی بەر فــرەوانە. لەناوچەی نێوان مەلاتیە- ئادییەمان- سەمسات. لە خاوەرەوە تا دەگاتە سەرووی دەشتی فرات، لە نزیک مووش، ئیدی بەرەو باکوور، لەدەرسیم تا دەگاتە ئەرزنجان و ئەرزەرۆم، هەروەها بەرەو باشوور تا دەگاتە قەرەجەداغ، ئەمانە سەرلەبەریان پڕن لە گوندی زازازوان و وەزوانەکەی خۆیان یەژن «دملی».

(دیارە ئەم فەرمایشتانەی ئۆسکارمان هێشتا یەکەیەکە پێویستان وەساغکردنەوە هەیە).

هەتا بەرایی سەدەی بیستەمیش، دەرسیم هێمان وە مەڵبەندە سەختەکەی زازایەل لە قەڵەم ئەدریا. ئالەی نیمچە گراوە کۆسارە سەختەی نێوان سەرچاوەکانی فراتدا بوو، زازاکان لەدژ فەرمانڕاواییی ترک ڕاپەڕین، کەڵە هەمەکارەیەکی ترک، محەمەد عارف ناو، کەدە ساڵی ١٢٩١دا لە دەرسیم بووگەماچۆ، لێرەدا کەکەس وە کرماژی گەپ ناکات، گشتیان وەزازۆکی، گەپ ئەکەن.

کاورا یەژی ناوچەی زازای دەرسیم ئەو گوندانەن: مازکرد، قوزیچان، ئوواجق، ژمارەی مەردمەکەیچ هەر وە گوێرەی محەمەد عارف- خۆی لە ٦-٧ هەزار ماڵێ دەدا، بڕوانە: (بیک بر حدیث شریف شرحی ایکنجی طبعی- قاهرە ٣٢٥×). هەروسا ب گۆتنا «ئەنترانیک»ی ئەرمەنی، کە لەدوادوای سەدەی ١٩ هەمەدا بەوناوەدا گەڕاوە، دەبێ نیشتەنییانی دەرسیم، تێکڕا، وەزازایی قسەیان کردبێ

(Dersim tiflis, 1900) لە لاپەڕە ١٠٨دا دەڵێ زمانی زازایی زوانێکی هەرەمەیەو نزیکەی سێیەکێکی زازایی پەتییە.

هەڵبەتە، زازاکان بەو تان و پۆیەی ئەمێستاکەیان تازە ئیدی بە دەیلەمیی خشت و تەواو ناژمێردرێن، بەڵکو لەوەتی کەوتوونە وڵاتی ئەرمەنییان کۆمەڵێ واکی بیانییان پەڕیوەتە نێو. ئۆسکارمان- لەزمانی شێخ عەبدولعەزیزی بتلیسیرا- لە (Taxtbuch 1906107, lll, 140)دا

بڕێکمان لەو تێهەڵکێشە بۆ دەگێڕێتەوە:

**لە مۆتکی دوو هۆز** (١)

-١- خرت: بە کرماژی داخێون.

-٢- بووبان، بەبان: بۆ خـۆیان دەڵێن لەلای سلێـمـانیـیـەوە هاتوون، تیرەکانیان ئەمانەن:

(آ) کۆسان: بنەماڵەی وەلۆ و بنەماڵەی مەحموود
(ب) تەرنان
(ج) کەی بووران
(د) زیارەتی
(هـ) زەندەری
(و) هەرسان

دەڵێن، بووبان (بابان) وە ژمـارە فـرەکـەم بووگن، هاتنەتە مـۆتـکی ئیـتـر زووانەکەیان بووگە وە زازۆکی هۆزی یەکەمیش- خرت- ئەمانەیە:

(آ) شیفقەت
(ب) ئازدوو
(ج) کالوو
(د) ئامموو

ئەم قـسـانەی ئۆسکارمـان لە تبلیس دەگـەڵ- هەرنەبێ بەشێ- لە قسەکانی مێجەر مارک سایکسی ئینگریزدا لەمەڕ نیشتەجێیانی ناوچەی موتکی (مۆدەکی) یەکدی دەگرنەوە.

مارک سایکس، بۆ خۆی نەگەیشتۆتە ئەو ناوە، لەم و لەوی بیستووە.

لەوەتی گـەشتـەکـانی ئۆسکارمـانەوە (١٩٠٦) بارودۆخی دەرسـیم و نـاوچەکـانی دیکەی زازانشین گـۆڕانکاریی زۆری بەسـەر هاتووە، پارێکی گـەورەی زازاکـان، وەک ئەرمـەنی و کـورد لە تورکـیـە، هەر بەو سـەرەنجـامـە گەیشتووە، زازاش بوون بە گوریی ڕک و کیەتەی ترکان لە هەق بیانییان.

هێندێ زانیاری نوێ له ئەرمەنییەکی حەڵەبی (هـ. میهران)ڕا وەچەنگ کەوتووە، بەپێی نامەیەکی ئەم ئەرمەنییە بۆ کارڵ هەدانگی شاندووە (٢٦ی نوامبری ١٩٣٠) «زازاکان له ناوچەکانی پاڵوو، چەپاقچوور، گەنج هاینی، سلیڤان، ئەرغەنی، چەرمووگ، باقر مەعدەن، مەلاتیە، وسیوەرەک دەژیین، جگه لەمە بەپێی شوێنێکی دیکەی نامەی گۆرین، ئەو گوندە زازاییانەی، دەئەنجامی شۆڕشی ١٩٢٥ وێران کران ئەمانەن:

١- قەرەزۆر ٢- ئاشمە شاد ٣- سیڤان ٤- قەرەبەگ ٥- گۆگ دەرەو زازاکانی ناوچەی «بۆلانک»ی ژووروو و ژێری (ئەم دوو بۆلانکە ئەوەکەی ناوچەی مووش نین).

## مێژووی لێوەتۆژینی زمانی زازایی

یەکەم کەسێکی لەنزیکرا خۆی بە زازاوە سەرگەرم کردوێ، پێتەر لێرخە، لەشەڕی «قرم»دا کۆڕی زانیاری پیتەرسبورگ لێرخی، بۆ ئەوەی لێوەتۆژینێ لەمەڕ کوردو زازا بەدیل گیراوەکانی تورکیە بنووسێ، نارد بۆ رۆسلاول لە ئوستانی سمۆلێنسک، بۆ زازاییەکە، حەسەن ناوێکی کرد وە نموونەی خەروارەکە، حەسەن لە تیرەی سیڤان، خەلکی گوندی (کاسان)ی نزیک پاڵوو بوو.

لێرخ لێکۆڵینەوەکەی بەدوو چاپان بلاوکردەوە پێشان وەرووسی و پاشان وە ئەڵەمانی، چاپە ئەڵەمانییەکەی، ئەوەی کارل هەدانگ لێی وەردەگرێ، بەشێ لە چاپە رووسییەکەی کەمترە، ئەمەیان بیلبۆگرافیایەکی ئەو نووسینانەی لەسەر کورد نووسراون، هەروەها ئیتنۆگرافیایەکی تیرەو هۆزە کوردەکانە کە لێرخ بە هەڵە زازاکانیشی تێدا بەگەڵ داون.

لێرخ ژمارەیێ دەق و تەرجەمەی دەگەڵ فەرهەنگۆکێکدا گەلاڵە کردووە، بەلام بەداخەوە، بۆی نەکراوە رێزمانی زازایی- کە بەڵێنی بە کارڵ هەدانگ دابوو- وەچاپ بگەیەنێ.

دوور نییە، لێرخ، لەسەرەتای چوونە نێو زازاکانەوە تووشی هێندێ سەرلێشێوان بووبێ، رەنگە تەرجەمەکانی هەڵەیان تێکەوتبێ... بێ لەوەش فەرهەنگۆکەکەشی زۆر تەواو نییە، وێڕای ئەم کەموکورتییانەش، لێوەتۆژینەکانی لێرخ- بۆ سەروبەندی خۆی- ئەرکێکی زۆر سەخت بووە، راستییت گەرەکە، لێرخ وەک رێخۆشکەرێک بەرەو ئێرانناسی، شوێن خۆی یەکسەر پاش سیۆرێن گرتووە.

تێبینییەکانی ڤیلهەلم شترێکەر، لەچاو ئەوەکەی لێرخ، زۆر بێ سەروبەرو تاریکن، شترێکەر لەمەڕ شێوەزاری (قزلجان)، (قوزلیجان) ئۆ، بلاو، (قوزیچان) جەی، گی، تایلەر، (قوزیچان) (محەمەد عارفی ترک) ئەو تێبینانەی نووسیوە، کە لە لایەن (ئۆ،بلاو)،وە بلاوکرانەوە.

پشت بە دەقەکانی لێرخ- بێ ئاوڕدانەوە لە تێبینییە ناتەواوەکانی شترێکەر- فریدریش میوللەریش لەلای خۆیەوە هەوڵی روونکردنەوەی رێزمانێکی زازایی داوە، بەسەرناوێکی درشتی وەک (شێوەزاری زمانی کوردی). شترێکەر خۆشی قامکی بۆ وەی درێژ کردبوو، کە گۆیا تەنها لە دەرسیم حەوت زاری هەن، بەلام لێکۆڵینەوەکە زێتر لە دەنگناسیدا خەست بۆتەوە کە میوللەر کەم تا کورتێکی لێ پێکاوە، کەچی بە واژی لە صەرف و نەحو (وشەڕۆنان و رستەبەندی)دا لە کورتیی بڕیوەتەوە- بەلای برێ خەسیەتگەلی نواڕیوەتە کارەکە: وە نموونە لە رووپەڕی ٢٤٣دا لە (تاکی رانەبردوو) دەدوێ کەلە دەقەکانی پیتەر لێرخ وەرگیراوە:

کەسی سێیەم: زانا **Zana**= داند (بەفارسی نوێ). کەچی هەرپاش دێڕی دەڵێ:

- نەزانۆ **Nezanu**= نداند (بەفارسی نوێ).

بێ ئەوەی سرنج بداتە ئەو گۆڕانەی بەسەر دواییەکاندا هاتووە (لە حاڵەتی یەکەمدا: ئا- **a**- و لە حاڵەتی دووەمدا ئوو -**u**- و بزانێ زانا **Zana**= ئەو دەزانێ (بۆ مێینگینە) دەکار دەبرێ، کەچی لە لاپەڕە ٨٥دا بۆتە نێرینە، بەم رەنگە میوللەریش- پیتەر ئاسایی- یەکێک لە

خەسیەتەکانی هەرە سەرەکییەکانی زازایی- کە نێرو مێ لێک هاوێر کردنە، نەزانیوە.

محەمەد عارفی تورک کە چەنانێکی زۆر لە کوردستان ژیاگەو چۆتە دەرسیمیش لە کورد بوونی زازا بە گومانە. عارف باسی «زمانی زازایی دەکا، واتە: وەکرماژیان دادەنێ. ڤیلهەلم گایگەر زازایی بەزارێکی کوردی دەزانێ، لەوما پتری لەسەر نەڕۆیشتووە، بەڵام لە ئەلبێرت سۆسێن وا چاوەڕوان دەکرا لە لێوەکۆڵینی زمانی کوردیدا پتری لەمەڕ زازایی ئاخاوتبا، نەمازا، چون دەقە زازاییەکان و فەرهەنگۆکەکەی لێرخ دەگەڵ کرماژیدا لە کتێوەکەیدا بڵاوکراونەتەوە، کەچی ئەو ناوبەناو زۆر وەکورتی نێوی هێندێ وانەکی کەمبایی دەبا. ئەم هەڵوێستەی گایگەرو سۆسین - هەرتکیان لە (گ.ی ر.پ چ)دا کار دەکەن- هەر ئەو هەڵوێستەمان وەبیر تێرێتەوە، بەرابەر گۆرانی (بڕوانە ٤٦ س. (١٩٣٠)، ئو. ب د) کریاگە. لە دوا دوای سەدەی ١٩هەمدا ئەنترانیگ دوو جاران چۆتە ناوچە کۆسارەکەی دەرسیم کە تیرەیەکی ئەرمەنیژی لێ بووە، ئەنترانیگ، هەرچەندە گەشتەکەشی بە نیازی زمانەوانییەوە نە کردبێ، بەڵام پێویستە کتێوەکەی لەمەڕ هێندێ وردە سرنجی لەبار، کە سەرپێیانەی بۆ زازایی تەرخان کردوون فەرامۆش نەکرێ.

ئەنترانیگ یەکەم کەس بووە تێنۆڕیی (دملی - دەیلەمی)ی درکاندووە، لە لاپەڕە ١٥٨ی کتێبەکەیدا دەڵێ: «زمانی دەرسیمییەکان سەرلەبەر هەڕەمەی فارسی، کرمانجی، ترکی، عەرەبی و ئەرمەنییانی و بە تاویەتی زازاییەو سێ چارەکی زمانەکەیانی داگرتووە، جگە لە ژمارەیەکی لە زمانی ئەو میللەتانەی کە لەگەڵ ڕەوتی رۆژگارو داگیرکردنی ئەرمینیا، بۆ ماوەیەک هاتوچۆی ئەو ناوەیان کردووە. هەر تیرەو هۆزێک لێرە، زمانی تاویەتی خۆی هەیەو دەگەڵ چینێکی دیکەدا پێی دەپەیڤێ و لێک دەگەن، جاری واش هەیە کە لێکدی ناگەن، پەنا وەبەر زمانی کوردی دەبەن و ئەو زمانە بە زمانێکی ڕەسمیی هەموانەکی ناسراوە»، ئەنترانیگ لەپاش

ئەوەی دیاردی بۆ قسەیەکی تۆماس ئارکرِونی، لەمەرِ دەیلەمییان، لەسەر قسان دەروا، دەڵێ: «وامان بۆ بەدیار دەکەوێ، کە ئەمانەو تلمیگ هەردووکیان هەریەکن؛ ئەو تلمیگانەی ئێستا لە دەرسیم و شوێنانی دیکەش پەرت و بڵاون و بە «تملی»، یا «دملی» ناسراون و زمانەکەیان بە زۆری لەلایەن دەرسیمییەکانەوە دەکا دەبرێ».

لێکۆک گەشتەکەی زنجیرلیی فلیکسی ڤۆن لوشانیساڵی ١٩٠٢ی سوورییەی بە هەل زانی، چەردەیێ لە سەر زازاکانی کۆسە بنووسێ، راستە لێکۆڵینەوەکەی لە شام تۆمار کراوە، بەڵام نموونەکە کاورایەکی (عمر بن علی) ناو و خەڵکی چەرمووق بووە، ئەو چەرمووقە دەکەوێتە ناوەندی رێگای نێوان سیوەرەک و ئەرغانە (ئەرغەنی).

لێکۆک بەرهەمەکەی بە دوو بەرگان لە چاپ داوەو کارەکەی پتر بۆ چەند زانایەک تەرخان کراوەو بەسەر کتێوخاناندا بڵاونەکراوەتەوە (ئەمن بۆ خۆم نوسخەیەکم هەیە). بەشی یەکەم تەنها یەک چیرۆکی زازایی لەلاپەرە ٧٢داو بە نووسینی عەرەبی - فارسی تێدایە، بە واژی، پاری دووەم پرە لە دەقی زازایی.

ئەم کۆمەڵە دەقە بریتییە لە سێ داستانی درێژ: ئەفسانەیەک و داستانێک و لە کرمانژییەوە کراون بە زازایی؛ نەقڵێکی لە مێژینە؛ چاردانە کورتە نەقڵ لە ترکیرا وەرگێردرای، ٤ دانە ژمارەی سەرەکی، ٣٥٧ رستەی سەربەخۆ، سەرباری ئەمەش کۆمەڵێک وشەیە.

پاری سێیەم، کە دەبوا تەرجەمەو رێدەنگ (ستەرانکرپشن)و فەرهەنگۆکێکی تەواوکاری تێدابێ، دەرنەچوو.

لەوما دەکارین بێژین، دەکار بردنی دەقە زازاییەکانی لیکۆک، وەک دەکاربردنی دەقەکانی لیرخ خۆش و سانا نیە، لەم لاشەوە مێزە دەکەین، وێرای زۆریی دەق و زەنگینیی کەرەستە، ژمارەیەکی لە چاو کەم هەڵەو شاش بوونی تێدا بەدی دەکرێ (پێوەلکاندنی وشەی جیاجیا، دەکار بردنی رشتی مێیینە لەبری نێرینەو... ئیدیش).

بەهەر حـــاڵ، ئەو رەنجــەی لێکۆک بۆ زمــانێکی داوە، کــە هەرە زۆری رچەی نەشکاوە، شایانی رێزلێنان و قەدر زانینە.

جا لەوما کو لێکۆک (دەقە کوردییەکان)ی هەر بۆ شەخسی خۆی لە چاپ دابوو و تەنێ پاش قـــەدەرێ، بەرەبەرە بەردەست پســـپــۆڕو لێـــزانان کــەوتن، ئۆسکارمـان چیی لەمـەڕ نەبیسـتـبـوون تەنانەت چوار ســاڵ پاش لێکۆک لە شــوێنەکـانی دیکەدا ئەوجـا ئاشنایی دەگـەڵ زازادا پەیدا کــرد، ئۆسکارمـان لە سـەرەتاڕا ئەم زمـانەی لە سـیـوەرەک (گـەلاوێژی ١٩٠٦) بە خــوێندن خــوێندو فــێــری بوو، هەر بۆیەش دمــەیزین، کــە شــێــوەزاری ئەم شــارۆکــەیە دەچاو ئەو - لەپێش هەمــووانەوە دێ، کــەچی ئەگــەر تواشــای قــەوارەو بارســتــایی دەقــەکــان بکەین وا بەدیاردەکــەوێ زازایی گــوندی کــۆر (لەچەپاقــچــوور) زاڵە، کــۆمــەڵە وشــەیەکی زازۆکی بجــاق (نزیکەی ٢٥٠ وشــەیەک) وەســەر زازاییــەکــەی ســیــوەرەکی نزیکیــەوە خــراون، هەرچی زازاییــەکــەی کــۆرە، وە نموونەی زازایی چەپاقــچــوورو زازایی کــیــغی تەواو کریاگە.

ئەوجا، کە مە سێ نووسینی تۆمارکریی جۆراوجۆرو سەروەخۆمان لەوەر دەســـــابن (لێـــــرخ و لێـکۆک و مــــــان)، ئەوا رێـگامــــــان بـۆ تاوتـوێ و هەڵســەنگاندن و ساغ کـردنەوەیان- وەمەرجێ جیـاوازیی شێوە زارەکانمان لێ نەونە کۆسپ و لەمپەر، بۆ هەموار کراوە.

ئەلبــرێشت ڤــیّــرت زازاییــەکــەی لە چەریکلی، کــە دەناو ٢٢ هۆزی دووژیکـاندا بە یەکـەم تیـرە دەژمـێـردرێن، وەرگـرتووەو پاشـانەکێ دەقــەبەڵ مـارکڤـارتی کردووە، ئەوەی من بیزانم مـارکڤـارت لە تێبینییـەکی گچۆکەکە بەولاوە چیـــدیکەی لێ بڵاونەکــردۆتەوە، هەر نۆ مـــانگ پاش مـــەرگی مـــارکــڤــارت کــارڵ هەدانگ ویســـتـــوویە ئەو نووســـینانەی ڤـــیّـــرت وە سەربکاتەوە، کەچی ئەو لە وەرامدا رایگەیاندۆتێ کە جارێ بەم دەمودەستە بۆی نادۆزرێتـــەوە.هەروەها ئێل. مــۆلینۆ - ســیل لە راپۆرتێکیــدا، کــە لە ئەنجـامی گـەشــتـێکی بۆ دەرسـیم (١٩١١) نووســیـبـووی و لە (١٩١٤)دا

بلاوی کردبۆوه، زۆر به کورتی باسی زمانی نیشتەنییانی ئەو ناوە دەکا، لەلاپەڕە ٥٢دا دووپاتی دەکاتەوە، کە شێوەزاری زازایی زۆر لە کرمانژیی لاداوە.

له پاشان له لاپەڕە ٦٧دا دەڵێ: «دەرسیمییەکان وە زوانێ گەپ ئەکەن، پێی یەژن زازایی و بە شێوەزارێکی کوردی لە قەڵەم دەدرێ». پاشانەکێ، لەلاپەڕە ٦٨دا دەڵێ: «شێوەزاری زازایی هێندەی لە کرمانجی، هامانا: زمانی سەرەکیی کوردیی لاداوە، کوردیزانێ لەوەی هەوەڵیان ناگا، ئەی شێوەزارە پڕە لە واژەی فارسی و عارەوی و هەنێ ترکیش و وە شێوەزارێکی کوردی دەژمێردرێ، هەرچەندە من نازانم گەلۆ هۆی وەکوردی لە قەڵەم درانەکەی بۆ بنواشەیەکی زمانەوانی دەچێتەوە، یان هەر بە پێی ریزبەندییە شاش و واش و ساکارەکەی ترکانە؟» من لەوەش ئاگانیم، داخۆ مولینۆ -سیل نموونەیەکی لەو زوانە بلاوکردۆیتەوە یان نا؟

ئی. بی. سۆن، کە لە مەڕ شیعری گۆرانەکانی نووسیوە، بۆ بەراوردکاریی زازایی و گۆرانی برێ واژەی زازاییشی وە نموونە هاوردیەسەوە- وەلێ مخابن، رەگ و رەگەمای کەرەستە زازاییەکەی ئاشکرا نەکردووە، کە لە بەرهەمی جۆرەکیی شێوەزارگەلی زازایی، ناشێ ئیرادی لێ نەگیرێ.

لە گەشتەکەی {To Mosopotamia and kurdistan in disguis, London 1} لە لاپەڕە ٣٧٤دا یەژێ: «ئەمەی لە دڵ دەرناچێ، چونکە رێی نەکەوتۆتە وڵاتی زازا». سۆن لەیراکە وەهەڵەدا چووگە.

وەگوێرەی لاپەڕە (٥٧-٥٥) سۆن لە سیوەرەک بووگە، وەلێ نەیزانیگە زازاییل لەوراکە دەژیێن، بەڵکم نیشتەنییل ئەی شارۆکەی هەر وە ئەرمەنی و کورد زانیگە، هەر چۆنێ بێ، لە هێندێ شوێنی دیکە

تووشی چەند زازایەک بووەو تەنێ باسی ڕواڵەتیان دەکا.
چەند نموونەیێ لە شێوەزاری زازایی:

| زازایی | سۆرانی |
|---|---|
| ١- پییێ من ئامە | باوکم هات |
| ٢- برایێ من ش | برام چوو |
| ٣- تییێ شنێ کۆتی؟ | ۆ بۆ کوێ دەچێ؟ |
| ٤- ئەز شننان ب دەوە | من دەچم بۆ دێ. |
| ٥- تییێ شنێ دەو سەکەری؟ | ئەتۆ دەچی بۆ دێ چ بکەی؟ |
| ٦- دەینێ من ئەستۆ | قەرزم هەیە |
| ٧- تو دەینێ خۆ گرۆت؟ | تو قەرزی خۆت وەرگرتەوە؟ |
| ٨- من زەینێ خۆ گرۆت | من قەرزی خۆم وەرگرتەوە |
| ٩- تدۆ شرێ سووکێ | تۆ بچی بۆ شار |
| ١٠- ت سووکرا ئامەیی؟ | تۆ لە شارڕا هاتووی؟ |
| ١١- نتو چچی ئارت؟ | تۆ چیت هاورد؟ |
| ١٢- من غەلە ئارت | ن خەلەم هاورد (خەلە=دەغڵودان) |
| ١٣- نامێ تو چچۆ؟ | اوی تۆ چیە؟ |
| ١٤- شۆری چارشێ! | چۆرە بازاڕ! |
| ١٥- مارێ سای بیاری | ۆ ئێمە سێو بێرە. |
| ١٦- تو نا قەڵەمێ کامی ڕاگرۆت؟ | تۆ ئەم قەڵەمەت لەکێ کڕی؟ |
| ١٧- من عەتارێرا گرۆت | ن لە عەتارم کڕی. |
| ١٨- تو دەرسا خۆ وەند؟ | تۆ دەرزی خۆت خوێند؟ |
| ١٩- ئەزۆ بوانان | دەی خوێنم |
| ٢٠- دەرسانێ خۆ رند بەلی کەرێن! | دەرزەکانی خۆ چاک بزانن! |
| ٢١- مەشتی دەرس چینە | سبەینێ دەرز نیە. |

| | |
|---|---|
| ٢٢- من نا حەشیێ کشت. | من ئەم ورچەم کوشت. |
| ٢٣- ئەزۆ کەننان نا ئەستۆرێ نشان | من دەمەێ سواری ئەم ماینە بم. |
| ٢٤- نشەننێ ئەستۆرێ سەراشنی؟ | سواری ئەم ماینە دەبی بۆ کوێ؟ |
| ٢٥- شننان بێگەیران. | دەچم بگەڕێم. |
| ٢٦- نا جنێکەرقا چ ئەستۆ | ئەم ژنە ئاوسە.. |
| ٢٧- مایێ کەننمە بانێن ڤراز | ئێمە ەمانەوێ خانوویەک رۆنێین. |
| ٢٨- ئێ مەردمی سەرەیی من شکت | ئەو پیاوە سەری منی شکاندووە |
| ٢٩- ئەزۆ شران گەرە بێکە | من دەچم شکات بکەم. |
| ٣٠- تدۆ شرێ، کۆتی گەرە بێکەرێ؟ | تۆ دەچی لە کوێ شکات بکەی؟ |
| ٣١- ئەزۆ شران حوکومەتی گەرە بێکەران | دەچم لەکن حوکومەت شکات بکەم. |
| ٣٢- کامی تۆرێ سە ڤانۆ؟ | کێ چیی بە تۆ گوتووە؟ |
| ٣٣- بێری ئەزۆ تۆیا ما شمە قوربەت | وەرە من و تۆ پێکەوە بچینە غەریباتی. |
| ٣٤- ما شمە قوربەت سەکەرمە؟ | بچینە غەریباتی چ بکەین؟ |
| ٣٥- مادۆ شمە بێگەیرمە | بچین بگەڕێین. |
| ٣٦- قەت نێبۆ دونیایی ڤینەنمە! | قەت نابێ، ئێمە دنیا ببینین. |
| ٣٧- ما شمە خۆری کارێن بێکەرمە! | بچین بۆ خۆ کارێکی بکەین. |
| ٣٨- ئۆ مەردم دەولەتلیۆ | ئەو پیاوە دەوڵەمەندە |
| ٣٩- تو نان وەرت؟ | تۆ نانت خواردووە؟ |
| ٤٠- بێری نان بوورە! | وەرە نان بخۆ! |
| ٤١- ئەز ڤەیشان نیان. | من برسیم نیە |
| ٤٢- تو چچی وەردۆ؟ | تۆ چیت خواردووە؟ |
| ٤٣- من گۆشت وەردۆ | من گۆشتم خواردووە |
| ٤٤- تە چرێ مرا قەهریایێ؟ | ۆ بۆ لە من تووڕەی؟ |
| ٤٥- تۆ مرێ نەنگی چینایێ | تۆ خراوت پێ گوتووم |

| | |
|---|---|
| ٤٦- قاندێ جۆبی تۆرا قەهریایان | لەبەر ئەوە لە تۆ تووڕەم |
| ٤٧- ت کـەینەرا خـۆ لاژدنی من نیێـدانیێ؟ | تۆ کـیـژەکـەی خـۆت بە کوڕەکەی من نادەی؟ |
| ٤٨- ئەز دانان | من دەدەم (دەیدەم). |
| ٤٩- تدۆ قالن مرا بۆل بگیریێ؟ | تۆشیربایبم زۆر لێ وەردەگری؟ |
| ٥٠- ئەزدۆ تاییێن بێگیران | من کەمت لێ وەردەگرم |
| ٥١- تدۆ چەندێ بێگیریێ؟ | تۆ چەند وەردەگری؟ |
| ٥٢- من گۆشت وەردۆ | من گۆشتم خواردووە. |
| ٥٣- من گۆشتێ میەر (١) وەردۆ | من گۆشتی مەڕم خواردووە. |
| ٥٤- ما ئەوڕۆ ش ئەینی سەر (٢) | ئێمە ئەمڕۆ چووینە سەر کانی |
| ٥٥- ما وەنیایە تووێرێ را | ئێمە دار تووەکمان بینی. |
| ٥٦- تووی بەلاتە بییێ؟ | تووەکان پێ گەیشتبوون؟ |
| ٥٧- تو تووی وەردی؟ | تۆ تووت خوارد؟ |
| ٥٨- من تووی وەردی | من تووم خوارد. |
| ٥٩- ئەوڕۆ بۆڵ گەرمۆ | ئەمڕۆ زۆر گەرمە (٣). |
| ٦٠- چرێ گەرمۆ؟ | بۆچی گەرمە؟ |
| ٦١- نکا ئامنانۆ، فاندێ جۆی! | ئێستا هاوینە، لەبەر هەندێ! |
| ٦٢- ئەوڕۆ سەردۆ | ئەمڕۆ ساردە. |
| ٦٣- زمستانۆ، جۆران | زستان، بۆیە |
| ٦٤- ئەوڕۆ هەواربیۆ | ئەمڕۆ هەورە |
| ٦٥- مەشتی ما شمە ڕای! | بەیانی بەڕێ دەکەوین! |
| ٦٦- ڕایا ما دووریا | ڕێیەکەمان دوورە. |
| ٦٧- ڕاییێ ما دووری | ڕێیەکانی ئێمە دوورن. |
| ٦٨- ڤزێر ڤەورێ ڤاری | دوێنێ بەفر باری. |
| ٦٩- ئەوڕۆ یا غەرۆ ڤارەنۆ (٤) | ئەمڕۆ باران دەبارێ |
| ٧٠- ئا تۆق بیاری! | ئەو ساجە بێرە! |

٧١- ما نان بپاوجمه ئێمه نان بکەین.
٧٢- مەیمانێ ما ئەستێ میوانمان هەیە.
٧٣- مـەیمانانێ شـمـانان وەرت؟ مـیـوانەکـانتـان نانیـان خواد؟
٧٤- هەونا نان نێـــوەردۆ هێــشـــتــا نانیـــان نەخواردووە.
٧٥- مـــەیمانانێ مـــا نان وەرت مـــیـــوانەکـانمان نانیـان خوارد.
٧٦- ئێـــــیێ کـــــەننێ شـــرێ ئەوانە دەیان هەوێ برۆن
(کـــــــەننێ: بـە واتای دەکـــــــەنـە، م بە مـــانای فـــیـــعلی مـــســـاعـــدیش دێ، (فـــــــــعلـی خـــــــــوایشـت) وەک: (خواهند)ی فارسی
٧٧- بیبێ ڕاشتی راست رۆیشتن (ڕۆیشتن).
٧٨- تزی تەی شنێ، شـــۆر! تۆش ئەگـــەر دەتهـــەوێ برۆی، برۆ!
٧٩- گـروەیی (٥) من چنیـۆ، ئەز نێشنان هیچ کـارم نیـیـە، من ناچم، (نارۆم).
٨٠- ئەی ئەز شننان کەواتا من دەچم (دەڕۆم).
٨١- ئۆ قاچەکۆ بەرمەنۆ ئەو منداڵە دەگریێ.

٨٢- هاونێ خۆبۆ یەننۆ ( خەوی دێ.
٨٣- دەرگووشا جەی ڕاشانێ! لانکەکەی ئەو ڕاژەنە (ڕاژێنە).
٨٤- ئەزۆ ڕاشانەنان من ڕادەژەنم (رادەژێنم).
٨٥- ش خەونا چووە خەو (چاوی چووە خەو

| | |
|---|---|
| ٨٦- قاجەک لاژەکۆ، کێینەکا (٦)؟ | منداڵەکە کوڕە، کچە؟ |
| ٨٧- ژەو لاژەکۆ، ژەو کێینەکا | یەکێکیان کوڕە، یەک کچ. |
| ٨٨- پییێ جێ قـاچقـان وەشـۆ، مـەردۆ؟ | باوکی ئەو منداڵانە سـاغـە، مردووە؟ |
| ٨٩- پێی ئننان وەشۆن | باوکیان خۆشە (ساغە) |
| ٩٠- چ کار کەننۆ؟ | چ کار دەکا؟ |
| ٩١- جتێرۆ | جووتیارە |
| ٩٢- جـوێنێ خـۆ وەداردۆ، نیـوەداردۆ؟ | جـۆخـینی خـۆی هەڵگرتووە، هەڵ نەگرت |
| | (واتە: کردوویە بە خەلەو بردوویەتیە ماڵەوە؟) |
| ٩٣- گایێ خۆ چەندێ؟ | چەند گای هەن؟ (گاکانی چەندن؟) |
| ٩٤- ت ڤزێر شیبی کۆتی؟ | تۆ دوێنێ چووبووی بۆ کوێ؟ |
| ٩٥- ئەز شیبییان ب باغچە. | من چووبووم بۆ باخچە! |
| ٩٦- باغچە د چچی ئەستۆ؟ | لەباخچە چ هەیە؟ |
| ٩٧- چچی ڤاژێ، ئۆئەستۆ | چ دەڵێی ئەوە هەیە. |
| ٩٨- هایدێ! ماشیم حەمام! | یاڵلا! با بچین بۆ حەمام! |
| ٩٩- ما شمە سە کەریمە؟ | بچین چ بکەین؟ |
| ١٠٠- ما شمە ئاوێ خۆرۆ کەریمە. | بچین ئاو بە خۆماندا بکەین. |
| ١٠١- ت شیێ چارشێ؟ (٨) | تۆ چوویتە بازاڕ؟ |
| ١٠٢- ت چارشی د چچی گرۆت؟ | تۆ لە بازاڕ چیت کڕی؟ |
| ١٠٣- تەبازی نەگرۆت. | هیچم نەکڕی. |

## پەراوێزەکان:

(١) وڵاتێکی چیاییە، کەوتۆتە باکووری رۆژاوای تبلیس.
(٢) میەر: مەڕ، کەڵهوریش بە مەڕ دەڵێن (میەر)، کەواتا (نێر)یش دەبێنیەرەبێ؟! ئەم وشەیە بە (مێش)یش گوتراوە، ئەدی ئەوە نیە (گامێش)ی لێ تێ هەڵکێش کراوە؟ (گامێش) واتە: (گاومێش) بە فارسیی کۆن... (گا)یشەو (مێش)یشە... سەری لە بەران و لەشی لە گا دەچێ.
(٣) ئەنیی سەر، تو هەت: واتە سەرکانی، لای تۆ، ئەم پاش و پێشە بە دەردی زمانی ترکی چووە... ترک دەڵێن: «پنار باشی **Pinar basi**، سنک یان **(Seni Yanin)**
واتە: مضاف لە پاشەوەو و مضاف الیە لە پێشەوە دێ... (**n**)ەکە پێناوی تێکبەستنە...
(٤) گروە: ترکیە. واتە: ئەو کارەی کە دەبیندرێ (دەکرێ). بە مانا (وەزیفە) (واجب = کاری کردەنی)، (کاری ڕەسمی) دێ.
(٥) یەننۆ: ئەم فیعلە لە شێوەی (سلێمانی)دا، واتە: مضارعێک کە بە پێشگرێ (یە) نەک (دە) دەست پێ بکا، یێت، یێم، یێن، یێین دەڵێن!
(٦) کێینەک: کەنی، کەنیشک، بە هەورامانی و گەرمیانی.
(٧) ئەدی ئەوە نییە، ئێمەش بۆ دوعای چاک دەڵێین: «خۆش بی، یاخوا هەر خۆش بی؟»
(٨) چارشێ: وە بنەڕەت (چهارسو)ی فارسییە (سو): جانب، طرف، سمت، بەزۆر مانای دیکەش هاتووە لە فارسیدا. (سوق)ی عەرەبی لەم (سو)وە هاتووە.
(چهارسو) واتە (دكة)، (دکان) واتە: کۆتەی چوارگۆشە.
جاران لە جیاتی دووکانی سەرگیراو (دەکە = دەچچە)یان دادەناو شتیان لەسەر دەفرۆشت.

سەنتەری برایەتی ژمارە (٨)ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ .

## چاپکراوەکانی وەزارەت ساڵی 1996

١- رستە سازی و شیتەڵکاری زانستی .. د. شێرکۆ بابان
٢- سەعید زەبۆکی لای خۆمان ... رۆمان .. کەمال سەعدی
٣- البعد القومي للتغيرات في الحدود الادارية لمحافظة كركوك .. د. خليل اسماعيل محمد

## چاپکراوەکانی وەزارەت ساڵی 1997

١- کاولاش .. رۆمان .. عبدالله سەراج
٢- مەم و زین .. علی فتاح دزەیی
٣- پشکۆ و خۆڵەمێش .. ئازاد عبدالواحد
٤- دەردە کورد .. محمود زامدار
٥- باڵەبان .. وریا ئەحمەد
٦- چیرۆکی فۆلکلۆری .. محمد رشدی دزەیی
٧- کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات .. د. رەشاد میران
٨- ووشەو زاراوەکانی باباتاهیر .. د. محمد نوری عارف
٩- حەمەدۆک .. یەشار کەمال
١٠- کورتیەک ژدیروکا اقیانوسا .. د. بێوار خنسی
١١- رۆمانی درز .. کاکە مەم بۆتانی
١٢- میکانیزمە بنەڕەتیەکانی رستەسازی .. د. شێرکۆ بابان
١٣- أرض الاجداد.. شعر .. سرياني .. كوركيس يوسف
١٤- کورسی کورسی .. نەجات رەفیق حلمی
١٥- نۆل و فەلسەفەیا زەردەشت .. میرال زیلانی
١٦- ئەفسانەی تۆفانی سۆمەری .. نجم خالد ئەڵوەنی
١٧- دەروێشی عەبدی .. شاکر محمدامین رۆژبەیانی
١٨- مەولود نامەی کوردی .. محمد رشاد مفتی
١٩- کورد لە ئینسکلوپیدیای ئیسلام .. حمە کەریم عارف
٢٠- تاریکستانی لم .. صلاح عمر
٢١- ئازادی یا مەرگ .. کەریم حسامی
٢٢- فێربوونا لاتینی .. شەوکەت سندی
٢٣- هەولێرم وا دیوەو بیستوە .. مەولود بێخاڵی
٢٤- وتەکانی ژیان .. محمد عبدالرحمان زەنگەنە

٢٥- پۆپنه زێڕینه .. هیمەت کاکەیی
٢٦- مەملەکەتی ماسی... محمد فەریق حەسەن
٢٧- چیرۆکی هونەری کوردیی.. زاهیر رۆژبەیانی
٢٨- لاوک و سترانی کوردەواری.. یاسین حسن گۆران
٢٩-لاوک و سترانی ئەو دیوی قەفقاس.. یاسمین بەرزنجی
٣٠- دایکی کوردان .. حەمە کەریم هەورامی
٣١- هەو کردن بە ڤایروسی (HIV) و نەخۆشی ئەیدز .... د. زاهر سۆران

## چاپکراوەکانی وەزارەت ساڵی 1998

٣٢- شاکر فەتاحی شەهید... فەلەکەدین کاکەیی- مەحمود زامدار
٣٣-پێشکەوتن ... علی ناجی کاکە حەمە ئەمین- سیروان بەکر سامی
٣٤- رۆژنامەی (کوردستان)ی دایک... مەحمود زامدار
٣٥- گەشتێک لەنێو جیهانی بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی... مەحمود زامدار
٣٦- هەفتەنامەی گۆڤار... تاریق جامباز
٣٧-رۆڵی گۆڤاری هیوا لەپێشخستنی هونەری کوردی ... هیمداد حوسێن
٣٨- چەند بابەتێکی رۆژنامە نووسی.....حەمە سالح فەرهادی
٣٩- ئەستێرە... ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی
٤٠- رۆژنامەنووس و بواری رۆژنامەگەری .... رەسول بەختیار
٤١- رۆژناما کوردستان و شوەرەشا رەوشەنبیری.... شەوکەت طاهر سندی
٤٢- رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی دوای -راپەرین -.. عبدالله زەنگەنە
٤٣- حرب الكلمة ...... نزار جرجيس علي
٤٤- سەرکوتی رۆژنامەی کوردی لەسێبەری یاسادا.... غازی حسن
٤٥- کاریکاتێر... گرفتار کاکەیی
٤٦ - بیبلۆگرافیای هەفتەنامەی پەیمان....
٤٧ - بحث متكامل لايجاد طريقة لاختزال باللغة الكردية لاول مرة .... وشيار بشير مصطفى چلبي
٤٨- رۆژنامەگەری لەسەرەتای سەرهەڵدانەکانەوە تاچەرخی نوێکاری.. برایمی مەلا
٤٩- رەنگدانەوەی دۆزی ژن بە نێوی ژنەوە لە نێو رۆژنامەگەری کوردیدا.......د.کوردستان موکریانی
٥٠- کامران شاعر من كردستان .... کامل حسن البصير

٥١- پایزی چاوەکان..... نژاد عزیز سورمێ

٥٢- کوردستان .... قادر وریا

٥٣-الحقیقە-راستی-.........د. عبدالفتاح علی بوتانی (تعضید)

٥٤-چالاکیەکانی وەزارەتی رۆشنبیری ١٩٩٧.....محمد خدر مولود-عزیز هەریری

٥٥- بنەمالانی بەناوبانگی رواندز..... مەمدوح مزوری

٥٦- البدرخانیون..... شکور مصطفی

٥٧- الکرد والحق ....... عزیز عبدالاحد نباتی

٥٨- زنزانة کفر.... سلام عبدالله

٥٩- سراج السالکین..... ترجمة محمد جمیل روژبەیانی

٦٠- کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا........ مامۆستا محەمەد مەلا قادر

٦١- هونەری دیبلۆماسیوکاری پەیوەندیەکان.... عەبدوڵلا ئاگرین

٦٢-پاشکۆی بیرەوەریەکانم.... ئەحمەد دلزار

٦٣-دراڤەک ژدەریا فلکلوری...عبدالعزیز خیاط - عبدالعزیز هاجانی

٦٤- دەمێ چوارگۆشە... سەلمان کوڤلی

٦٥- یادەکانی ئادار.... محمد خدر مولود

٦٦- تابلۆکانی شەرەفنامە.. عبدلرقیب یوسف

٦٧- چالاکیەکانی وەزارەتی روشنبیریی ١٩٩٨ .... محمد خدر مەولود

٦٨- گولزاری منداڵان... کازم کۆیی

٦٩- داستان و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردی..... عمر شێخەڵلا دەشتەکی

٧٠- راو و شکار لە جیهاندا.. عبدالغفور ملا علی

٧١- راوە گزنگ .... محمد حەمە باقی

٧٢- العمادیة في مختلف العصور ... عباس عزاوي

٧٣- فۆتۆگراف.... فارس سعدی

٧٤- رەزمەکانی مۆسیقا.... جان تۆماس

٧٥- لەکوێ یاری بکەین..... چیمەن کاوێس

٧٦- پەروەردەکردنی ئەکتەر..... وەرگێرانی نیاز لەتیف

# چاپکراوەکانی وەزارەت ساڵی ١٩٩٩

٧٧- ئاگری بن کا..... سەعید ئاکام.

٧٨- هەژانی بەرد..... ئەوزاد رەفعەت.

٧٩- هەناسەی ئۆخەی..... شەونم بەرزنجی.

٨٠- کێشی شیعری کوردی..... د. عەزیز گەردی.

٨١- بزاڤی رۆژنامەگەری حکومەتەکانی کوردستان..... محمد خدر مولود.

٨٢- الاکراد فی الکتب البلدانیین والرحاله المسلمین فی العصور الوسطێ.

٨٣- دەنگی جەوانی... حسێن شێخ محمد بالیسانی.

٨٤- خواردەمەنی کوردەواری... ئاواز دزەیی.

٨٥- خۆری تار... (کۆچی سوور)... رەوف حسن.

٨٦- خشتەکانی شمشارە... د. عەزیز گەردی (بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانەدەر).

٨٧- کەمالی و ئەدەبیاتی فارسی... د.محمد نوری عارف.

٨٨- تیشکێک لەسەر زمانی دانیشتوانی کۆنی کوردستان... د. کوردستان موکریانی (بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کاروان).

٨٩- هەر تەنها بەفرە شیوەنت دەکا... موجود سامان.

٩٠- شەقە رەشە... فەهێڵ ئامێدی.

٩١- بارزانی و تەڤگرا ئازادیخوازییا کورد (١٩٣١ - ١٩٥٨). مسعود بارزانی.(وەرگێرانی د. محەمەد ساڵح جومعە).

٩٢- بارزانی و تەڤگرا ئازادیخوازییا کورد (١٩٥٨ - ١٩٦١). مسعود بارزانی.(وەرگێرانی د. محەمەد ساڵح جومعە).

٩٣- زانستا مێژووێ لەئەوروپادە دکتۆر عسمەت شەریف وانلی.(وەرگێرانی د. محەمەد ساڵح جومعە).

٩٤- مێژوا دەوڵەت و میرنشینێن کورد د. پێلا موسا مانتتیێ دە.(وەرگێرانی د. محەمەد ساڵح جومعە).

٩٥- پرسیاریا کورد. مێژووا کوردان و ئەهاوان (جڤاتا خۆییبوونی کوردیی وەلاتپەروەر). بەلاڤۆکا پێنجەم. د.بلێچ شێرکۆ.(وەرگێرانی د. محەمەد ساڵح جومعە).

٩٦- کوردو رونکردن و دیتن. کورد ئەوین میدیا، ق.ف. مینۆرسکی.(وەرگێرانی د. محەمەد ساڵح جومعە).

٩٧- کوردستانا تورکی د ناڤبەرا هەردوو جەنگان، دە، پرۆفیسۆر ئا، هەسرەتیان. (وەرگێرانی د. محەمەد ساڵح جومعە).

٩٨- دەرباری ستراتیجیا و سیاهییا، تەڤگەرا وەلاتیێ کورد. دکتور عسمەت شەریف وانلی. (وەرگێرانی د. محەمەد ساڵح جومعە).

٩٩- ته‌ڤگه‌را کورد سه‌رده‌ما نوح و نه‌ها ده، ئه‌کادیمیا زانستیا یه‌که‌تیا سۆڤییتی و ئه‌کادیمیا زانستیا ئه‌رمه‌نیا سۆڤییتی مۆسکۆ د سالا ١٩٨٧ده. (وه‌رگێرانی د. محه‌مه‌د سالح جومعه).
١٠٠- کورتیه‌ک ژ مێژووا کوردو کوردستان ژ ده‌سپێکرنا مێژووی تانی ڤێ رۆژێ محه‌مه‌د ئه‌مین زه‌کی به‌گ. (وه‌رگێرانی د. محه‌مه‌د سالح جومعه).
١٠١- میرنیکۆلۆ مکیاڤیلی.(وه‌رگێرانی د. محه‌مه‌د سالح جومعه).
١٠٢- په‌یمانا جڤاکی، جان جاک روسو. (وه‌رگێرانی د. محه‌مه‌د سالح جومعه).
١٠٣- پێشکه‌فتنا سۆسیالیستیێ ژ ئۆتۆپیێ تانی زانستیێ - فردریک ئنگلز. (وه‌رگێرانی د. محه‌مه‌د سالح جومعه).
١٠٤-رۆلا کار د ڤه گورهاتنا مه‌یمونان دا ژ بوونا مرۆڤان. (وه‌رگێرانی د. محه‌مه‌د سالح جومعه).
١٠٥- ده‌رباره‌ی مافێ نه‌ته‌وان د نیشانکرنا چاره‌نووساخوه ده - لینین.(وه‌رگێرانی د. محه‌مه‌د سالح جومعه).
١٠٦- سێ کانی و سێ پێکهاتنێن مارکستسێ لینین. (وه‌رگێرانی د. محه‌مه‌د سالح جومعه).
١٠٧- ل سه‌ر رێیا ئازادیا کوردستانێ ده د. محه‌مه‌د سالح جومعه.
١٠٨- گۆرانیا ترانهایێ کوردی. وه‌رگێرانی: د. شکریه رسول.
١٠٩- شێوازه بنه‌ره‌تی یه‌کان له هونه‌ری کارانێ دا. وه‌رگێرانی: شاهین کاوێس.
١١٠- جوانی ئافره‌ت و ئارایشتی سروشتی- ژاله عه‌بدوللا.
١١١- چاوه‌کان هه‌میشه چاوه‌کان.... نه‌ژاد عه‌زیز سورمێ.
١١٢- مقالات فی الصحافه الاشوریه... اندریس یوحنا.
١١٣- علیٰ طریق صاحب الجلاله... یعقوب گوگیس یاقو.
١١٤- قراءه فی تجربه مجله کوخا...مارلین أویشا.
١١٥- گلگامش ورحله خلود... بطرس هرمز.
١١٦- مه‌رکانه شکاوه‌کانی جه‌نگ... چنوور نامیق.
١١٧- رێبێژا په‌یامان، ئیبراهیم ره‌سول سورچی.

## چاپکراوی ساڵی ٢٠٠٠

١١٨- تاریخ عینکاوه - عزیز نباتی (تعضید).
١١٩- چوار ده‌وله‌تی کورد- مه‌لا جه‌میل رۆژبه‌یانی.